پێداگۆگیی ئازادی

ئاکارناسی، دیمۆکراسی و، بوێریی جڤاک

پاولۆ فرێری

تەرجەمە لە ئینگلیزییەوە: هاوبەش خالید

کوردستان 2023

PEDAGOGY OF FREEDOM

ETHICS, DEMOCRACY, AND CIVIC COURAGE

PAULO FREIRE

یەکەم وەشانی ئەلیکترۆنی.

31.03.2025

تکایەکی دۆستانە، گەر سەرنج، ڕا، پێشنیاز و، ڕاستکردنەوەی هەڵەی ڕێنووس یا لە هەر جێیەک مەبەستی تەرجەمەکەم نەئەنگاوتووە یا پەیامەکە لێڵە، فیدباکی خۆت بە پەیامێک بەو ئیمەیڵە بۆم بنێرە:

Hawbash.shirin@gmail.com

پێڕست

پاژی یەکەم: بیردانەوەی ناساندن 5
پاژی دووهەم: فێرکردن بەبێ فێربوون نابێت 11
ڕێبازدۆزەکی وردپێوی 14
تۆژینەوە 16
ڕێز لە زانینی فێرخواز بگرە 16
توانستی بوون بە ڕەخنەکار 17
ئاکارناسی و جوانیناسی 18
وشەکان بە میناک گوزارەیان لێ کراوە 19
سەرکێشی، پەسەندکردنی ئەوەی نووە و ڕەتکردنەوەی هەڵاواردن 20
بیردانەوەی ڕەخنەکارانە لەمەڕ کاروبار 21
ناسنامەی فەرهەنگزادە 23
پاژی سێهەم: فێرکاریی تەنێ بارگۆزی زانیار نییە 26
هۆشیاری بێبڕانەوەبەدەریمان 27
پەژراندنی مەرجداری کەسێک 29
ڕێز لە سەرخۆبوونی فێرخوازن بگرە 32
دەرکی باو 33
خاکەڕای، چاوپۆشی و، تەقەلای مافی فێرکاران 36
توانستی تێگەیین لە داکەوت 37
شادی و هیوا 39
گۆڕینی ئاوەر بەرشیانە 41
فێرکاریی پێویستی بە کونجکۆڵییە 46
پاژی چوارەم: فێرکاریی تەکێکی مرۆڤکارانەیە 49
خۆباوەڕی، توانستی پیشەوەرانە و بەخشندەیی 49
پابەندی 51
فێرکاریی وەک شێوەی دەستتێوەردان لە دونیا 52
ئازادیی و سالاری 55
بڕیاردان هۆشیاری و ئاگاییە 57
زانینی چۆنەتیی گوێڕادێران 59
فێرکاریی ئایدیۆلۆژیکارە 66

ئاواڵەیی بەڕووی دایەلۆگدا.. 71
بەتەنگەوەبوونی فێرخوازان 74
پەراوێزی نووسەر.. 77

پاژی یەکەم: بیردانەوەی ناساندن

لە نووسینی ئەم تێکستە خجڵی[1] هەڵدانەوەی دوو پرسم. یەکەم، پرسی ئەوەی چ چێوەی فێرکردن[2] دەکا و بوون بە مامۆستا چییە، دووهەمیش بیردانەوەیەک[3] لەمەڕ کاروباری فێراکارانە[4] لە ڕوانگەی پێشڕەوتەوە[5]. بە پێشڕەوت مەبەستم لە ڕوانگەیەکی وەهایە کۆمەکی سەرخۆبوونی[6] فێرخوازانی لێ بزێت. ئەم مژاری[7] سەرخۆبوونە شیکردنەوەی چەندین جۆری زانیار[8] لەئامێز دەگرێت کە پێم وایە بنجی کاروباری فێرکارانەیە. هەروەها گەر چەند جۆرێکی دی زانیار هەبێت من بیرم چووبێت وەیا بایەخیانم بەرز نەنرخاندبێت، هێڤیمە خوێنەری ڕەخنەکار[9] بکارێ بۆ لیستەکە زیادیان بکات.

ئەوانەی بۆی هەیە ئەم کتێبە بخوێننەوە، دەبا دەراوەکەم ساکار کردبا چون ئەم مژارە وەک مامۆستا خولیای هەمیشەکاتم[10] بوو، چەند ڕووکارێکی[11] ئەمە لێرە مشوماڵ کراون و لە کتێبەکانی پێشووشم باسیان هاتووە. هەرچۆنێک بێت، پێم وەها نییە، ئەو فاکتەی کە لە کتێبێکەوە بۆ کتێبێکی دی دەست ژبۆ ئەم ئاریشانە دەبەم خوێنەر وەڕز بکات، بەتایبەت وەختێک بە شێوەییکی پاتەنەبوو وەرگیراون. لە لانی خۆمەوە، فرەپاتەی خەریکبوون بەم مژارە دەبێت بنەمایانە دەگەڵ ڕەوشی زارەکی وشە نووسراوەکانم یەکانگیر بێت. هەروەها دەبێ هەڤبەند بەو مژارەش بێت کە لێی دەدوێم بۆ ڕێکخستنی ئەو بابەتانەی کونجکۆڵی[12] خۆمی تێدا وەبەرهێنان دەکەم. وە دەشبێت هەڤبەند بەو شتە دیارانە بێ دەگەڵ تشتەکانی دی، کە لە ڕەوتی بیردانەوەمدا نمایان[13] دەبن. بۆ میناک، لەم ڕووەوەیە هەمیس پرسی نەمرانەی[14] تاکی مرۆ دەورووژێنم، پرسی تێچینی بۆ نێو پێڤاژۆیێکی[15] هەمیشەکاتی گەڕان. لەم بەستێنە هەمیس پەیدۆزیی[16] ئاریشەی سافیلکە (ingenuous) و کونجکۆڵی ڕەخنەکار و دۆخی زانیارناسی[17] کۆنجکۆڵ دەکەم. هەروەها لەم لایەنەشەوەیە هەمدیس مکوڕی فێرکردنم (وەیا هەندێکجار بە [شێوەڕێژکردن] ناودێری دەکەم) پتر لە پرسێکە لەمەڕ ڕاهێنانی فێرخوازان تا چاپووک یانژی بەتوان بن. هەروەها شیمانەی ئەوەش هەیە باش ئاماژە بە دڵبەستەی نەگۆڕم بە هەموو شتێکەوە بکەم کە دەبێت بەم شێوەیە وەل ژن و پیاوان ئەنجام بدرێت. پەرۆشی گەڕانەوەم بۆ ئەم بابەتە و هەرجارێک وەها دەکەم، وەک ئەوە وایە یەکەم جارم بێت بەمە شاد بم. لە کۆتادا، نکارم هەڵوەستەی[18] ڕەخنەکاری هەمیشەکات ڕووەو ئەوەی

---

[1] خجڵ = خەریکبوون؛ پێوە ماندووبوون؛ سەرگەرم occupy
[2] فێرکردن = Education
[3] بیردانەوە = Reflection
[4] کاروباری فێراکاری = Educative practice
[5] پێشڕەوت = Progressive
[6] سەرخۆبوون = Autonomy
[7] مژار = Theme
[8] زانیار = Knowledge
[9] ڕەخنەکار = Critical
[10] هەمیشەکات = Permanent
[11] ڕووکار= Aspect
[12] کونجکۆڵی= Curiosity
[13] نمایان = Emerge خویا؛ دەرکەوتن؛ ئاشکرا بوون
[14] نەمر= بێبڕانەوەبەدەر Unfinishedness، بێبڕانەوە unfinished، بڕانەوەی بۆ نییە
[15] پێڤاژۆ= Process، پرۆسە
[16] پەیدۆزی= Explore
[17] زانیارناسی= Epistemological
[18] هەڵوەست= Attitude

پێم وایە هۆکاری نیولیبرالیزمە Neoliberalism دەگەڵ قەدەرایەتی[19] بەدبین[20] و نایاندنی[21] دژواری مافی جوداوازانەی خەونبینین، خەونبین بە یۆتۆپیاوە Utopia وەلا نێم.

هەڤرکیم بە نیولیبرالیزم لە ڕوونکردنەوەی ڕەوایەتی[22] تورەبوونم یارمەتیدەر دەبێت وەختێک لەمەڕ نادادیی[23] سیپاڵفرۆشانی مەحکوومکراوی[24] نێو مرۆڤایەتی دەئاخفم. هەروەها کەماسی تەواوەتی ئارەزۆی هەر خۆنواندنێکی بێلایەنیم ڕوون دەکاتەوە. ئەز لانەگر وەیا بابەتەکی نیم؛ وە ڕامێنی[25] چارەدۆزی فاکت و ڕووداوانیش نیم. ببڕای ببڕیش لایەنگری ئەو ئادگارانە نەبووم کە چەوتانە پێداگری لانەگری وەیا بابەتەکی دەکەن. هەرچۆنێک بێت، ئەمە لە هەڵگرتنی پێگەیێکی هەمیشەیی وردپێوی ئاکارانە نەیدەپاراستم. هەر کەسێک بەڕژدی ڕابمێنی، لە گۆشەنیگایەکی ڕوون و ئاشکراوە هەر وەها دەکات. وە ئەمەش ناچارەکییانە وەها ڕادەنوێنێت پێگەی ڕامێنەکە سەهووە. وەختێک سەهووە بۆ وشکەبڕوا[26] سەر بکێشێت دەربارەی گۆشەنیگای کەسێکی دی و ئەم فاکتە ئافەرۆز دەکا، تەنانەت گەر یەکێک لەمەڕ گۆشەنیگای خۆی ئارخەیانە، واتای ئەوە نادات گۆشەنیگای کەسێک هەردەم ئاکارانە[27] ڕەگاژۆیە.

گۆشەنیگای من هەمان «Wretched of the earth»ی[28] دەرئامێز کراوە. هەرچۆنێک بێت، لەژێر هەر بارێکدا بێ تەکی[29] ترۆرکاری بە مەبەستی پاڵپشتی ئەم گۆشەنیگایە هەرگیز قەبوڵ ناکەم. تەکی وەها مەرگی بێگوناهانی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە پەرتبوونی ناسوودەیی[30] کە کار لە هەمووومان دەکات. تیرۆرایەتی[31] نایاندنی ئەو ئاکارەیە کە من بە ئاکاری هەمەکی[32] مرۆ ناوزەدی دەکەم. ئەز لە بەرەی عارەبانم لە تەقەلایان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانین، لێ نکارم پەسندی کردەی ترۆرکاری لە میونش Munich و هەر شوێنێکی دی بە بێنووی ئەم مافانە بکەم.

دەمەوێت سێرە لە بەرپرسایەتی ئاکارەتی میانەی ڕاهێنانی پیشەکەمان بۆ مامۆستایان بکەم. هەروەها ئەوانەشی نووکە لە ڕەوتی سازوتەیارکردنی خۆیانن بۆ مامۆستایەتی. ئەم کتێبە چووکەیە تینوتاوی هەستی تەواوەتی ماکی ئاکارە کە لە ناخینەی هەموو شێوەکانی کاروباری فێرکارانەیە، بەتایبەتی ئەو کاروبارەی سەر بە سازوتەیارکردنی مامۆستایانە.

سازوتەیارکردنی مامۆستایان نابێ قەت لە شێوەی ڕاهێناندا تێ ببردرێت[33]. بەڵکە، سازوتەیارکردنی مامۆستایان دەبێ بچێتە ئەودیو سازوتەیارکردنی تەکنیککاری مامۆستایان و لە شێوەڕێژکردنی ئاکارەتی هەرتک کەسەکی و مێژوویدا ڕیشاژۆ بێت. بەڵان دەبێت ئەمەش ڕوون بێت من قسە لەمەڕ جۆرێکی سنووورداری ئاکار ناکەم تەنێ پێملی بۆ یاسای قازانج خویا بکات. بەتایبەت، ئاکاری بازاڕ. وەها پێدەچێت هەنووکە ویستێکی هەمەپۆش[34] هەبێت بۆ پەسندکردنی دەرەنجامی هەرەگرینگی شیرازەی دونیای نوو New World Order وەکی سروشتکرد و حەتمیانە. یەکێک لە

---

[19] قەدەرایەتی= Fatalism، قەدەر= Fate

[20] بەدبین = Cynical

[21] نایاندن= Negation، نایەتی= Negative

[22] ڕەوایەتی= Legitimate

[23] نادادی= Injustice، داد= Just

[24] مەحکووم= Condemn

[25] ڕامێن = ئەوکەسەی ڕادەمێنێت Observer

[26] وشکەبڕوا = Dogma، وشکەبڕوایەتی = Dogmatism

[27] ئاکارناسی= Ethics، ئاکارەکی؛ ئاکارەتی Ethical؛ ئەخلاق

[28] wretched of the earth = ناونیشانی کتێبی فرانتز فانونە Frantz Fanon سێرەی لە تاوی مرۆخستنە

[29] تەک = Act، بەرتەک= React تەکدانەوە = Reaction

[30] ناسوودە= Insecurity، ئاسوودە= Security

[31] تیرۆرایەتی= تیرۆریزم Terrorism

[32] هەمەکی= Universal

[33] تێبردن = Reducing

[34] هەمەپۆش= Global، هەمەپۆشاندن= Globalization

قسەکەرانی ئەمدواییەی جەبیرەی (meeting) فرەمیللی[35] ڕێکخراوی ناحکوومی NGOs بۆچوونێکی فرە باوی لەمەڕ جیهانی یەکەم ڕانواند کە زۆر خراوەتە ڕوو، ئەویش بریتییە لەوەی کە منداڵانی جیهانی سێهەم بەدەست سکچوونی بێشوومار دەناڵێنن و نابێت ڕزگار بکرێن چون چارەنووسی[36] ژیانی درێژمان (نەبراوەمان) بە کولەمەرگی[37] و ناڵاندنمان دیاریکراوە.[1] بەڕاشکاوی، من قسە لەسەر ئەو چەشنی ئاکاراناسییە ناکەم. بە پێچەوانە، ئەز قسە لەسەر ئاکارێکی هەمەکی مرۆڤایەتی دەکەم، ئاکارێک لە مەحکوومکردنی[38] ئەو گوتارە[39] ئایدۆلۆژییەی نووکە ڕامنواند، ناپرینگێتەوە. ناپرینگێتەوە لە مەحکوومکردنی بەدبەکاربەری[40] کار و جڵەوگرتن کە واتەوات[41] بە ڕاستی دادەنێت و ڕاستیش بە واتەواتی کەم. بۆ مەحکووم کردنی هەڵبەستنی ساوێران[42] وەها کە سازوتەیارنەکراوەکە ئومێدبڕاوانە بە داوەوە بووە و لاواز و بێبەرگرییەکەش ڕماوە. بۆ مەحکوومکردنی بەڵێنەکان وەختێک کەسێک خاوەن قسەی خۆی نییە (بەڵێنی خۆی ناباتە سەرێ)، بە جۆرێک دەبێتە هۆی ئەوەی درۆ ببێتە تشتێکی ناچارەکی ژیان. بۆ مەحکوومکردنی ناوزڕاندنی کەسایەتی تەنێ بۆ دڵشادی ئەمە و تێکشکاندنی[43] یەکیەتی[44] یۆتۆپیای مرۆڤ. ئەو ئاکارەی باسی دەکەم هەست دەکا بەهۆی بەدرەفتاری ڕیاکاری[45] پەتی دەستەبژێرێکەوە[46] تەفرە دراوە و فەرامۆش کراوە betrayed and neglected، ئاکارێک بە نەژادکاری racial، زایەندی sexual و، هەڵاواردنی چینایەتی کرێت کراوە. لە سۆنگەی[47] ئەم ئاکارەشەوە، کە لە کاروباری فێراکارانە هاوێربەدەرە، دەبێ بخەبتین داخۆ کاری ئێمە دەگەڵ منداڵ، جەوان وەیا گەورەساڵانە.

باشترین ڕێچکەش بۆ خەبتینی ئەم ئاکارە بریتییە لەوەی لە کاروباری فێرکارانەماندا بژین، لە هەڤبەندیمان بە فێرخوازان، لەو شێوازەی مامڵەت دەگەڵ نێوەڕۆکی ئەوەی خەریکین چ فێر دەکەین و، ئەو شێوازەشی پەند وەردەگرین لەو نووسەرانەی هەم دەگەڵیان کۆکین هەم ئەوانەشی ناکۆک. ناتوانین ڕەخنە لە نووسەرێک بگرین تا تەواو لە کارەکەی بەڵەدین. جاروبار پشتبەستن بە ڕەخنایەتی ڕا و سرنج دەربارەی نووسەر کە لە بەرگی کتێبەکە هەڵێکڕاندووە، شەرمەزارییە!

دەگەڵ بیردۆزەیەکی پێداگۆگیی ئاشکرای ئەم یا ئەو نووسەرە کۆک نیم و، بێشک فێرخوازەکانیشم لە ناکۆکییەکی وەها وریا دەکەمەوە. بەڵان ئەوەی لە ڕەخنایەتیم نکارم بیکەم ئەویش ئەوەیە درۆیان لەتەک بکەم. بارهێنانی مامۆستا دەبێ زۆر ئاکارانە ڕەگاژۆ بێت کە هەر کەلێنێک لەنێوان شێوەڕێژی[48] پیشەوەرانە[49] و ئاکارانەیە، بەر نەشتەر درابێت. دەبێ خاکینەی خۆمان بخەینە گەڕ بەڵان لە هەموو ڕووکارێکەوە بەردەوامی بە پیشەی خۆمان بدەین: شێوەڕێژکردنی

---

[35] فرەمیللی = International
[36] چارەنووس = Destiny
[37] کولەمەرگی = نەمرنەژی Misery
[38] مەحکووم = Condemn
[39] گوتار = Discourse
[40] بەدبەکاربەری = خراپبەکاربەری؛ استغلال Exploitation
[41] واتەوات = دەنگۆ؛ قسەلۆک Rumor
[42] ساوێر = وێژەنگ؛ وەهم؛ illusion
[43] تێکشکاندن = Fragmentation
[44] یەکیەتی = Solidarity
[45] ڕیاکاری = Hypocritical ڕووپامایی؛ ڕیابازی؛ دووڕوویی
[46] دەستەبژێر = نوخبە؛ سەرتڵ elitist، دەستەبژێرەتی elitism
[47] لە سۆنگەی = لەبەر خاتری For the sake
[48] شێوەڕێژ = Formation
[49] پیشەوەرانە = Professional، پیشە Profession

زانستکارانه، ئاکارەتی سەرڕاستانە ethical rectitude، ڕێزگرتنی ئەوانی دی، هاوتەریبی[50]، توانستی تێژین و فێربوون لەوەی جوێیە و، توانای هەڤبەند کردن بەوانی دی بەبێ ڕێدانی بەدجەوی ill humor وەیا نارازایەتیمان لە شێوازی هاوسەنگی داوەری فاکتەکانمان وەدی بێت.

ئەمە تەنێ جێی سەرنجی فێرخوازان نییە بگرە پتر بۆ فێرخوازن گرینگە تا دەرکی ئەو جوادایانەی لەنێو مامۆستایان هەس بکەن بەسەر دەرک[51]، لێکدانەوە[52] و، بەرزنرخاندن[53]، هەندێجار جوێبوونی بەرینی ئەو پرس و ئاریشانەی لە فێربوونی ڕەوشی ڕۆژ بە ڕۆژی نێوپۆلدا سەرهەڵدەدەن. هەروەها شتێکی بنەڕەتییە کە فێرخوازان هەست بە ڕێز و دڵسۆزیی مامۆستایەک دەکەن کە شیمانەی ئەوەی هەیە شرۆڤەی پێگەی هاوخەباتێک بکات وەیا بەر ڕەخنە بدات.

دەمدەم، لە ڕەوتی ئەم کتێبە، بۆ ئەم مژارە دەگەڕێمەوە چون ڕەهایانە بە ماکی ئاکارانەی کاروباری فێرکارنە ئاوەرم[54] هێناوە کە تا نهوژی چالاکییەکی تایبەتی مرۆڤکارانەیە.

هەروەها ئەم فاکتەش ڕوونە هەموو وەڵاتێکی سەر ئەم هەسارەیە زێدەتر و زێدەتر بە ئاکارناسی بازاڕ دێتە خەفە[55] بوون، پێم وەهایە ئەوەی دەیکەین بۆ پێشخستنی[56] ئاکارێکی هەمەکی مرۆییانە زۆر کەمە لە چاو ئەوەی دەبا کرابا. دکارین تەنێ جەخت بکەینە سەر خۆمان وەک بابەتگەلی بڕیاردانمان، تێگەڕانمان، توانستمان بۆ هەڵبژاردنی ئەمە وەک بابەتە مێژووکردەکان[57]، هەر وەک چۆن خەڵک لە بارگۆزینی[58] دونیای خۆیان بەتوانان- گەر وەک ئەوەی ئاکارانە ڕەگاژۆ بن. لەم ڕووەوە، بەرشیانی تێپەڕاندنی[59] بنەماگەلی ئاکارانەی خۆمان هەیە و بژاردەیەکە. بەڵان ڕەند[60] نییە و، نکارین پەسندی بکەین.

بۆ بابەتی ئاکارانە بەرشیان نییە بەبێ ناسوودەی هەمیشەکاتی ئەم سەرکێشیە[61] وەیا تەنانەت بژاردەی ئەم تێپەڕاندنە بژییەت. یەکێک لە هەرە زلترین دژوارییەکانی لەمەڕ ئەم ئاکاری ڕەگاژۆیە ئەوەیە هەموو تشتێک لە دەسەڵاتی خۆماندا بکەین بۆ فەراهەم کردنی ئاکارێکی هەمەکی مرۆییانە بێئەوەی لەو دەمدا بکەوینە نێو ڕەوشتایەتی ڕیاکارانە.[62] لە هەمان کاتدا، ئەمە بەشێک لە تەقەلامانە بە شکۆوە[63] ئاکارێکی وەها ڕەت بکەینەوە، بەرگری ئاکاری مرۆ بەڕوونی تەنێ دەمامکی ڕەوشتایەتی زرەدیندارە pharisaical. ببڕای ببڕ ڕێم بە شێواندن[64] وەیا نایاندن[65] نەداوە لەوەتەی ئەم ئاکارە پێشەمە.

کاتێک لەمەڕ ئاکارێکی هەمەکی مرۆییانە دەدوێم، هەرچۆنێک بێت، قسە لەسەر تشتێک دەکەم ڕەهایانە بۆ ژین و دانوستانی جڤاکی مرۆ کارێکی لەپێشینەیە. لە دەربڕینی ئەم ڕایە، لەو دەنگە ڕەخنەکارانە بەئاگام تەنێ بەس لەبەر ئەوەی

---

50 هاوتەریبی = Coherence
51 پەیبردن = comprehension
52 لێکدانەوە = Interpretation
53 بەرزنرخاندن = Appreciation
54 ئاوەر = بڕوا؛ یەقین Convince
55 خەفە = Suffocate
56 پێشخستن = Promote
57 مێژووکرد = Historical
58 بارگۆزین = transform
59 تێپەڕاندن = Transgressing
60 ڕەند = Virtue
61 سەرکێشی = Risk
62 ڕەوشتایەتی ڕیاکارانە = Hypocritical moralism
63 شکۆ = Dignity
64 شێواندن = Distortion
65 نایاندن = Negation، نایەتی negative

نازانن خەڵکی کوێم، بە کەسێکی سافیلکە و ئایدیالیستم idealistic دادەنێن. ئەوەی ڕاستی بێت[66]، باس لە ئاکارێکی هەمەکی مرۆییانە دەکەم بە هەمان شێوازیش باس لە پیشەی[67] هەبوونناسی[68] مرۆڤایەتی دەکەم، کە بانگی هاتنە دەر و ئەودیوی خۆمان دەکات. یانژی باس لە هەبوونی خۆمان وەک شتێکی هەڵبەستراوی جڤاکی و مێژووکردانە نەکوو پێشبینیێکی ساکار. بوونێک کە لە پزدانی[69] مێژوو زاوە بەڵان لە پێڤاژۆی هەڵگرتنی هەندێ سەرنموونەی بنەڕەتی لە خۆیدا وەها بەبێ ئەمە پەژراندنی ئامادەگی مرۆییانەی خۆمان لە دونیا وەک تشتێکی بێهامتا[70] و ڕەسەن، شیانبەدەرە. بە واتایەکی دی، هەبوونمان لە دونیا زۆر پترە لە «بوون». ئەمە «ئامادەگییە»، «ئامادەگییەک» کە هەڤبەندکارە[71] بە دونیا و ئەوانی دی. «ئامادەگییەک» کە لە پەژراندنی ئامادەگییەکی دی وەکی «ئەز نا» پەژراندنی هەرخۆیە/ئەزبینییە. «ئامادەگییەک» بکارێ بەسەر خۆیدا بیر بداتەوە، خۆی وەک ئامادە دەزانێ، بکارێ دەستتێوەردان[72] بکا، سەرگەرمی بارگۆزین بێت، بکارێ لەسەر ئەوەی ڕوودەدات بدوێ، هەروەها بشتوانێ ورد بیر بکاتەوە[73]، بەراوردکاری بکا، هەڵبسەنگێنێ، بەهای پێ بدات، بڕیار بدا، ورد بکا و، خەون ببینێت. ئەمە لە واری بڕیاردان، هەڵسەنگاندن، ئازادیی، ڕەگەڵ وردکردنەوە، بژاردەیە، بە جۆرێک ناچارانە ئاکاری خۆی دەسەپێنێت[74]. لەم لایەنەوە، ڕیشاژۆبوونی ئاکارانە حەتمییە، هەرچەندە تێپەڕاندنەکەی، بەرشیانە. وە تێپەڕاندن خویا دەبێت. ناکرێ وەک بەها جەخت بکرێتەوە هەرچەندە بەری بژاردەیە. بەدیوێکی دیدا، ڕەندی نییە.

لە ڕاستیدا، شتێکی دەرکبەدەر[75] دەبێت گەر ئەو هۆشیاریە[76] ئامادەگییەی لە دونیا هەمە، لە هەمان کاتدا نیشانەی شیانبەدەری[77] پەنامەکیم[78] لە هەڵبەستنی ئەو ئامادەگییە، نەبێت. ئەوەندەی لە ئامادەگیم لە دونیا بەئاگام، ناتوانم بە هەویای دەرباز بوونی بەرپرسایەتی ئاکارانەم بم بۆ تەکدانەوەم لە دونیا. گەر من بەرهەمێکی پەتی جێنەتیک، فەرهەنگزادە، وەیا ناچارەتی[79] چینایەتی بم، ئەمن چ بەرپرساتیەکم بۆ تەکم لە دونیا نییە و، هەربۆیەش بۆم بەرشیان نییە لەسەر ئاکارناسی باخفم. بێشک، ئەم گریمانەیەی[80] بەرپرسایەتی واتای ئەوە نادا ئێمە جێنەتیکانە، فەرهەنگزادە و، جڤاکانە مەرجدار کراوین. بەڵکە واتای ئەوەیە کە ئێمە دەزانین *مەرجدار کراوین لێ لە چارەمان نەنووسراوە conditioned but no determined*. واتا پەژراندنی مێژوو بە پێی کات پڕە لە بەرشیانی نەک وەکی شتێکی حەتمی دیاریکرا بێت کە ئایەندە *سەختگیرە*[81] و پێشتر بڕیار و قەدەرایەتی[82] لێنەدراوە.

---

[66] ئەوەی ڕاستی بێت = In truth گەر بڵێین لە ڕاستیشدا چ گرفت ساز نابێت.

[67] پیشە = Vocation

[68] هەبوونناسی = Ontological

[69] پزدان = زگ؛ سک؛ ئاشک؛ هوور Womb

[70] بێهامتا = بێهاوتا Singular

[71] هەڤبەندکار = Relational

[72] دەستتێوەردان = Intervene

[73] ورد بیرکردنەوە = Take stock of

[74] سەپاندن = فەرز کردن Impose

[75] دەرکبەدەر = ئیمکانی دەرکبوونی نییە Incomprehensible

[76] هۆشیاری = Awareness

[77] شیانبەدەر = Impossible، بەرشیان Possible

[78] پەنامەکی = پێوار؛ نادیار؛ غایب Absent

[79] ناچارەتی = Determination

[80] گریمانە = Assumption

[81] سەختگیر = Problematic، ئاسانگیر = Unproblematic

[82] قەدەر = Fate، قەدەرایەتی fatalistically

هەروەها دەبێ جەخت لەوەش بکەمەوە ئەم کتێبە دەربارەی هیوا و گەشبیرییە[83]، نەک زرەگەشبیری false optimism یا ئاسنی سارد بکوتین. بێگوومان، خەڵکی دەڵێن، بە لەئامێز گرتنی هەندێ لەو چەپانەی کە بۆ ئەمان ئایەندە کرۆکی سەختگیری خۆی لەدەست داوە و نهوژی ئەم گەشبیری و هیوایەی من چ نین جگە لە زرەخەونی[84] خەونبینێکی کۆنینە.

زویر نیم لەوانەی ڕەشبیرن[85]. لێ بەداخم چون بە دیدی من پێگەی خۆیان لە مێژوودا بزر کردووە. دەورمان تژی لە قەدەرایەتییە. ئایدۆلۆژیایێکی ڕێگر[86] لە قەدەرایەتی، دەگەڵ کردارەتی پاشەنوێگەری[87] نەسرەوت، پێداگری ئەوەیە نکارین گۆڕانکاری لە ئاپۆرای جڤاک-مێژووکرد[88] و فەرهەنگزادەی داکەوتدا[89] بکەین چون بەهەمەحاڵ دونیا هەر ئەمەیە. شانەسکی بەهێزی هاوچەرخی ئەم قەدەرایەتییە، نیولیبراڵیزمە neoliberalism. بەمە، گەیشتووینە ئەو بڕوایەی کە بێکاری گەلێر لەم تای تەرازو هەمەپۆشە، بێئەملاولا کۆتای ئەم سەدەیە. لە دیدگای[90] ئایدۆلۆژیی وەها تەنێ یەک ڕێگەچارەمان لەبەردەمە هەتا کاروباری فێرکارانە کرۆکی باسە، ئەویش: سازاندنی[91] فێرخوازان بەوەی حەتمییە، ئەوەشی نایەتە گۆڕین. لەم ڕوانگەوە، ئەوەی بنەڕەتییە، ڕاهێنانی تەکنیککارییە، بۆ ئەوەی فێرخوازان خۆیان بسازێن و، ئەوجا زیندوو بمێنن. ئەو کتێبە، هەنووکە پێشکەشی ئەوانە دەکەم بەندەواری ئەم مژارەن، بڕیاری «نا»یە بۆ ئایدۆلۆژیایێک هەم مرۆڤایەتیمان شەرمەزار[92] دەکا هەم نکوولیشی[93] لێ دەکات.

لە کۆتادا، با بێژم ئەمە داوا و هیوای چیت لێ دەخوازێت: ئەوەی تۆ خۆتی پێ دەدەیت ڕەخنەکاری و لەگەڵ ئەوپەڕی فرەواندنی کونجکۆڵییە.

[83] هیوا و گەشبیری = Hope and optimism
[84] زرەخەونی = Daydream
[85] ڕەشبیری = Pessimistically
[86] ڕێگر = Immobilizing بەربەست
[87] کردارەتی پاشەنوێگەری = postmodern pragmatism
[88] جڤاک-مێژووکرد = Social-historical
[89] داکەوت = Reality
[90] دیدگا = Standpoint
[91] سازاندن = Adapt
[92] شەرمەزار = Humiliate
[93] نکوولی = Deny

پاژی دووهەم: فێرکردن بەبێ فێربوون نابێت

هەروەها شامەبەستم لەو کتێبە ڕوانینە لە جۆری زانیاری ئەو فێرکارانەی پێیان وەهایە ڕەخنەکاری پێشڕەوت بن، ئەو جۆرە زانیارەی کە ئەم فێرکارانە وەها ڕادەنوێنن کۆنەوار[94] بن. لێرە ئاماژە بۆ ئەو جۆرە زانیارە دەکەم کە زگماکانە سەر بە کاروباری فێرکارانەیە، جا باوەڕی سیاسی فێرکارەکە هەرچییەک بێت.

کە خوێنەر ئاشنای پاژەکان دەبێت دکارێ بڕیار بدا داخۆ ئەم زانیارەی باسی دەکەم پاژێکی پێشڕەوتە یاخۆ کاروباری فێرکارانەی کۆنەوارە وەیا داوایەکی خۆماکی[95] کردەکی فێرکارانە خۆیەتی، سیاسی سەربەخۆیە یانژی ئایدۆلۆژیی فەرەڕەنگە. لە نووسینی پێشوو، ئاماژەم بە ڕووکاری فرەجۆری ئەو زانیارییە دا، نەک بە شێوازێکی سیستەمبەند[96].

هەربۆیە، بۆم ڕەوایە[97] لە بەستێنی سازوتەیارکردنی مامۆستایان و کاروباری فێرکارانەی ڕەخنەکار بەردەوامی بەو جۆری بیردانەوەیە بدەم.

سا با نموونەیەک وەربگرین، ئەویش میناکی ئاشلێنان. ئاش شیمانەی جۆری دیاری زانیار پەیوەست بە دەکار هێنانی تەباخی ئاش دەکات. چۆن دایگرسێنیت. چۆن گڕەکەی زیاد و کز بکەیت. چۆن مامەڵەت دەگەڵ (بەرشیانی) ئاوردا بکەیت. چۆن پێکهاتەکان بە هاوبەشی و تامێکی تێکەڵی هاوسەنگ ڕابگریت. بە کردەکی، تازەهاتووانی ئاشپەزخانە هێندێ لەو شتانەی پێشوو دەیانزانی دەچەسپێنن، ئەوانەی تێیدا باش نین ڕاستیان دەکەنەوە و، بەرەبەرە شێوازێک دەدۆزنەوە تا ببنە ئاشپەز. کاری بەلەمەوانی پێدڤی بە هێندێ زانیارە لەمەڕ کۆنترۆڵ کردنی بەلەم، ئەو پارچانەی لێی چێکراوە و، کارکردی[98] هەر یەکێکیان. وێڕای ئەمەش، پێویستی بە توانای پێوانە و کێشانە و لێکدانەوەی هێز و ئاڕاستەی بایە، بۆ بڕیاردان لە کارلێکی نێوان با و بەلەم و، خۆیان ئاڕاستەی بەلەمەکە دیاری بکەن. هەروەها پێویستیشی بە هێندێ زانیار دەربارەی مەکینە[99] و هەڤبەندی نێوانیان و بەلەمەکەیە. وە لە کردەی بەلەمەوانیش، ئەم هەموو زانیارە یا چەسپێنراوە، گوونجێندراوە، وەیا فرە کراوە.

بیردانەوەی ڕەخنەکار لە کردەکی پێویستی بە هەڤبەندی نێوان بیردۆزە[100] و کردەکییە. دەنا بیردۆزە شتێکی هاتەران-پاتەرانە[101] و، کاروباریش چالاکەتی ڕووت.

با بگەڕێمەوە سەر ئەوەی لێرە بۆ خۆییم کەمەندکێش دەکات. گەرەکمە سێرە و شەنوکەوی هێندێ لەو جۆری زانیارانەی بنەڕەتین بۆ ئەو شتەی بە کاروباری فێرکارانەی ڕەخنەکار «وەیا پێشڕەوت» ناوزەدی دەکەم، بکەم و، ژبەرهێندێ، دەبێ وەک بنجی سازوتەیارکردنی نێو ڕشتەی مامۆستایان جەخت بکرێتەوە. بنجی بەردەرک و بەردیدە. جۆرە سەرەتاکانی ئەم زانیارە، لە دەستپێکدا بۆ مامۆستا لەپێشینەن (ئەمە بۆ ئەو مامۆستایەی وەها جەخت دەکاتە سەر خۆی وەک ئەوەی بڵێی نوێنەری بەرهەمهێنی زانیارە)، بە شێوەیەک فێرکردن *بارگۆزی زانیار نییە* بەڵکە چێکردنی بەرشیانی بەرهەمهێنان وەیا هەڵبەستنی زانیارە.

---

[94] کۆنەوار = Conservative

[95] خۆماک = Intrinsic

[96] سیستەمبەند = Systematic

[97] ڕەوا = Legitimate

[98] کارکرد = Function

[99] مەکینە = بزوێن؛ مۆتۆر Motor

[100] بیردۆز = Theory، بیردۆزەکی theorist، بیردۆزانە theoretic, theoretical، بیردۆزاندن theorization

[101] هاتەران-پاتەران = قسەی بێمانا و هیچوپووچ؛ هەڵیتوپەڵیت؛ قسەی بەلاش؛ قسەی پووچ Blah, blah, blah

گەر لە ماوەی دەمی فێراکاریمدا، بە هەر کلۆجێک بێت یەکبین بێت، دەگەمە ئەو باوەڕەی بەوەی مامۆستاکەم «بکەری»[102] هەڤبەند بەو کەسەی خۆم وەک «بەرکار»[103] جەخت دەکەمەوە (بە مانایەکی دی، مامۆستا بکەری چێوەکردنی منە، ئەز ژی، بەرکار بەهۆی ئەمەوە چێوە کراوم)، ئەوجا خۆم دەخەمە ڕۆڵی سستی یەکێک کە چەندایەتی زانیاری کەڵەکەکراو وەردەگرێت، بە هۆی «بکەرێکەوە» بۆم بارگۆز کراوە کە «دەیزانێت!». بەو شێوەیە تێژین و تێگەین لە پێڤاژۆی فێرکارانەم، ئەز وەک «بەرکار»، لە نۆرەی مندا دەبێتە «بکەری» سەهوو، بەرپرس لە بەرهەمهێنانی بەرکاری پتر. هەربۆیە گرینگە لە سەرشاری[104] ئەم پێڤاژۆیە، بنەمای دوای ئەمە ڕوون بێت: بەتایبەت، مامۆستا و فێرخواز کتومت وەک یەکدی نین، ئەو کەسەی بەرپرسی فێرکارییە دەبێ وەها چێوە کرابێت یا چێوە بکرێ وەک ئەوەی بڵێی وانە دەڵێتەوە و، ئەوەشی لەم پێڤاژۆیەدا وانەی پێ دەگوترێت خۆی چێوە دەکات. لەمەوە فێرکردن بارگۆزی زانیار وەیا نێوەڕۆک[105] نییە! وە تەکێکی وەهاش نییە وەک چێکەری بابەت، شکڵ، شێواز (ستایل)، وەیا گیان بەبەر کەسێکی قەلەق[106] و جەستەیەکی بەخۆنازدا[107] بکات. فاکتێک هەیە، چ فێرکردن بەبێ فێربوون نییە. هەر یەکەو داوای ئەوی دی دەکا. وە خۆیەکی هەر یەکێکیان، بێجگە لە جیاوازی بەرچاویان، ناکرێ بە ڕەوشی بابەتەکی گۆش کرابێت. ئەوەی لە تەکی فێرکردندا فێر دەکا فێریش دەبێت، ئەوەشی لە تەکی فێربووندا فێر دەبێ، فێریش دەکات! لە گۆشەنیگای ڕێزمانکاریش[108]، کاری[109] فێرکردن، کارێکی «تێپەڕی-هەڤبەندە transitive-relative»، کارێکە پێویستی بە بەرکارێکی ڕاستەوخۆیە «شتێک» و بەرکارێکی تیان[110] «کەسێک». لەمەوە، فێرکردن، واتا کەسێک فێری شتێک بکەیت. بەڵان فێرکردن لە کاری تێپەڕی-هەڤبەندا زۆر زێدەترە. وە ئەمەش ڕوونە نە تەنێ لە بەستێنی بیری دیمۆکراتی ئەو پێگەیەی هەمە بەڵکە لەو دیدە میتاڤیزیکیەش کە دەرکم لە پێڤاژۆی زاناندن (مەعریفە) ڕەگاژۆیە. بە مانایەکی دی، بە سانایی «فێرکردن» لە بەستێنی ناکۆتای مێژووکردی مرۆڤدا بەرشیان نییە. جڤاکانە و مێژووکردانە، ئەوە دۆزەوەی ژن و پیاوان بوو لە پێڤاژۆی فێربووندا، فێرکردنی بەرشیان کرد (و دەکات). بە فێربوون لە بەستێنە جڤاکییەکانی درێژایی کات، خەڵکی گەیشتن بەوەی فراژووتنی[111] شێواز، ڕێچکە و، ڕێبازەکانی[112] فێرکردن بەرشیانە. بە فێربوون، ئەوجا لۆجیکانە سەر بۆ فێرکردن دەکێشێت. بە واتایەکی دی، فێرکردن پاژی بنگەیی فێربوونە. تا ئاستی وەها ڕاستە دڕدۆنگ نیم بێژم چ فێرکردنی ڕەوا[113] نییە لەوەی شتێکی فێربوو خویا نابێت و لەوەش فێرخوازەکە دەستپاچە بێ لە چێکردنەوە و ئافراندنەوەی ئەوەی بیری لێکراوەتەوە. لە کرۆکدا، کەس فێر نابێت گەر فێرکردن لە ئەزموونەکی[114] فێربووندا نمایان نەبێت.

---

[102] خۆیەکی = Subject زات

[103] بابەتەکی = Object مەوزوع

[104] سەرشار = دەراو؛ دەستپێک؛ سەرەتا

[105] نێوەڕۆک = Content

[106] قەلەق = نەتوان؛ ڕاڕا؛ دڕدۆنگ؛ دوودڵ indecisive

[107] بەخۆناز = Complacent ڕەزامەند؛ لەخۆڕازی؛ لەخۆبایی

[108] ڕێزمانکاری = Grammatical

[109] کار = Verb

[110] تیان = ناڕاستەوخۆ Indirect

[111] فراژووتن = Develop

[112] ڕێباز = Method، ڕێبازەکی = methodical، ڕێبازدۆزی = methodology، ڕێبازدۆزەکی، ڕێبازدۆزانە = methodological

[113] ڕەوا = لواو؛ برەودار Valid

[114] ئەزموونەکی = Experience

وەختێک ئێمە ژینی خۆمان دەژین بەو دروستایەتیەی[115] کردەکیانە داوایە، فێرکردن فێربوونە و هەروەها فێربوونیش فێرکردنە، ئێمە بەشداری لە ئەزموونەکی تەواوەتیدا دەکەین کە هاوکات دەستوور[116]، ڕامیاریی، ئایدۆلۆژیی، زانین[117]، پێداگۆگیی، جوانیناسی[118] و ئاکارەتیشە. لەم ئەزموونەدا جوانی، ژیری و، عەسسە[119] چێوەی بازنەیەکی دەست لەنێو دەست دەکەن.

بەپێی کات، لە دەمی کرپدا[120] کاتێک وەها پێدەچێت خۆم ون کردبێت، ناجێگیر و، دابڕابم، بیردانەوە لەو شێوازەی ژن و پیاوانی تێدان و بۆ «فێربوون بەرنامەڕێژکراون»[121] دەکەم.

لە ڕاگواستەکانی Francois Jacob[2]

بە واتایەکی دی، ئەو پێڤاژۆی فێربوونەی مێژووکردانە دۆزیومانەتەوە فێرکردن ئەرکە نەک تەنێ ڕەمەکی پێڤاژۆی فێربوونە بەڵکە بەهۆی ئەمیشەوە مۆرکێندراوە[122] و دکارێ ئافراندنی هەڵکشانی هەموودەمی کونجکۆڵی لە فێرخوازدا دەست پێبکات. ئەوەی گەرەکمە بیڵێم، ئەمەیە: یەکێک چەندی زیادتر ڕەخنەکارانە ڕاهێنان بە توانستی فێربوونی دەدات، توانستی هەڵبەستن و فراژووتنی ئەوەی بە «کونجکۆڵی زانیارناس»[3] ناودێری دەکەم مەزنترە، بەبێ ئەمە وەدیهێنانی سەرەدەری[123] سەرپاکی[124] بابەتەکی زانیارمان بەرشیان نییە.
ئەم تێگەیشتنە لە کونجکۆڵی زانیارناس، لە لایەک دەمانگەیەنێت بە ڕەخنە و ڕەت کردنەوەی «سیستەمی بانکی»[125]ی فێرکاریی[4] و، لە لایەکی دی تێگەیشتنێکی وەها کاتێک بەم سیستەمە ڕامکراوە، چێوەگۆڕی[126] ئافرێنەری هەرتک فێرخواز و مامۆستایە، فێرخوازانیش ناچارانە بە داوەستان[127] قەدەر نەکراون. نەک ژبەر ئەم «فێرکردنە»ی بەهرەگیری بوونە بەڵکە ژبەر پێڤاژۆی فێربوون خۆی، فێرخوازان دکارن بەسەر سالارپەرستایەتی [128] و چەوتزانیارناسی[129] ئەم سیستەمە بانکییە سەر بکەون و ڕێبەستی بکەن.
ئەوەی گرینگە فێرخوازان بوونەتە خۆیەکی کردەکی[130] سیستەمی بانکی، زیندوو هێشتنی گڕی بەرهەڵستکاری کە کونجکۆڵی و ئەنگیزەیان[131] بۆ توانستی سەرکێشی، جەربەزەیی[132] تیژ دەکا تا خۆیان لە سیستەمی بانکی بپارێزن.

---

[115] دروستایەتی = ڕەسەنایەتی Authenticity
[116] دەستوور = Directive
[117] زانین = Gnostic
[118] جوانیناسی = Aesthetic
[119] عەسسە = جدی؛ جیددی Serious
[120] کرپ = بێدەنگی؛ خامۆشی Silence
[121] بەرنامەڕێژکراون = Programmed
[122] مۆرکێندراو = Characterized
[123] سەرەدەر = Grasp
[124] سەرپاک = Complete
[125] سیستەمی بانکی = Banking system
[126] چێوەگۆڕ = شێوەگۆڕ Deformation
[127] داوەستان = Stagnate
[128] سالاری = Authority، سالارەتی = authoritative سالارپەرستایەتی = authoritarianism
[129] چەوتزانیارناس = Epistemological error
[130] کردەکی = Praxis
[131] ئەنگیزە = Stimulate
[132] جەربەزەی = Adventure

لەمەوە، تەوژمی ئافرێنەری پێڤاژۆی فێربوون، بەراوردکاری، پاتەکردنەوە، نۆڕین، زاتی گومانکاری و، کونجکۆڵی هاسان قایلنەکراو لەخۆ دەگرێت، بەسەر تاوی نایەتی فێرکردنی چەوتدا سەر دەکەوێت. ئەم توانستی سەرکێشان بۆ ئەودیو فاکتەرەکانی مەرجداری یەکێکە لە بەرژەوەندە[133] ڕوونەکانی مرۆڤ. بێگوومان، ئەم توانستە واتای ئەوە نادات کە ئەمە باسی بێباکییە[134] بۆ مە داخۆ دەبینە فێرکارێکی «سیستەمی بانکی» وەیا دەوری یەکێک بنجی «کێشەڕێژە»[135]، بۆ بە کار هێنانی توانای ڕەخنەکاری.

ڕێبازدۆزەکی وردپێوی

ئەو فێرکارەی دونیابینی یان نەرینێکی دیمۆکراتی هەیە نکارێ لە کاری وانەگوتنەوەیدا خۆی لە پێداگری توانستی ڕەخنەکاری، کونجکۆڵی و، سەرخۆبوونی فێرخوازن ببوێرێت[136]. یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی پێڤاژۆی فێرکردن ئاشناکردنی فێرخوازانە بە ڕێبازدۆزەکی تەکووز[137] بەوەی دەبێ بەر پێڤاژۆی فێربوون بکەون کە بابەتەکانی فێربوون، بەرزانینن[138]. وە ئەم ڕێبازبەندە تەکووزە چ مامەڵەتی دەگەڵ گوتاری «سیستەمی بانکی»یدا نییە، چێتێکی وەها بە کەمی دەست بۆ ڕووی بابەت وەیا نێوەڕۆکەکەی دەبات. بە تەواوەتی لەمەوەیە فێرکردن بە پێوەندییەکی سەرڤەیی وەیا دەرماک[139] بەو بابەتە وەیا نێوەڕۆکەکەی تێنابردرێت بەڵکە ڕووەو بەرهەمهێنانی ئەو دۆخانەی فێربوونی ڕەخنەکاری تێدا بەرشیانە، فرەوان دەبێت. ئەم دۆخانە پێشنیاز و داوای ئامادەگی فێربوون و فێرکردنی هاوزەمان[140] لە بەستێنی ڕێبازدۆزەکی وردپێوانەی کونجکۆڵی پەرێشان بە پەیدۆزیی سنوورەکانی ئافرێنەری، مکوڕ لە گەڕان و، خاکینەی بوێرانەی[141] ئەو جەربەزەیە، دەکات. لەم دۆخانەدا، ئەوانەی لە فێربوونی ڕەخنەکاردا بەشدارن دەزانن مامۆستاکانیان بە بەردەوامی لە پێڤاژۆی بەهرەوەربوونی[142] زانیاری نوێدان و ئەم زانیارە نوێیانە ناکرێ بۆ ئەمان، فێرخوازەکان بارگۆز بکرێت. لە هەمان کاتدا، لە بەستێنی فێربوونی ڕاستەقینە، فێرخوازان لە بارگۆزینی بەردەوامدان بەوەی دەبنە بابەتی ڕاستینەی هەڵبەستن و هەڵبەستنەوەی[143] کرۆکی وانەکە، شانبەشانی مامۆستا، کە ئەمیش بە هەمان ئەندازە بەرتاوی هەمان پێڤاژۆیە. تەنێ بەم شێوازە دکارین ڕاستیانە بئاخفین لەمەڕ فێرکردنی زانیار، ئەوەی تێیدا سەرەدری دەکرێت لە کرۆکی ئەوەی دێتە فێرکردن و بەو جۆرە لای فێرخوازان دێتە فێربوون.

ئەوها ئەوە ڕۆشن دەبێت کە ڕۆڵی فێرکار یەکێکە لە هەبوونەکی ئارامی دڵنیا بە ڕەچاو گرتنی فێرکردن نەک تەنێ نێوەڕۆکەکان بگرە هی «دروست بیرکردنەوە»ژی[144]. بەم شێوەیە، ئەوە خویا دەبێ فێرکار هەرگیز فراژووتن بە ڕوانگەیەکی «ڕەخنەکار»ی دروست نادا وەک مامۆستا بە ڕێدانی لە بیرچەسپی کۆچەرخانە[145] وەیا فرەپاتکردنەوەی

---

[133] بەرژەوەندی = Advantage

[134] بێباکی = Indifference

[135] کێشەڕێژ = Problematize دارشتنی کێشەیەک یان دیاردەیەک لە شێوەی کێشەدا، ئەم چەمکە بە زۆری لە بواری زانستی و توێژینەوەدا بەکار دێت.

[136] بواردن = Avoid

[137] تەکووز = Exactitude بێکێماسی؛ تەواو و بێغەوش

[138] بەرزانین = Knowable

[139] دەرماک = Externalized دەرەکی

[140] هاوزەمان = Simultaneously

[141] بوێر = Courage

[142] بەهرەوەربوون = Acquire

[143] هەڵبەستن و هەڵبەستنەوەی= construction and reconstruction

[144] دروست بیرکردنەوە = Correct thinking

[145] بیرچەسپی کۆچەرخ = Mechanical memorization

هاوئاوازانەی[146] بیرۆکە و دەستەواژەکانی سەر حسێبی بەرۆکگیری ئافرێنەرانە. بیرمەندان ئەوانەی هەموو شتێک بیرچەسپ دەکەن، خوێندنەوەی چەند کاتژمیری لەسەریەک، دیلی تێکستەکەن، لە پڕکێشیی دەترسن، وەها قسان دەکەن هەر دەڵێی بیرەوەری خۆیان دەگێڕنەوە، لە چێکردنی پێوەندییەکی بەرهەست[147] لەنێوان ئەوەی خوێندوویانەتەوە و ئەوەشی لە دونیا، لە گوند وەیا لە جڤاتی[148] خۆجێییدا دەچەرخێت، شکەست دێنن. کتومت ئەوەی خوێندوویانەتەوە پاتەی دەکەنەوە بەڵان بە دەگمەنیش چ لەمەڕ سەنگی تاک باس ناکەن. بە دروستی باسی بیری دیالێکتی دەکەن لێ کۆچەرخانە بیر دەکەنەوە. ئەو مامۆستایانە لە دونیایەکی نموونایەتیدا ئاکەنجین، دونیایەک بە کەمترین داتا، دابڕاو لەو دونیایەی ئەغڵەب خەڵکی تێدا ئاکەنجین.

خوێندنەوەی ڕەخنەکارانە بەرشیان نییە گەر یەکێک خوێندنەوە وەکی ئۆپێراسیۆنی هاوشێوەی فرەکڕین[149] تەماشا بکات. لافوگەزافی خوێندنەوەی بیست-بیستی کتێبان چییە! داکەوتی خوێندنەوەی کتێب جۆرە هەڤبەندییەک بە تێکستەکە لەخۆ دەگرێت، خۆی و ئەوەی دەیدەمە خۆم و بە دەرکی بنەڕەتی ئەو پێڤاژۆییەی پێیدا تێدەپەڕم بۆ بوون بە خۆیەکی پێشکەش دەکات. لە دەمی خوێندنەوەدا، بەندی ئاوەزی تێکستەکە نیم وەکی ئەوەی دەبا ساکارانە بەرهەمی نووسەرەکەی بێت. ئەمە چێوەیەکی ناچوستی خوێندنەوە نییە وەها چ پەیوەستی بە بیرکردنەوە وەیا فێرکردنی دروست ژی نییە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو کەسەی دروست بیر دەکاتەوە تەنانەت ئەو کاتانەشی چەوت بیردەکاتەوە، تاکە کەسە بکارێ بیر لە فێرکردنی دروست بکاتەوە. یەک لە مەرجەکانی دروست بیرکردنەوە بریتییە لە توانستی زێدەڕۆیی نەکردن لە ئاوەرهێنان بە باوەڕەکانی خۆ. بە هێند وەرگرتنی پێویستبوونی پاکییەکی بێگەردی[150] سەرلەبەری ئاکارانە، بە تەواوی لە پیوریتانیزم Puritanism جودایە (بە مانایەکی دی، ئاکارێکی پاک کە جوانی دادەڕێژێت)، دروست بیرکردنەوە وەل لووتبەرزیی لەخۆبایی[151] ناسازە.

ئەو مامۆستایەی بە دروستی بیر دەکاتەوە جوانی شێوازی هەبوونمان لە دونیا بۆ فێرخوازان بارگوز دەکا وەک بوونەوەری مێژووکرد، بەتوانا لە دەستتێوەردان[152] و زانینی ئەم دونیایە. مێژووکرد وەکی ئەوەی هەین، زانیاری ئەم دونیایەمان ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە. وێڕای ئەمەش، زانین و زانیارمان بارگۆز دەکا وەک بەری دیرۆکەتی[153]. وە ئەم زانیارییەش، کاتێک نوێتر بەرهەمهاتووە، جێی ئەوەی پێشوو نوو بوو بەڵان ئێستا کۆن بووە دەگرێتەوە و بە هاتنی گزینگێکی نوو[5] دێتە تێپەڕاندن. هەربۆیە، ناچارین لە زانیاری هەوێڵدا[154] قووڵ ببینەوە وەکی سنووروواڵایی و بەتوانا لە بەرهەمهێنانی شتێک تا نهوژی نییە. وە ئەم دوو ساتەی پێڤاژۆی زانیارناس دەستاوێژی فێرکردن، فێربوون و، تۆژینەوەن. ساتی یەکەم، ئەو زانیارەی پێشوو هەبووە هاتۆتە فێرکردن و فێربوون و، ئەوی دیش کە بەرهەمهێنانی ئەوە شتەیە کە تا نهوژی نەزانراوە، بابەتەکی تۆژینەوەیە. بەو شێوەیە، پێڤاژۆی فێرکردن-فێربوون دەگەڵ تۆژینەوە پێکەوە، بنج و ڕووکاری لەپێشینەی ڕەوتی زانینن.

---

[146] هاوئاواز = Rhythmic
[147] بەرهەست = Concrete
[148] جڤات = community
[149] فرەکڕین = buying in bulk
[150] بێگەرد = Rigorous
[151] لووتبەرزیی لەخۆبایی = Self-conceited arrogance
[152] دەستتێوەردان = Intervening
[153] بەری دیرۆکەتی = fruit of historicity
[154] هەوێڵ = حازر؛ مەوجود؛ هەنووکە؛ ئێستە Actual, current

تۆژینەوە

جارێکی دیش، شتێکی وەها نییە وەکوو فێرکردن بەبێ تۆژینە وە تۆژینەوەش بەبێ فێرکردن.[6] هەریەکەو ئەوی دی لەخۆ دەگرێت. وەختێک سەرگەرمی فێرکردنم، لە گەڕان و تۆژینەوە بەردەوامم. فێر دەکەم لەبەر ئەوەی خجلّی گەڕانم، پرسن و، خۆبەرپرسیاردانم. تۆژینەوە دەکەم چونکێ سەرنجی شتان دەدەم، درکیان دەکەم. وە لە کاری وەهادا، دەستتێوەردان دەکەم. وە بە دەستتێوەردانیش، خۆم بار دێنم. تۆژینەوە دەکەم بزانم تا نەهوژی چ نازانم و بئاخفم و ئەوەی دەیدۆزمەوە، بەیانی[155] بکەم.

دروست بیرکردنەوە لە هەلومەرجی ڕەخنەکارانەدا، داوایەکە بە هاوئاوازی ڕەوتی زانینی کونجکۆڵیمان سەپێندراوە، وەکی ئەوەی ببێتە ڕێبازدۆزەکی بێگەردی پتر، پێشقەچوون لە هۆشمەندییەوە ڕووەو ئەوەی بە «زانیارناسی کونجکۆڵ» ناودێرم کردووە. کونجکۆڵی ساکار، کە ئەنجامەکانی بێ شک، جۆری دیاری زانیارە (تەنانەت گەر ڕێبازدۆزەکی بێگەردانەش نەبێت) ئەو شتەیە کە زانینی «دەرکی باو»[156] دەمۆرکێنێت. ئەو زانیارە زادەی ئەزموونێکی پاکە. بە دروست بیرکردنەوە لە دیدی مامۆستاوە، پێشنیازی ڕێز بۆ زانینی «دەرکی باو» دەکا کە لە «دەرکی باو» بۆ پلەی هەرە باڵای دێتە پێشقەچوون. هەروەها پێشنیازی ڕێز و ئەنگیزە بۆ توانستی ئافرێنەری فێرخواز دەکات. پێشنیازی پتری پابەندی[157] هەرتک مامۆستا و فێرکاران دەکا کە ڕێز[158] لە ئاگایی[159] ڕەخنەکاری فێرخوازەکە بگرن لەو زانیارەی کە ئاگایی ساکاری فێرخوازەکە خۆکارانە[160] نایەتە بەرزاڵبوون.

ڕێز لە زانینی فێرخواز بگرە

لەبەر ئەم هۆیە، دروست بیرکردنەوە بەرپرسایەتی دەخاتە سەرشانی مامۆستا، وەیا دروستی پتر بەسەر فێرگەدا، نەک تەنێ ڕێز لە جۆرەکانی زانیاری هەبوو بگرێ بەتایبەتی لەنێو پۆلە-زانیارە هاوجۆرەکان ئەوانەی جڤاکانە هاتوونە هەڵبەست لە کردەکی کۆمیونتاریانەدا بەڵکە (وەک ئەوەی سی ساڵە دەڵێم) لەگەڵ فێرخوازان لۆژیکی جۆری ئەو زانیارییانەی هەڤبەند بە نێوەڕۆکەکانیانن، مشوماڵ بکرێت.

بۆ میناک، بۆ کەڵک لە ئەزموونی ژیانی فێرخوازی بەشە وێڵکراوەکانی شار لەلایەن سالارانەوە وەرناگیرێت بۆ شەنوکەوی پیسی ڕووباران و پرسیار لە بێدەرامەتی و مەترسی تەنسازیی خاشاکی زبڵدانی ئەو ناوچانە ناکرێت؟ بۆ لە جەرگەی ناوچە دەوڵەمەندنشینەکانی شاردا هیچ خاشاکێکی لێ نییە؟ ئەم پرسە بە «ئەزموونی تاڵ» جەخت کراوەتەوە. دێماگۆگی پەتی. ئەغڵەب یاخی، بلّێ بەرگریکارانی دیمۆکراسی.

بۆ وەل[161] فێرخوازان مشتوماڵی بەرهەستی داکەوتی ژین و دڕی داکەوتیان ناکەیت داخۆ کام زەبروزەنگ هەمیشەکاتە و لە کوێ خەڵکی زیادتر بە مەرگ بەڵەدن تا ژیان؟ بۆ پێیوەندییەکی نێزیکایەتی لەنێوان زانیاری چڕکراوە وەکی بنجی پلانی فێرکاریی[162] هەر فێرگەیەک و ئەو زانیارەی بەرهەمی ئەزموونی ژینی هەر یەک لەو فێرخوازانەیە وەک تاک،

---

[155] بەیان = جاڕدان؛ ڕاگەیاندن Proclaim
[156] دەرکی باو = Common sense
[157] پابەندی = التزامات؛ پابەستی Commitment
[158] ڕێز = Respect
[159] ئاگای = Consciousness
[160] خۆکار = Automatically
[161] وەل = دەگەڵ؛ لەگەڵ؛ ڕەگەڵ
[162] پلانی فێرکاری = Curriculum

دانامەزرێنیت؟ بۆ مشتومالّی دەرەنجام[163]، سیاسەتکاری[164] و ئایدۆلۆژیی ئافەرۆزی ناوچە هەژارنشینەکانی شار لەلایەن سالارانی هەڵبژێردراو ناکەیت؟ ئەرێ هیچ پرسێکی پۆلی ئاکارەتی-هەڤبەند هەیە پێویست بێت لێرە لێی بڕواندرێت؟ فێرکاری کۆنەپەرستی[165] پراگماتیک ڕەنگە بێژێ هیچ پێوەندییەک لەنێوان تشتێک و ئەوی دیدا نییە. کە فێرگە واری حیزب نییە. کارکردی[166] فێرگە بۆ فێرکردن و بارگۆزی بەستەی نێوەڕۆکە بۆ فێرخوازان، وەختێک هاتۆتە فێربوون، ئەوجا خۆکارانە دێتە گەڕ (بەگەڕ دەکەوێت).

توانستی بوون بە ڕەخنەکار

لە ئاوەری خۆمدا هاوێرکاری و مەودای نێوان هۆشمەندی و بیرکردنەوەی ڕەخنەکارانە، نێوان ئەنجامی زانیار لە ئەزموونی پەتی و ئەوەی لە پەیڕەوکاری[167] ڕێبازدۆزەکی بێگەردانە دێتە ئاکام، لە پسان[168] پێک نایەت بەڵکە جۆری پلەی پتری پێڤاژۆی زانینە. ئەو قۆناخە پتر بەردەوامییە نەک پسان، کاتێک ڕوودەدات کە کونجکۆڵی ساکار هەر بە کونجکۆڵی دەمێنێتەوە و دەبێتە خۆڕەخنایەتی[169]. لە بەررەخنەدانی خۆی، کونجکۆڵی ساکار دەبێتە کونجکۆڵی زانیارناس، وەک ڕێبازدۆزەکی تەکووز مەزنتر بە بابەتەکی زانین لەباری دەکات.

لە ڕاستیدا، ساکاری/سافیلکەیی، کە کونجکۆڵی بێچەکە، دەگەڵ زانیاری دەرکی باودا واتاکێشە[170]، وە هەمان کونجکۆڵیە کە لە بەرشیانی ڕەخنەکاریدا فراژی دەبێ بەهۆی ڕێبازدۆزەکی بێگەردانەی پتری نێزیکاندنی[171] بابەتەکی زانراو، وە دەبێتە کونجکۆڵی زانیارناس. لە جۆرایەتییدا[172] دێتە گۆڕین نەک لە کرۆکدا. کونجکۆڵی لادێنشینانی سادە ئەوانەی لە پیشەمی پێداگۆگ-سیاسی[173] دایالۆگم وەل ئەمان کردووە، بزانم داخۆ سەرباری زەبروزەنگی نادادیی چارەنووسخواز[174] وەیا بەرهەڵستکارن[175]، لە لانی هەیبەت و پەرۆشی ئامادەگی «ئەز نا» لە میانەی ڕوانینیان لە دونیا هەمان دید و کونجکۆڵیی زانستکار[176] و فەیلەسوفەکانیان هەس. هەرچۆنێک بێت، زانستکار و فەیلەسوفەکان بەسەر کونجکۆڵی ساکاری خەڵکی سادەدا سەر دەکەون و دەبنە پرستیژی[177] زانیارناس.

کونجکۆڵی وەکی پرسنی بێئۆقرە، بزاوتن ڕووەو نمایانبوونی تشتێکی شاراوە، پرسیارێکی کراو یانژی نا، گەڕان بەدوی ڕۆشنیدا، ساتێکی سەرنجدان، پێشنیازکردن و، زیتەڵی[178] لە تێکبەستەی بەشی دیاردەی[179] لە ژیندامان پێکدێت.

---

[163] دەرەنجام = Implication

[164] سیاسەتکاری = Political

[165] کۆنەپەرست = Reactionary

[166] کارکرد = Function، کارکردەکی=Functional

[167] پەیڕەوکاری = Procedure

[168] پسان = Rupture

[169] خۆڕەخنایەتی = Self-criticism

[170] واتاکێش = Associate

[171] نێزیکاندن = Approximation

[172] جۆرایەتی = Quality

[173] پێداگۆگ-سیاسی = Politico-pedagogical

[174] چارەنووسخواز = Fatalist

[175] بەرهەڵستکار = Rebellious

[176] زانستکار = Scientist

[177] پرستێژی = Curious

[178] زیتەڵی = Vigilance زیت؛ هۆشیار؛ چاوکراوەیی

[179] دیاردە = Phenomenon

پێشمەرجی ئافرێنەری بریتییە لە کونجکۆڵی کە ئەمەش دەمانخاتە بزاوتن و مسەبایانە[180] پشووتەنگمان[181] دەکا لەپێش ئەو دونیایەی دەستمان لە سازکردنیدا نەبووە، بە تێچێنکردنی شتێکی چێکراوی خۆمان.
ئەوەی ڕاستی بێت، کونجکۆڵی مرۆ وەکی دیاردەی ئامادە بۆ ئەزموونی ناچارەکی، پێڤاژۆیەکی هەمیشەکاتی هەڵبەستن و هەڵبەستنەوەی جڤاک و مێژووکردە. تەواو ڕوونە لەبەر ئەوەی کونجکۆڵی ساکار خۆکارانە نابێتە ڕەخنەکار کە وەها یەکێک لە ئەرکە بنجییەکانی کردەکی پێشڕەوتی فێرکارانە پێشخستنی کونجکۆڵی ڕەخنەکار، چاونەترسی و، جەربەزەییە. جۆرە کونجکۆڵییەکی وەها بکارێ لە هۆشایەتی[182] بێژمار بمانپارێزێت نها جۆشوخرۆش بەبەر دونیای باڵای تەکنۆلۆژیکراوماندا دەکات. ئەمەش واتای ئەوە نییە خۆمان بە نەرینی مرۆڤانەی سەهوو بە نکووڵیکردن لە بەهای تەکنۆلۆژیا و زانست، بسازێنین. بە پێچەوانە، ئەمە نەرینێکی پارسەنگە، تەکنۆلۆژیا[7] نە دێوەزمە دەکا وە نە مەزنیش. نەرینی ئەو کەسانەیە کە بە گۆشەنیگای پرستیژی ڕەخنەکارانە جەخت لە تەکنۆلۆژیا دەکەنەوە.

ئاکارناسی و جوانیناسی

پێڤاژۆی ناچارەکی لە ساکاریەوە ڕووەو کونجکۆڵی ڕەخنەکارانە دەبێ بە شێوەڕێژی ئاکارەکی بێگەردانە هاوەڵی بکرێ شانبەشانی نرخاندنێکی جوانیناسانە. جوانی و ئابڕوو دەست لەنێو دەست. ئەز زێدەتر و زێدەتر بە کردەکی فێرکارانە ئاوەرم هێناوە، وەختێک خۆ لە داوی ڕەوشتایەتی پیوریتانی[183] دەبوێرم، نکارم خۆم لە ئەرکی بوون بە گەواهیدەری دیاری ئابڕوو و پاکایەتی ببوێرم. بەم جۆرە ئەمە نکارێ خۆی لە ئەرکی بوون بە ڕەخنەی هەمیشەکاتی چارەدۆزی سادە ببوێرێ لەو ڕێچکە ڕاستینەیەی بۆ هەڵبەستن و شۆپاندنی پێویستمانە دوورمان بخاتەوە. وەکوو ئەو ژن و پیاوانەی تێخزێنراون و بە بەستێنی جڤاک-مێژووکردی[184] هەڤبەندەکان چێوە کراون، بە بەراوردکاری، هەڵسەنگاندن، دەستتێوەردان، بڕیاردان و، گرتنەبەری ئاڕاستەی نوێ بەتوانا دەبین و، هەربۆیە خۆمان وەک بوونەوەرێکی ئاکارانە پێک دێنین. ئەوە لە چێبوونی خۆماندایە کە خۆمان وەها پێک دێنین. لەبەر ئەوەی دۆخی چێبوون هەمان دۆخی هەبوونە. وێڕای ئەمەش، بەرشیان نییە وێنای دۆخی مرۆیی دابڕاو لە دۆخی ئاکارەکی بکەین. بۆ ئەوەی تا لەمە داببڕێت وەیا وەک زەنەی ناهەڤبەند بە تێپەڕاندنی خۆمان وەک ژن و پیاو ڕەچاو بکەین. ژبەرهێندێ، بۆ بارگۆزی ئەزموونی فێرکردن بۆ کرۆکی تەکنیکی سادە بریتییە لە داهێزاندنی ئەو شتەی *بنەڕەتی مرۆیە لەم ئەزموونەدا*: بەتایبەت، توانستی چێوەکرنی تاکی مرۆ. گەر هەر ڕەچاوگرتنێکی ڕژدمان لەمەڕ ئەوەی مرۆڤبوون چییە هەبێ، فێرکردنی نێوەڕۆک نکارێ لە شێوەڕێژکردنی ڕەوشتی فێرخوازان هاوێر بکرێت. بارهێنان بنجی چێوەکردنە. بە بەهادار یان دێوەزمەکردنی تەکنۆلۆژیا وەیا زانست ئەوپەڕی شێوازی نایەتی دروست بیرکردنەوەیە. بە هەڵسوکەوت کردنی مامۆستا لە بەردەم فێرخوازان وەک ئەوەی ڕاستی تەنیا لای ئەمە بەس بێجێیە نییە بەڵکە سەهووشە. بیرکردنەوەی دروست پێویستی بە ڕۆچوونە نەک بە سەرڤەیی دەرک و لێکدانەوەی فاکتەکان بکەیت. ئەمە بەرەگریمانەی[185] ئاواڵەیی دەکا بۆ ڕێدانی پێداچوونەوە بە ئاکامەکان؛ تەنێ بەرشیانی بژاردەیەکی نوێ وەیا هەڵسەنگاندنێکی نوێ ناپەژرێنێ بەڵکە *مافی*[186] ئەنجامدانی وەهاش

[180] مسەبا = بەگیر؛ خۆڕاگر؛ بە سەبر patiently
[181] پشووتەنگ = بێنتەنگ؛ هەناسەتەنگ؛ بێسەبر؛ کەمجیکڵدان، بێئارام؛ بێئۆقرە Impatient
[182] هۆشایەتی = Rationality
[183] پیوریتانی = Puritanical تەسکپێو؛ تەسکبیر؛ تەسکبین؛ ڕووگرژ
[184] جڤاک-مێژووکردی = Socio-historical
[185] بەرەگریمانە = Presuppose
[186] ماف = Right

دەپەژرێنێت. هەر وەک چۆن دەشێ چ «دروست بیرکردنەوەیەک»ی پچڕێندراو لە بنەماکانی ئاکارەتیدا نەبێ، هەروەها ڕوونیشە داخوازییەکانی «دروست بیرکردنەوە» پێویستە بە بەرشیانی وەیا مافی گۆڕانکاری تەنێ هەر لە جغزی بیر و قساندا نەمێنێتەوە. بە مانایەکی دی، پێداگری لە مافی گۆڕانکاری پێویستی بە هاوتەریبیە کە جوایەزی چێ دەکات. هیچ نیازێک لە پێداگری وەها و دۆماندن/دەوامەدان وەکی ئەوەی هیچ نەگۆڕابێت نییە.

وشەکان بە میناک گوزارەیان لێ کراوە

ئەو مامۆستایەی بەڕاستی خەریکی فێرکردنە، ئەو کەسەیە کە بەڕاستی کار لەتەک بەستێنی ڕێبازدۆزەکی تەکووزدا دەکا، نکوولّیی لە هاوکێشەی ڕیاکاری دەکات و وەک شتێکی سەهوو دەبینێت، «ئەوە بکە کە دەیڵێم، نەک وەک ئەوەی دەیکەم». هەر چ کەسێک بە «دروست بیرکردنەوە» سەرقاڵ بێت زۆر باش دەزانێت وشەکان گیانیان بەبەردا نەکراوە و سەنگێکی کەمیان هەیە یانژی چ سەنگیان نییە. دروست بیرکردنەوە، کردە دروستەکەیە.

دەبێت فێرخوازە ڕژدەکان چۆن بیر لەو مامۆستایەی بە پەرۆشەوە بۆ دوو وەرزی لەسەریەک لەمەڕ ناچاری بزووتنەوەی جەماوەری بۆ خەبتینی سەرخۆبوونیان دەدوا بکەن و ئەو کەسەی ئیرۆ، نکوولّیی دەکات کە ئەم (مامۆستاکە) گۆڕاوە، ڕێ بە هێرشی پڕاگماتیکی لە دژی هەمان ئەو چینە باوانە دەکات، هەروەها یا ئەوەتا کەمێک بایەخ وەیا بە هیچ جۆرێک بایەخ بە یۆتۆپییاکەیان نادات و، ئەم (مامۆستاکە) سێخناخ لە بارگۆزی زانیارییەکانیەتی بۆ فێرخوازان بە هەمان سیستەمی بانکی. دەبێ چۆن باسی ئەو مامۆستایەی تا ئەمدواییانەش، وەک ئەندامی پارتێکی چەپڕەو[187] بەرگری لە پێویستی فێرکاری بۆ چینی کرێکاران دەکرد و ئەوەشی نهوژی قەدەرانە هەم بە پڕاگماتیزمی نیولیبڕالیزم هەم بە ڕاهێنانی ساکاری پیشەوەرانەی بێکاران ڕازی بووە، لە کاتێکدا بە پێداگری ئەوەی خۆی هێشتاش هەم پێداگۆگانە هەم ڕامیارانە «پێشڕەوت»ە، بکرێت؟

چ دروست بیرکردنەوەیەک نییە تا لە هاوتەریبی جیا بکرێتەوە و کردەکیانە بەرژیان بێت کە بتوانێ نێوەڕۆک و پارادایم دابڕێژێت لەبری نایاندنی سادەی ئەوەی چیدی وەک هەڤبەند نایەتە ڕەچاوکردن. بۆ مامۆستایان شتێکی ناقۆڵایە خۆیان بە دروست بیرکردنەوە وێنا بکەن و هەماندەمیش بە شێوەیەکی باڵایانە خۆیان بە فێرخوازان هەڤبەند بکەن.

ئەم هەڵوێستە لەو بوونەی هەیە دوورە و قۆناخێکی تاوتاوی ئەو مامۆستایەی خەریکی دروست بیرکردنەوەیە نییە و داخوازی ڕژدی گەڕانی ئاسوودە و بناخەی پتەوی پێگەکەیەتی. ئەو مامۆستایەی هەڵوێستی وەهای هەیە وەختێک بکارێ بەربەرەکانێی ڕکابەرێک بکات، ڕقئەستوری دژی ئەم کەسە ناپارێزێ بە شێوازێکی وەها ڕەقئەستورییەکەی گریمانەی بەشێکی مەزنتر لە چاو هۆکارەکانی بەربەرەکانێی ڕەسەن دەکات. وەختێک، کەسی ڕەقئەستووری وەها ڕێگری لە فێرخوازێک دەکا کە خەریکی تێزی سەوادی[188] و وەڵاتینامەیە[189] لە خوێندنەوەی هەر یەک لە کارەکانم. « ئەم کەسێکی کۆنینەیە»، بە جیددی شێوازێکی «بێلایەنانەیە» کە سەرفرووی ئۆبژەکەی کردووە، کە منم». گەر کارەکەی بخوێنێتەوە کۆتای بە خراپییەکەی دێنێت، ماکی ئاکامەکەی ئەم بوو بۆ فێرخوازن. ئەمە بە هیچ کلۆجێک سەرقاڵبوون بە دروست بیرکردنەوە یانژی فێرکردنی دروستەوە نییە.[8] ئەوەی دروست بیر دەکاتەوە خاوەن دڵێکی بەخشندەیە، کەسێکە نکووڵی مافی تووڕەبوون ناکات، دکارێ لە سینسیزم[190] وەیا پەستی بێکۆنترۆڵ هاوێری بکات.

[187] چەپڕەو = چەپگاڕ Leftist
[188] سەواد = خوێندەواری Literacy، بێسەواد= نەخوێندەوار illiteracy
[189] وەڵاتینامە = Citizenship
[190] سینسیزم = Cynicism بەدگومانی

سەرکێشی، پەسەندکردنی ئەوەی نووە و ڕەتکردنەوەی هەڵاواردن

لوانی دروست بیرکردنەوە ئەڵهای سەرکێشییە، خۆشهێنانی نووە، وەها ساکارانە ناتوانرێت ڕت بکرێتەوە تەنێ لەبەر ئەوەی نووە نەک زیادتر لەو کۆنینەیەی ڕەت دەکرێتەوە چون بە تێپەڕینی کات چیدی نوێ نییە. کۆنەکە دەتوانرێ هەر بە نوو بهێڵرێتەوە وەختێک بەگوێرەی کات بۆ ئەزموونەکی ڕەسەن و دۆزەوەی سۆسە[191] و سرووش[192] دڵسۆزە.

ئەمە پاژێکی یەکسانی دروست بیرکردنەوەیە بۆ ڕەت کردنەوەی بێشکانەی هەموو وەیا هەر شێوە هەڵاواردنێک. بەرەهزری[193] ڕەگەز، چین، وەیا زایەند، کرۆکی شکۆی مرۆ دەشکێنێت و نایاندنی ڕیشەیی دیموکراسی زەنە دەکات. ئەرێ ئێمە چەند لەو بەهایانە دوورین وەختێک چاوپۆشی لە بەخشینی ئەوانەی زارۆکێکی سەرجادە دەکوژن دەکەین؛ ئەوانەی سەپانان[194] دەکوژن هەر لەبەر ئەوەی تەنێ لەپێناو کەمە دادگەرییەک دەخەبتن؛ ئەوانەی لەسەر بنەمای ڕەنگ هەڵاواردن دەکەن، کەنیسەکان دەسووتێن کە ڕەشپێستەکان نوێژی تێدا دەکەن چونکێ نوێژ تەنێ بۆ سپپێستەکانە؛ ئەوانەی مامەڵەتێکی فرووەستانە[195] وەل ژنان دەکەن؛ وە هەتا دوایی. پتر هەست بە شەرم دەکەم تا هەڵچوون بەم لووتبەرزییە ناقۆڵاییەی باڵادەستی سپپێستان، کە وەک دیمۆکراسی خۆی بە دونیادا بڵاو دەکاتەوە. لە ڕاستیدا، ئەم چەشنە بیرکردنەوە و کردەیە زۆر دەمێکە لە خاکەڕایی خوازراوی «دروست» بیرکردنەوە سڕاوەتەوە. وە هیچ پەیوەستیەکی بەم هەست باشیەوە نییە کە زێدەڕۆییمان لەژێر چاودێردا دەهێڵێتەوە و یارمەتیمان دەدا خۆ لە بێجێی و بێهەستی بەدوور بگرین.

جار هەیە دەترسم کاتێک کەسێک ئەمە دەخوێنێتەوە، تەنانەت گەر بە تەواویش باوەڕی بە پڕاگماتیزمی نیولیبراڵیزم نەهێنابێت بەڵان ڕەنگە تا ڕادەیەک بەمە خەوشدار کرابێت، ڕەنگە وەها بیر بکاتەوە چیی دی لەنێو مە جێیەک بۆ خەونبینین و لایەنگرانی یۆتۆپیا نەبێت. هەتا ئێستا ئەوەی دەیڵێم ماکی خەوبینانی ناگرینگ نییە. ئەمە دەبێ لەگەڵ سروشتی ژن و پیاوان وەک چێکەری و خەونبینی مێژوو بکرێت نەک ساکارانە وەک هۆکارەتی بەرەدیدی[196] دونیا.[9] تێگەینم لەمەڕ سروشتی مرۆ ڕوونە، هیچ بژاردەیەکم نییە بەڵکە بۆ بەرگریکردنە لەو پێگەیەی هەمیشە بەرگریم لێ کردووە. ئەم خواستی دروست بیرکردنەوەیە بریتییر لەو شتەی کە بەسەر خۆمدا جێبەجێی دەکەم لە کاتی نووسینی ئەم تێکستە. ئەو داوایەی کە بریتییە لە دروست بیرکردنەوە، سەر بە نێزیکایەتی کردە دروستەکەیە. لەو لایەنەوە، فێرکردنی دروست بیرکردنەوە تشتێکی وەها نییە ساکارانە گوترابێت وەیا ئەزموونێک بێت کەم گوزارەی لێ کرابێت. بەڵام شتێکی ئەنجامدراو و زیندووە لە کاتێکدا وەها گوتراوە کە کردنی و ژیانی ئەمە لە جۆرە گەواهییەکی نکوولیبەدەری[197] ڕاستەقینەی خۆی پێک هاتبێت. دروست بیرکردنەوە پێشنیازی هەبوونی ئەو سوبژانەیە کە بیرکردنەوەیان بە ورووژاندن[198] و گونجاندنی[199] بیرکردنەوەی سوبژەکان نێوەندگیر[200] کراوە. بە دیوێکی دییدا، دروست بیرکردنەوە،

---

[191] سۆسە = Intuition، بۆ سۆسەوار و سۆسەوەر بڕوانە جەلیزادە، *«زاراوەسازی پێوانە»*، www.mamosta.net

[192] سرووش = ئیلهام Inspiration

[193] بەرەهزر = پێشەهزر؛ بەرەچەمک preconception

[194] سەپان = وەرزێر؛ مسکێن Peasant, serf

[195] فرووەستانە = ژێردەستانە Inferior، باڵادەستانە superior

[196] بەرەدیدی = Priori vision

[197] نکوولیبەدەر = نکوولیی لێ ناکرێت؛ حاشاهەڵنەگر irrefutable

[198] ورووژاندن = Provoke

[199] گونجاندن = Modify

[200] نێوەندگیر = Mediation

تەکێکی[201] دانەبڕاو وەیا شتێک بێ نێزیک لە دابڕان بێت نییە بەڵکە تەکێکی ڕاگەیشتنە[202]. هەربۆیە، دروست بیرکردنەوە بەبێ تێگەین نابێت، وە ئەم تێگەینەش لە گۆشەنیگای دروست بیرکردنەوە تشتێکی ڕاگوێز نییە بەڵکە شتێکە سەر بە پێڤاژۆی هاوبەشدارە[203]. گەر لە ڕوانگەی ڕێزمانکاری، کاری *«تێگەیشتن»* تێپەڕ بێت هەڤبەند بە شێوازی دروست بیرکردنەوە ئەوا کارەکە هەردەم نیهادەکەی[204] دەگەڵ ئەوی دیدا هاوجۆشە. هەموو تێگەیشتنێک گەر کۆچەرخانە مامەڵەتی دەگەڵدا نەکرێت، دەکاتەوە هەم نامۆیاندنی ئاگایی[205] کە ئاوەز زارەترەک دەکا هەم ئەوەشی بە بیری «بیروکراتیکراو» ناودێرم کردووە، هەروەها دەستبەجێ پێشنیازی ڕاگەیەنباری[206] دەکات. هیچ زانینێک نییە «کە گرێدانی شتێک بە یەکێکی دیکە بێت» شتێک کە لەو دەمەدا «ڕاگەیشتنی» شتێکی زانراوە «مەگەر پێڤاژۆی زانین ڕما بێت». تەکی شێوازی دروستی بیرکردنەوە واتای «بارگۆز»، «دانان»[207]، «پێشکەشکردن»[208] وەیا «بەخشین»[209] بە وی دی نایەت کە وەرگر ئۆبژەیەکی سستی فاکت، چەمک و، پەیپێبردن بوو بێت. بە تەریببوون، ئەو فێرکارەی دروست بیر دەکاتەوە، وەک سوبژەیەکی مرۆیی ڕاهێنانی کردەکی ڕاستینەی بەردەک دەکا، ملەی[210] فێرخوازان دەکا دەگەڵ ئەو کەسە و ئەوەشی بۆی ڕادەگەیەنێ تا تێگەیشتنی لەمەڕ ئەوەی ڕاگەیەندراوە بەرهەم بهێنێت. هیچ پەیپێبردنێک نییە گەر لەو دەمەدا لە ڕاگەیشتن و نێوڕاگەیشتن[211] و، لە دایەلۆگدا ڕەگاژۆ نەبێت. هەربۆیە، شێوازی دروستی بیرکردنەوە دایەلۆگکارییە نەک ناکۆکیکاری.

بیردانەوەی ڕەخنەکارانە لەمەڕ کاروبار

بۆ میانک، لە شێوازی دروست بیرکردنەوەدا وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە، کە کاروباری فێرکردنی ڕەخنەکارانە وەها چێنەکراوە تەنێ یەک تۆز بیرکردنەوەی دروست ئاجاخ بێت. هەرچۆنێک بێت، دەزانێت بەبێ شێوازی دروست بیرکردنەوە چ کاروباری ڕەخنەکارانە نابێت. بە مانایەکی دی، کاروباری فێرکردنی ڕەخنەکارانە لە شێوازی دروست بیرکردنەوەدا نێوتۆژە[212]، بزاوتنی داینامیکی و دیالێکتی نێوان «ئەنجامدان» و «بیردانەوەی ئەنجامدان» لەخۆ دەگرێت. ئەو زانیارەی بە خۆجۆشی[213] وەیا خۆجۆشی ئەغڵەب کاروباری فێرکردن بەرهەم هاتووە، لەو لایەنەوە سادەیە کە کێماسی لە ڕێبازبەندی وردپێویدا هەیە بە جۆرێک کونجکۆڵی زانیارناسی بیردانەوەی سوبژە دێتە مۆرکاندن. چەشنی زانیاری وەها ئەوە نییە کە بەرجلەوە و دروست بیرکردنەوە وێڵیەتی. هەربۆیە گرینگە لە دەمی ئەزموونەکی سازوتەیاری فێرکردندا، مامۆستای شیاو دەبێ بزانێت کە شێوازی دروست بیرکردنەوە دیارییەک نییە لە بەهەشتەوەڕا هاتبێت، وە

---

[201] تەک = Act
[202] ڕاگەیشتن = Communication
[203] هاوبەشدار = Coparticipation
[204] نیهاد = بکەر، Subject
[205] نامۆیاندنی ئاگایی = Alienating care
[206] ڕاگەیەنباری = Communicability
[207] دانان = Deposit
[208] پێشکەشکردن = Offer
[209] بەخشین = Donate
[210] ملە = Challenge، بەرملە challengeable، ملەبەدەر unchallengeable
[211] نێوڕاگەیشتن = پێکڤەدوان؛ گەیاندنی ڕا Intercommunication
[212] نێوتۆژ = بنلێو، بنتۆژ. مەبەستێک و بابەتێکی بە ئاشکرا نەگوترێت بەڵام دیاریش بێت Implicit. پێچەوانەی پاتەوپات Explicit
[213] خۆجۆش = خۆڕسک Spontaneous

شتێکی وەهاش نییە لە کتێبی ڕێنومای مامۆستادا[214] بدۆزرێتەوە، وە لەلایەن بیرکارانی ڕۆشنکەرەوە دابنرێت ئەوەی خجڵی دەسەڵاتبینە[215]. بە پێچەوانەی ئەمە، شێوازە دروستەکەی بیرکردنەوە کە بازی ئەودیوی سافیلکەیی دەدا دەبێ لەلایەن فێرخوازانەوە بەرهەم هاتبێ لە پەیوەستی بەو مامۆستایەی بەرپرسی فێرکردنیانە. لە هەمان دەمدا، ناچاریین پێداگری بکەین لەوەی کە پەرەپێدانی هەرتک سادەیی و بیرکردنەوەی ڕەخنەکارانە هەمان ئەو کونجکۆڵییەیە کە هەموو جۆش و خرۆشی مرۆڤ دێنێتە مۆرکاندن. لەو لایەنەوە، کونجکۆڵی مامۆستایانی ڕانەهێزراوی لادێنشینەکانی دەوری پێرنامبجۆ Pernambuco، Brazil یان هەر شوێنێکی دوورەدەستی ئەم دونیایە، هەمان پرستیژی پرۆفیسۆری فەلسەفەی فێرکاریی هەر یەک لە زانستگەکانە. هەموو ئەوەی ناچارەکییە لە بیردانەوەی کردەکی دیار و کونجکۆڵی ساکاردا بۆ هەڵکشاندنی قۆناخی ڕەخنەکارییە.

لەبەر ئەوە، گرینگترین سات لە پێڤاژۆی دەوامەداری فێرکردنی مامۆستایان، بیردانەوەی ڕەخنەکارانەیە بەسەر کردەکی کەسێکدا. بیرکردنەوەی ڕەخنەکارانە لەمەڕ کاروباری دوێنێ وەیا ئیرۆ، بەرەوپێشڤەچوونی کاروباری سبەینێ بەرشیان دەکات. تەنانەت گەر بیردۆزەکی گوتار[216] خۆشی ناچارەکی بیردانەوەی ڕەخنەکارانە بێت، دەبێت هێندە بەرهەست[217] بێت تا وەل کاروبار بەرناسین[218] بێت. ئەمە «مەودای» زانیارناسە لە کاروبار وەکی ئۆبژەی شیکردنەوە تا بەهۆی نێزیکایەتیەکی مەزنتر بە ئۆبژەی شیکردنەوە لە ئەزموونەکی زندوودا تێ بهێنرێتەوە[219]. چەندی باشتر ئەم پێڤاژۆیە بەدی هاتبێت، بەهرەوەربوونی ژیرمەندی مەزنترە و ڕاگەیەنباری زاڵبوون بەسەر هەڵوێستی سادەیی ڕووەو زانیار بەرشیانترە. وێڕای ئەمەش، چەندی پتر پێڤاژۆی خۆم و هەڵوێست و دەرکی پشت ئەم هۆکارانە دەپەژرێنم، زیادتر بەتوانام لە گۆڕین و هەڵکشاندنی لە قۆناخی کونجکۆڵی ساکارەوە ڕووەو کونجکۆڵی زانیارناس. بەجیددی بۆ کەسێک بەرشیان نییە خەیاڵی خۆی وەک سۆبژەی پێڤاژۆی چێبوون بکا بێ ئەوەی لەو دەمەدا مەیلی گۆڕانکاری هەبێت. وە گۆڕینی ئەوەی کە خۆی قوربانییەکی[220] کەم نییە بەڵکە سۆبژەیەتی.

بۆ میناک، ئەمە نموونادنێکی زێدەڕۆیانەیە[221]، گەر وەها وێنا بکەین جگەرەکێشان مەترسی بابەتەکی بۆ ساخڵەمی هەمووان و ژیانی خۆم هەیەتی تا من واز لە جگەرەکێشان بهێنم. بێگومان، مەترسی بابەتەکی گەر هەر هەنگاوێک بنێم بەستێنبەندانە گرینگە. بەڵان مەترسی وەها تەنێ دەبێتە بڕیاردانی «خۆیەکی» تا ئەو ڕادەیەی بژاردەی نوو داڕێژێت کە بکارێ ئەنگیزەی شکاندنی خدەی کۆن بدا و پەسندی پابەندی نوو بێت: وەختێک ئاگایانە گریمانەی ئەو زیانەی جگەرەکێشان هەیەتی، ئەوجا کەوتوومە سەر بیردانەوەی دەرەنجامەکان و بەشدار لە پێڤاژۆی بڕیاردان، بەرەو شکاندنی بژاردەیەک کە دەبێتە بەرهەستێنراو، بابەتیانە دوان لە کردەی جگەرەنەکێشان، کردەیەکە مەترسی ساخڵەمی و ژیانی نێوتوێژی «جگەرەکێشان»ی تێیدا ڕەگاژۆیە.

لێرە ڕەگەزێکی دیکەی بنەڕەتی هەیە: ئەویش هەستی سۆزیارییە[222]. بە مانایەکی دی، سەرەڕای ئەو زانیارەی هەمبەر بەو زیانەی جگەرەکێشان پێم دەگەیەنێت هەمە، نووکە بەو ئاگاییەی لە زیانی ئەمەوە بەهرەمەند بووم، ئەویش ڕەوایەتی

[214] کتێبی ڕێنومای مامۆستا = Teachers’ guide book
[215] دەسەڵاتبین = Center of power
[216] گوتار = discourse پەیام
[217] بەرهەست = Concrete، دەرهەست = abstract
[218] بەرناسین = Identifiable لە ناسینەوە بێت؛ بناسرێتەوە
[219] تێ هێنانەوە = Compensate
[220] قوربانی = Victim
[221] زێدەڕۆ = Exaggeration
[222] سۆزیاری = Emotional

تووڕە بوون. وێڕای ئەمەش، هەستی شادیم هەیە کە تووڕە بووم چون واتا کەمێک زیادتر دەتوانم لە دونیادا بژیم. ئەم جۆری فێرکارییەی مافی گوزارشتی تووڕەیی شیاو دژی نادادیی، ناپاکی، نایاندنی خۆشەویستی، خراپبەکاربەری و، دڕی ناپەژرێنێت، شکەست دێنێ ئەو دەور/ڕۆڵە فێرکارییەی لە دەربڕینی ئەم هەستانەدا نێوتوێژە بدینێت. یەکێک بیر لە تووڕەیی مەسیح دژی بازرگانانی پەرستگە دەکاتەوە. ئەوانەی تەقەلای کشتسازییانە[223] لە دژی دژمنانی کشتسازی. قوربانیانی دڕی و هەڵاواردن لەسەر بنەمای چین، نەژاد و، زایەند. ئەوانەشی کە دڕندایەتییان لەبەر بەخشرانی تاوانکارییان ناکرێ هەنجەتی بۆ بهێنرێتەوە. ئەوانەشی برسی (بەدەست برسیەتی دەناڵێنن) دەبن دژی ئەوانەی هەر تەنێ خواردنی باش ناخۆن بەڵکە بەفیڕۆشی دەدەن، هەر وەکی ئەوەی ژیان تەنێ بۆ ئەمان بێت. هەرچۆنێک بێت، گرینگە جەخت لە «شیاو»[224]ی ئەم تووڕەبوونە بکەینەوە؛ دەنا سەر بۆ هەڵشاخان و ڕقایەتی دەکێشێت.

ناسنامەی فەرهەنگزادە[225]

گرینگە نێزیکتر لە کاری «گریمانکردن»[226] بڕوانین کە کارێکی تێپەڕە و دکارێ بەرکاری خۆی ئەو کەسە بێت کە گریمانەی خۆی دەکات. بۆ وێنە، دەتوانم گریمانەی ئەو مەترسییەی لە هەناوی جگەرەکێشاندا هەس، بارتەقای گریمانەی خۆم «ئەز چیم» وەک نیهاد و بەرکاری ئەو گریمانکارییە بکەم. وەختێک دەڵێم تا واز لە جگەرەکێشان بهێنم گرینگە کە گریمانەی ئەوە دەکەم جگەرەکێشان مەترسییەکە بە ژیانی خۆم، ئەوەی بەڕاستی دەیڵێم بەهرەمەندی وێنەیەکی تەواو ڕوونی ئەوە بووم کە جگەرەکێشان چییە و دەرەنجامەکانی چیین. لایەنێکی ڕیشەیتری ئەم «گریمانکردنە» بریتییە لەوەی کاتێک دەڵێم: یەکێک لە هەرە گرینگترین ئەرکەکانی کاروباری فێرکاریی ڕەخنەکاری بۆ بەرشیانکردنی ئەو دۆخانەیە کە فێرخوازان، لە کارلێکیان[227] وەل یەکدی و مامۆستاکانیان، بەشدارن لە ئەزموونی گریمانکردنی خۆیان وەک جڤاکی، مێژووکرد، بیرکردنەوە، ڕاگەیاندن، بارگۆزاندن، کەسانی ئافرێنەر؛ خەونبینانی بەرشیانی یۆتۆپیاکان، بکارێ تووڕە بێت ژبەر توانستی خۆشەویستی. بتوانن گریمانەی خۆیان وەکی «خۆیەکی» بکەن ژبەر توانستی پەژراندنی خۆیان وەکی «بابەتەکی». لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، وەختێک ئەوە بیر خۆمان دێنینەوە کە خۆگریماناندن واتای دەرئامێزاندنی[228] ئەوانی دی نادات. چونکێ ئەمە ئەوانی دی «ئەز نا»یە وەیا «تۆ» کە وەهام لێ دەکات گریمانی بنجییەتی «ئەز» بکەم. پرسێکی دی هەیە ناکرێ لێی نەڕوانین، بەتایبەتی پرسی ناسنامەی فەرهەنگزادەی هەڤبەند بە هەرتک تاک و چینەکانی نێو فێرخوازان و ئەوەشی «لە بەستێنی تامەزرۆیی کاروباری فێرکارانە»[229] ڕێز ڕەهایانە بنجیەتی. ئەمە یەکسەر بە ملەی گریمانەی ئەوەی کێین گرێدراوە، کە بریتییە لەوەی تەکنیککاری پەتی، بابەتەکی و، دیدی ڕێزمانکاری فێرکاریی ناتوانێ چ بکات وەیا ببێت.

ئەزموونەکی مێژووکرد، سیاسی، جڤاکی و، فەرهەنگزادەی ژن و پیاوان ببڕای ببڕ لە دەرەوەی ملانێی نێوان ئەو هێزانەی پێشکەش کراون بۆ ڕێبەستی خۆ-گریمانکاری سەر بە پاری تاکەکەس و گرووپ و ئەو هێزانەی لە دڵبەستەی گریمانکاری وەهادا کار دەکەن نایەتە بەهرەمەندبوون. تەیارکاری فێرکاری وەها جەخت دەکاتە سەر خۆی ژوورتر لە

---

[223] کشتسازی = کشتوکاڵسازی، agrarian reform، بۆکشتسازی بڕوانە،
https://bradost.net/ferheng/?detail=&fid=&name=agrarian+reform
[224] شیاو = لواوی؛ لەباری؛ لێ وەشاوەیی appropriateness
[225] ناسنامەی فەرهەنگزادە = Cultural identity
[226] گریمانکردن = To assume
[227] کارلێک = Interact
[228] دەرئامێزاندن = Exclusion
[229] تامەزرۆ = Forward-looking

«پیلان»[230] بێت، هەروەها چ لەمەڕ ئەو لەمپەرانەی لە بەردەم خۆ-گومانکاری هەن ناکات. ئەو یەکیەتیە جڤاک-سیاسییەی ئیرۆ گەرەکمانە بۆ بنیاتنانی جڤاتێکی کەمتر دزێو و مرۆی دەمارگرژە، کە بەڕاستی ئێمە باشتر بکارین ببین بەو شتەی کە نەتوانین گرینگایەتی کردەی دیمۆکراتی وەلا نێین. ڕاهێنانی پڕاگماتیکی پەتی دەگەڵ سالارپەرستایەتی نێوتوێژ وەیا ڕانوێندراوی ئاواڵەی سەرتلان، لە فێربوون و کردەکی بوون بە «خۆیەکی» پەسەندبەدەرە.[231]

هەندێکجار ژێستێکی ساکاری ئەغڵەب ناگرینگی مامۆستا دەشێت تینوتاوێکی شێوەڕێژانەی قووڵی بەسەر ژیانی فێرخوازادا هەبێت. هەردەم ژێستێکی[232] وەهام لە دەمی هەرزەکاریم لەبیرە. ژێستێک کە کاریگەرییەکی قووڵی بەسەرمدا هەبوو لێ مامۆستا سەرنجی باڵکێشی ئەم ژێستەی بەسەر ژیانی من نەدا وەیا پەی پێنەبرد. لەو دەمەدا، وەک هەرزەکارێکی ناسوودە دەرکم بە خۆم کرد، جەستەیەکم هەبوو پتر ئێسک بوو تا جوانی، وەهام هەست دەکرد لە چاو فێرخوازەکانی دی کەمتر بەتوانام، ناسوودە لەمەڕ بەرشیانی ئافرێنەرایەتیم، بە ئاسانی تووڕە بووم و، بەم دونیایە دڵم هێندە ئۆخژنی نەهاتی. کەمترین ژێستی هەریەک لە فێرخوازە سەرکەوتوترەکانی نێوپۆل بە ئاسانی دەیتوانی ناسوودەیی و بەرشکەستیم[233] پاشخان بکات.

لەو دەمەی مامۆستا مەشقەکانمانی پاش ئەنجامدۆزیی هێنایەوە فێرگە و داوای لە هەریەکێکمان کرد لێدوانی خۆمان بدەین. کاتێک نۆرەی من هات، سەرنجم دا مامۆستا بە سەرنجێکی زۆرەوە دیقەتی تێکستەکەی دەدام و، سەری بە شێوەیکی ڕێز و سەرنجگیریانە[234] دەلەقاند. هەڵوێستی ڕێز و بەرزنرخاندنەکەی تینوتاوێکی پتری هەبوو لە چاو ئەو پلەبەندیە[235] باڵایەی بە کارەکەمی دا. ئەم ژێستەی مامۆستا، خۆباوەڕی[236] لە مندا چەسپاند[237] کە ڕاشکاوانە هێشتاش دەرفەتی پتری هەبوو تا گەشە بکات. سرووشی باوەڕێکی بە من بەخشی کە منیش سەنگم هەیە و دکارم کار بکەم و ئەنجام بەرهەم بهێنم کە بە ڕوونی سنووردار بوون لێ دەرخەری توانستی من بوو، کە هەتا ئەو ساتە دەمویست بیشارمەوە وەیا تەواو باوەڕم پێی نەبوو. وە گەورەترین سەلمێنەی گرینگی ئەم ژێستە ئەوەیە ئێستێ دەتوانم بڵێم هەر دەڵێی تەنێ ئەمڕۆ ڕوویداوە.

گرینگایەتی ئەم جۆری زانیارەی بەهۆی ژێستی وەهاوە بارگۆز کراوە، کە پاژ و بەشی ژینی ڕۆژانەی فێرگەن، پێویستی بە بیردانەوەی دەستبەجێیە. جڤاکاندنی[238] فێرگە بە بەرشیانی فرەی بۆ چێوەکردن وەیا ڕماندن جێی شەرمە، بەتایبەتی لە بەستێنی نافەرمایەتی[239] ئاسایی ڕۆژ بە ڕۆژ و، فرە وێڵکراوە. ئەوەی زۆر دەیبیستین بریتییە لە فێرکردنی نێوەڕۆک، هەردەم وەها لێی تێگەیوین، جەخار وەکی بارگۆزی زانیار. بە دیدی من، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو درێخییە، تێگەیشتنی زۆر بەرتەسکی ئەوەیە کە فێرکردن و فێربوون چییە. بەڕاستی، تا نهوژی نەمانزانییوە فێرکاریی شتێکە ژن و پیاوان بە ئەزموونەکی لە ڕەوتی مێژوودا، دۆزیویانەتەوە. گەر بۆمان ڕوونبا توانستی مە بۆ فێرکردن لە توانستمان بۆ فێربوون سەرهەڵدەدات، بە سانایی لە گرینگی ئەزموونە نافەرمییەکانی سەرجادە، چوارڕیان، شوێنی کار، نێوپۆل، یاریگا، لەنێو

---

[230] پیلان = داونانەوە؛ نەخشە؛ سازوباز؛کەینوبەین؛ساخت و باخت؛ خلێنە و بلێنە Intrigue
[231] پەسەندبەدەر = Incompatible
[232] ژێست = Gesture
[233] بەرشکەستی = ناسکی؛ تورتی؛ بە ئاسانی بشکێت fragility
[234] سەرنجگیری = Consideration
[235] پلەبەندی = Classification
[236] خۆباوەڕی = Self-confidence
[237] چەسپاندن = Affirmation
[238] جڤاکاندن = Socializing
[239] نافەرمی = Informal، نافەرمایەتی informality، فەرمی formal

ستافی هەرتک مامۆستا و دەستەی کارگێڕان تێدەگەیشتین. شایەدێکی شیمانەدار[240] لەم هەموو ڕەوشە نافەرمییانەدا هەیە، بەڵان ئەوەی ڕاست بێت هەر قسەکردنە، خاکێکی نەدۆزراوەیە. لە «Education in the City»،[10]

سەرنجگیری ئەو فاکتەم کاتێک کارەساتی باری سیستەمی فێرکارییم دۆزیوەتەوە کاتێک Lauiza Erundina لە کاتی بوونی بە سەرۆک شارەوانی São Paulo Brazil 1989 تووشی بووە. لە یەکەم سەردانم بۆ فێرگەکانی شار، بە چاوی خۆم ئەو کارەساتەم دیت و ئەترەشم[241] چوو. گشت سیستەمەکە تژی لە کارەسات بوو، هەر لە بیناکەوە تا پۆل و چۆنەتیی فێرکردن. ڕێی تێ نەدەچوو پرسیار لە ڕێزی ژێرپەڕی[242] منداڵان بۆ کەلوپەلی دەوروبەریان بکەیت وەختێک سالاران دریخی وەها ڕەهایان نواندووە و چ پەروایان بە بنگە[243] حکوومیەکانی بن دەسەڵاتیان نییە؟ بەڕاستی جێباوەڕ نییە نەتوانین ئەم هەموو بنەمایانە لە «گوتار»ی دەربارەی فێرکارییمان لەئامێز نەگرین. بۆچی «گوتار»ی وەها پاکژ، خاوێن و، جوان لەئامێز نەگرێت؟ ئەمە بۆچی ئافەرۆزی بەهای پێداگۆگیی بێدەمەتەقەی[244] «ماتریاڵی» ژینگەی فێرگە دەکات؟

هێشتاش، ئەمە وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی هەرتک مامۆستا و فێرخوازە، تا ڕادەیەک کەمترین سەرنج دراوە، ئەوەی ڕاستی بێت خودانی سەنگی باڵکێشی هەڵسەنگاندنی کاروباری فێرکردنە. ئەوەی لە فێرکردندا گرینگە، دووپاتەی میکانیکی ئەمە یا ئەو ژێستە نییە بەڵکە دەرکی بەهای هەست، سۆز و، ئارزووە. ئەو ناسوودەییە تەنێ بە سرووشی خۆباوەڕی[245] دەکرێ بێتە زاڵبوون. ئەو ترسەی تەنێ بە ئازایەتی دەڕەوێتەوە.

شتێکی وەها نییە بەناوی تەیاری دروست فێرکردن بشێت لە دیدی ڕەخنەکاری جوێ بکرێتەوە تا لەپڕ کونجکۆڵی ساکار ببێتە کونجکۆڵی زانیارناس، پێکەوە دەگەڵ پەژراندنی بەهای سۆزیاری، هەستیاری، کارتێکەری و، سۆسە. بە زانین ساکارانە بۆ سۆسە یا حەسین/هەستکردن نییە، هەربۆیە پێوەندییەکی زگماکانە لەنێوانیاندا هەیە. پێویستە لەسەرمان سۆسەواری خۆمان بنیات نێین و بەسەر ڕێبازەکی و شیکردنەوەی وردپێویدا بچەسپێنین تا کونجکۆڵیمان ببێتە زانیارناس.[11]

---

[240] شیمانەدار = Potential

[241] ئەترەشچوون = زراوچوون؛ زەندەقچوون؛ زارەترەک بوون

[242] ژێرپەڕ = Minimum، ژووریەڕ maximum

[243] بنگە = Institution

[244] بێدەمەتەقە = حاشاهەڵنەگر؛ ڤەبری indisputable

[245] خۆباوەڕی = Confidence

پاژی سێهەم: فێرکاریی تەنێ بارگۆزی زانیار نییە

فراژووتنی تێگەینی بەرایی ئەو سەرنجگیری و بیردانەوانەی تا ئێستێ خەریکیان بووم، بنجی بنەماکانی فێرکردنی پێشڕەوتن. بەتایبەتی، بەڵەدی لە چۆنەتیی فێرکردن بریتییە لە چێکردنی بەرشیانی هەڵبەستن و بەرهەمهێنانی زانیار نەک ساکارانە سەرگەرمی گەمەی بارگۆزی زانیار بێت. وەختێک دەچمە نێوپۆل، دەبێ بەڕووی بیرۆکەی نوێ، پرسیار و، کونجکۆڵی هەروەها شەرمنی فێرخوازانیش کەسێکی والا بم. بە مانایەکی دی، دەبێ وریا بم لە بوون بە ڕەخنەکار و سۆبژەی پرسین پەیوەست بەو ئەرکەی لەسەرشانمە، ئەویش ئەرکی فێرکردن نەک بارگۆزی زانیار.

گرینگە پێداگری ئەو خاڵە بکەین، ئەویش پێداگری لەم جۆری فێرکردنە وەک ناچارەکی بوون بە مامۆستا و ناچارەکی بۆ هەمووان لە فێرکارییدا. وە بۆ تێگەین لە هەبوونناسی، سیاسی، ئاکار، زانیارناسی و، بنەماکانی پێداگۆگیی. هەروەها گرینگیشە شتێکی دیتراو و تێژیاو بێت.

وەک مامۆستا لە بەرنامەی فێرکارییدا، ناتوانم ساکارانە بە ناسکی، ڕوونکردنەوەی بیردۆزانەی پەیوەست بە هەبوونناسی، سیاسی و، بناخەی زانیارناسی کاروباری فێرکارانە ڕازی بم. ڕوونکردنەوەی بیردۆزانەی کاروباری وەها کە باسی دەکەم دەبێت هەم بەرهەست هەم کردەکی ژی بێت. ئەویش جۆری بەرجەستەبوونی هاوبەندی[246] بیردۆزە و کردەکییە. لە باسکردنی ئەم هەڵبەستنی زانیارە، دەبێت هەم کردەکیانە هەم بەرجەستەییانە دەگەڵ فێرخوازان سەرگەرمی هەڵبەستنی زانیاری وەها بم.

گەر وەها نەبێت دەنا دەکەومە نێوە تەونی دژوەستاوان کە هێزی ئاوەرهێنان لەدەست دەدەن. دەبمە کەسێکی ناڕاست وەکی کەسێک کە لەمەڕ چێکردنی دۆخی یەکسانی نێو فێرگە دەدوێت لە کاتێکدا وەک ئەوتۆکراتێک ڕەفتار دەکات. وەیا ناڕاست وەک کەسێک کە بانگەشەی ڕاگرتنی راسیزم دەکا بەڵان ئەم، دەمێ پرسیاری لێ کراوە داخۆ مادالێنا Madalena، فێرخوازێکی مێینەی ڕەشپێست دەناسێت، وەها باگۆت دەداتەوە: «ئەرێ دەیناسم. کەسێکی ڕەشپێستە، بەڵام خودانی گیانێکی (ڕۆحێکی) باشە!». ببرای ببرای نەمبیست کەسێک بێژێت: «سێلیا Celia دەناسم، قژکاڵ، چاوشینە، بەڵام هەموو کات باشە». لە برگەی مادالێنا Madalena، کەسە ڕەشەکە، پێکبەستی دژکار[247] بەدی دەکەین، لێ قژی لوول و چاوی شینی سێلیا Celia، پێکبەستی دژکار وەک شتێکی زیادە دیارە. بە کار هێنانی پێکبەست لە ڕستەدا، هەڤبەندی هۆکارەتی دادەمەزرێنێت، بۆ وێنە: «من قسە دەکەم *چونکێ*[248] ڕەتی دەکەمەوە بێدەنگ بم». وەیا هەڤبەندی دژوار، بۆ نموونە: «ئەوان هەوڵیاندا جڵەوکێشی خۆیانی بکەن *بەڵام*[249] نەیانتوانی». وەیا هەڤبەندی کۆتایەتی، بۆ نموونە: «Peter پیتەر تەقەلای دا *تا ئەوەی*[250] بتوانێ دیدی خۆی ڕابنوێنێت». وەیا هەڤبەندی پێکەڵک، بۆ نموونە: «Pedro پیدرۆ لێی ڕوون بوو *کە*[251] ئەم دەگەڕێتەوە». هەربۆیە، چەندین بە کار هێنانی جودای پێکبەستی دژکار هەیە و، ئەمەش ڕوونە بە کار هێنانی دژکاری *بەڵام* هەڤبەند بە مادالینا زادەی ئایدۆلۆژییایە بەس لەبەر ڕەنگەکەی. بە مانایەکی دی، کەسانی ڕەش بە گشتی بەدەگمەن دەشێ پێشبینی باشی وەیا کارزانیان لێ بکرێت. هەر کاتێک زانرا کەسێکی ڕەش بەئابڕوو و کارزانە، ڕاسیزمی زگماکیمان پێکبەستی دژکاری *بەڵام* بەکار دێنێت بۆ پەسەندکردنی ئەو شتەی وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە جوێیە. لە دۆخی سێلیا Celia، چاوی شین و قژی لوول، چ گوومانی تێدا نییە

---

[246] هاوبەندی = هاوجۆش Join

[247] پێکبەستی دژکار = پێکبەستی دژکار Adversative conjunction

[248] چونکێ = Because

[249] بەڵام = But

[250] تا ئەوەی = So that

[251] کە = That

کەماسی باشی و کارزانی هەبێت، هەربۆیە دەکار هێنانی پێکبەستی دژکاری *بەڵام* پاتەبێژییە[252]. پرسە فرەوانەکەی ئێرە، ئایدۆلۆژییە نەک ڕێزمانکاری.
بیرکردنەوەی ڕاست و دروست و زانینی ئەوەی فێرکردن تەنێ بارگۆزی زانیار نییە، داخوازی و ڕشتەیەکی دژوارە، لە دەمی ئەو ئەرکەی دەگەڵ ئەوانی دی ئەنجامی بدەین، بۆ ئەوان و، بۆ خۆشمان. ئەمە سەختە، نەک لەبەر ئەوەی دروست بیرکردنەوە ئادگاری[253] فریشتە و وەلیانە و شتێکە وەختێک لووتبەرزین ئەوجا خولیامانە. ئەمە سەختە چونکێ داوای زیتەڵی بەردەوام بەسەر خۆماندا لێ دەکا تا ڕێبەستی ساکاراندن، هاسانی و، لێڵی بکەین. سەختە چونکێ ئێمە هەردەم تەواو هاوسەنگ نیین لە ڕێبەستی ڕەوایەتی تووڕەبوون لە سەرکێشی بۆ هەڵچوون کە سەهوو و چەوتبیری لێ دەزێت. گرینگ نییە یەکێک چەند بێزارم دەکات، لێ ئەمن مافی ئەوەم نییە بە خۆگرینگایەتی خۆم زل بکەم تا بەرەهایی ئەوە ڕابگەیەنم ئەو کەسە نەتوانە، لە نەرینی باڵایەتی سەهووانەی خۆمەوە گریمانەی هیچی بۆ بکەم! بۆ نموونە، هەست بە تووڕەیی ناکەم بەڵکە شەرم وەختێک کەسانی تووڕە/هەڵەشە، ئەوانەی تژی لە ژیری خۆیانن، دەمشکێننەوە و بەکەمم دادەنێن!
بۆ میناک، شەکەتت دەکا وەها خاکەڕایانە بژی کە پێشمەرجی[254] دروست بیرکردنەوەیە و شابنەمایە لەوەی دکارین دان بە هەڵەی خۆمان دابنێین و خۆمان کەمکەینەوە تا ئەوانی دی زل بن.
دۆخی دروست بیرکردنەوە نکارێ هیچ دەگەڵ هاوکێشەی بەرەدامەزراودا[255] بکات، هێشتاش ئەمە نایاندنی بیرکردنەوەی ڕاست و دروستە تا وەها وێنای بکەیت دەشێت لە کەشێکی لافەرمان وەیا کەمتر خۆجۆشدا فراژی بێت. بەبێ ڕێبازبەندی بێگەرد، چ دروست بیرکردنەوەیەک نابێت.

هۆشیاری بێبڕانەوەبەدەریمان[256]

وەکی مامۆستایەکی ڕەخنەکاری بەئاگا، ناوەستم لە بوون بە کەسێکی جەربەزەی بەرپرسی تەیار بۆ پەسەندکردنی گۆڕانکاری و جوایەزی. ئەوەی وەک مامۆستا ئەزموونم کردووە چ پێدڤی بە پاتە ناکات. هەرچۆنێک بێت، هەڵگرتنی یەکیەتی و ناسنامەی خۆم پەیوەست بە وانی دی و دونیا، لە شێوازی بنەڕەتی و پاتەبەدەری[257] ئازموودەبوونی خۆم پێک دێت وەک فەرهەنگزادە، مێژووکرد و، مەردمێکی بێبڕانەوە لە دونیا، لە هەمانکاتیش لە بێبڕانەوەبەدەریم وەئاگا بم.
وە لێرەدا گەیشتووینە ئەو خاڵەی دەبێت جوێینەوە: ئەویش بێبڕانەوەبەدەری هەبوونمان. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم بێبڕانەوەبەدەرییە پێشمەرجی دۆخی مرۆڤایەتیمانە. لە هەرجێیەک ژیان هەبێ، لەوێش نەمریی هەیە، هەربۆیە تەنێ دەنێو ژن و پیاوان بەرشیانە باسی هۆشیاری بێبڕانەوەبەدەری بکەیت. ئەم داهێنانی هەبوونییەمان بە کارلێکمان وەل هەلومەرجی بەردەستی دونیامان فراژی بووە، فەراهەم کردنی بیمەی ژیان[258] کە ژیان، ژینی ژن و پیاوانە دێتە دۆماندن[259]. بەم بیمەی ژیانە، ژیانی خۆمان جیاوازییەکی تایبەتی جۆرایەتی هەڤبەند بە ژیانی ئاژەڵان وەردەگرێت. بۆ نموونە، لە ڕەهەندی شوێنە دیارەکاندا ئۆپێراسیۆن دەکەن، لە هێندێ باردا بەرتەسکە، لە هەندێکی دیدا بێسنوورە وەها

---

[252] پاتەبێژییە = دووپاتەبێژی Tautological
[253] ئادگار = تایبەتمەندی؛ خەسڵەت؛ خاسیەت Property
[254] پێشمەرج = شامەرج Sine qua non
[255] بەرەدامەزراو = Preestablished
[256] هۆشیاری بێبڕانەوەبەدەریمان = هۆشیاری نەمریمان؛ هۆشیاری نەبڕانەوەبەدەریمان Awareness of our Unfinishedness
[257] پاتەبەدەر = پاتەبوونی بۆ نییە؛ دووبارەبوونی بۆ نییە irrepeatable
[258] بیمەی ژیان = ئامانی ژیان؛ پێویستی ژیان؛ کۆڵەگەی ژیان؛ پێویستی مانەوە life support
[259] دۆماندن = بەردەوام بوون Sustainable

که فراژاندن به سنووری «سۆزداره»[260] ناچارەکان بۆ زیندوومان[261]، گەشە و، فراژووتنیان دەدات. ئەمەش ئەو شوێنەیە کە تییدا ڕاهێنراون و کارامەکراون، فێری «کارامە»ییەکانی ڕاوکردن، پەلاماردان و، خۆبەرگری[262] دەبن لە ماوەیەکی کەمتر لەوەی مرۆڤ فێریان دەبێت. چەندی کەلێن، دوانی فەرهەنگزادەیی پتر بێت، ماوەی فێربوونی «ساوایەتی» مەزنتر دەبێت. ئاژەڵە نامرۆییەکان لە سیستەمی پشتگیری ژێرخاندا[263]، ئاخافتنی چەمکامێزیان نییە، وە ئەمەش توانستی «سەرەدەر»ی ئاگایانەی ئەوە دەرەنجامانەیە کە بۆ ئەم ژێرخانە دەگەڕێتەوە، کە حەتمییانە توانستی ڕاگەیاندنی شکۆیەکی دیار هەم سەرباری[264] ژیان خۆی، هەم سەرباری ڕاز[265] ژی دەیان داتێ. لەو لایەنەوە، ڕەفتاریان لە بەستێنی ژێرخانی هەمووکات و شوێن، بەردەرکە لەو جۆرانەی کە تاکە ئاژەڵان پێیەوە بەندن نەک وەک تاکی خۆیان. وە ئەمەش ئەو تاکەیە ئەو ئازادییەی نییە خۆی هەڵیبژێرێت. بۆ نموونە، هەر لەبەر ئەمەیە، نکارین باس لە پرسی ئاکار پەیوەست بە فیل بکەین.

ئەم ژێرخانە بنەڕەتییەی ژیان وەیا سیستەمی بیمەی ژیان، داوا یا پێشنیازی بە کار هێنانی ئاخافتن یا شێوەی ڕاوەستانی نەدەکرد کە دەستەکان ئازاد دەکات- ئەو دوو شتەی لە ڕاستیدا گوورانی *Homo Sapiens* بەرشیان دەکات.
چەندی پتر دەست و مێشک لە جۆرە پەیمانێکی هاوبیری بەشدارن، سیستەمی پشتگیری پتر دەبێتە «جیهانی»، «ژیان»، «هەبوونەکی»[266]. بە مانایەکی دی، هەر کە لاشەی مرۆڤ لە توانستی «گرتن»، «فێربوون»، «بارگۆز» و، چێکردنی جوانی شیار[267] دەبێت، وەستاوە لەوەی ببێتە جێیەکی/دەفرێکی بەتاڵ تا بە نێوەرۆک پڕ بکرێتەوە.
داهێنانی «هەبوونەکی» گوورانی ناچارانەی ئاخافتن، فەرهەنگ و، ڕاگەیاندن لە هەنتەش (ئاست) پێچەڵپێچی مەزنتر لەوەی لە ئاستی زیندوومان، خۆبەرگری و، خۆپارێزی[268] وەدەست دێت، پێک دێت. ئەوەی ژن و پیاوان دەکاتە خاوەن ئاکارەتی، بریتییە لە توانسی گیان بەبەر دونیا داکردنیان، بەمەش یا ئارایشت یانژی کرێتی دەکات. توانستیان بە دەستتێوەردان، بەراورد کردن، داوەری کردن، بڕیاردان، هەڵبژاردن، ڕاگرتن، لە تەکی مەزنایەتی، شکۆ بەتوانایان دەکات و، لە هەمان کاتیشدا لە هەلومەرجی[269] بێشکۆییدا[270] باوەڕبەدەرە[271]. هەتا یەکێک نەبێتە کەسێکی خودان ئاکارەتی شکاندنی ڕێسای ئاکار بەرشیان نییە. شێر نازانێت ترسنۆکانە شێری هەمان گرووپی خێزانی وەیا گرووپێکی دی بکوژێت و، پاشان سەردانی بنەماڵەکەیان بکا تا هاوخەمی خۆی بۆیان دەربڕێت. پڵنگە ئەفریکاییەکان نازانن لە ئاسمانێڕا بۆمبی وێرانکەر بەسەر پڵنگە ئاسیاییەکاندا هەڵبدەنە خوارێ.
وەختێک *Homo Sapiens* هۆمۆ ساپیێنسەکان لە بنجی ساختاری[272] بیمەی ژیانەوە دەگووران، ئافرێنەرانە دەستتێوەردانیان لە دونیا دەکرد، ئاخافتنیان داهێنا تا ناو لەو شتانەی ئەنجامی دەستتێوەردانیان بنێن، بیرکارانە «سەرەدەر» بکەن و ئەوەی سەرەدەریان کردووە، بتوانن ڕایبگەیەنن. هەروەها هەمان دەمیش ئەوەی ڕاستی بێت ئەوە

---

260 سۆزداری = affective
261 زیندوومان = زیندەمان survival
262 خۆبەرگری = Self-defense
263 ژێرخان = Infrastructural
264 سەرباری = سەرەڕای In the face
265 ڕاز = Mystery
266 هەبوونەکی = existence
267 شیار = وشیار؛ هۆشیار؛ وریا
268 خۆپارێزی = Self-preservation
269 هەلومەرج = Term
270 بێشکۆیی = Indignity
271 ئاوەربەدەر= باوەڕبەدەرە؛ جێی باوەڕ نییە Unthinkable
272 ساختار = structure

ڕوونبوو کە هەبوونی مرۆڤ، بریتییە لە گرژییەکی[273] قووڵ و ڕادیکاڵی نێوان باشی و ئەهریمەنی، نێوان شکۆ و بێشکۆی، نێوان شوورەی[274] و بێشوورەیی[275]، نێوان جوانی و دزێوی دونیا. بە مانایەکی دی، ئەمە ڕوونبوو هەبوونی مرۆڤ بەبێ گریمانەی ئەوەی ماف و ئەرک هەڵبژێرێت، بڕیار بدات، تەقەلا بدات، ببێتە سیاسەتکار شیانبەدەرە. هەموو ئەوەی هەمدیس بۆ گرینگایەتی ئەزموونی فێرکاریی و ئادگاری بەرچاوی ئاکارەتی دەمانگەڕێنێتەوە، بریتییە لە بزاوتن ڕووەو ماکی ڕیشەیی «هیوا». بە مانایەکی دی، چۆن لێم ڕوونە شتەکان دەشێ خراپتر بن، وەهاش لێم ڕوونە دەرۆستی دەستتێوەردان لە بەرەوپێشڤەبردنیان دێم.

پێم خۆشە ببمە بەنی ئادەم[276]، بە کەسێکی وردپێو، چون ئەمە پێشتر وەک چتێکی ڕێکورەوان یاخۆ گۆڕانبەدەر[277] نییە کە ئەزم وەیا گەرەکمە «ڕاست» بم، دەبمە گەواهیدەری ئەوەی ڕاستە، ئەزم یانزی وەها دەبم، ڕێزی ئەوانی دی دەگرم، کە درۆ ناکەم و بەوشێوەیە بایەخی کەسانی دی کەم ناکەمەوە ژبەر هەستی خۆخوازیم وەیا پەستبوونم لە پرسنیان لەمەڕ ئامادەگیم لە دونیا. ئەڵهامە ببمە بەنی ئادەم چون سوور دەزانم تێپەڕینم بە دونیا لە نێوچەوانم نەنووسراوە و بەرەدامەزراو نییە. چارەنووسم دیاری نەکراوە لێ شتێک پێدڤی بە هەڵبەستنە و بۆ ئەو شتەشی مەرجە گریمانەی بەرپرسایەتم بکەم. ئەڵهامە ببمە بەنی ئادەم چون دەگەڵ ئەوانی دی خەریکی دەرهێنانی مێژووم لە بەرشیانی، نەک ساکارانە بە داوەستانی قەدەرایەتی دۆش دابمێنم. سەرەنجام، ئایەندە شتێکە دەبێت بە هەوڵ و هەڵە[278] هەڵبەسترێت نەکو بە بەدخوویەکی یەکبین کە هەموو تەکێکمان دیاری دەکات.

پەژراندنی مەرجداری کەسێک

ئەڵهامە ببمە بەنی ئادەم چون لە بێبڕانەوەبەدەریم لێم ڕوونە مەرجدارم. هێشتاش بەئاگاییم لە مەرجداری وەها، دکارم بچمە ئەودیوی ئەو مەرجدارییە، کە جوایەزی بنچی نێوان مەرجدار و هەبوونایەتی ناچارەتییە[279]. جیاوازی نێوان بێبڕانەوە کە هیچ لەمەڕ مەرجداری وەها نازانێت و، بێبڕانەوەی ئەوەی جڤاک-مێژووکردانە بەو خاڵە گەییوە لە مەرجداری و نەبڕانەوە بەئاگا بێت. ئەڵهای بوونە ئادەمیمە چون دەرکی هەڵبەستنی ئامادەگیم لە دونیا، کە هەڵبەستنی ئەوانی دییە و سۆبژەی فاکتە/هۆکارە جینەتیکەکانە کە من بەهۆی جڤاک-فەرهەنگزادە و هۆکارە مێژووکردەکان بۆم ماونەتەوە، وێڕای ئەمەش، ئامادەگییەکە کە ئەو هەڵبەستنانە دەبێ پتر دەگەڵ خۆمدا بکرێت. جێی تەوس[280] دەبێت گەر هۆشیاری ئامادەگیم لە دونیا لەو دەمەدا پێشنیازی پەژراندنێک نەبێ کە نەمدەتوانی لە هەڵبەستنی ئامادەگی خۆمدا پێوار بم. نکارم خۆم وەکی کەسێکی ئامادە لەنێو دونیا درەک بکەم و لە هەمان دەمدا وەک ئاکامی تەواوەتی ئەو ئەنیایانەی[281] پێم نامۆن، ڕوون بکەمەوە. گەر *وەها* بکەم، ساکارانە دەستبەرداری بەرپرسایەتی مێژووکرد، ئاکار، جڤاک و، سیاسەتکاریم بۆ ڕەسینی خۆم لە سیستەمی بیمەی ژیان بۆ گووڕانی *هۆمۆ ساپینس* *Homo Sapiens* دەبم. لەو لایەنەوە، واز لە لێوەشانەوەم لە هەبووناسیم بۆ دەستتێوەردان لە دونیا دەهێنم. ئەو لایەنە ڕاستینەیەی کە وەها دەرکی

---

[273] گرژی = Tension

[274] شوورەی = Decency

[275] بێشوورەی = شوورەیی، هیچ شوورەیی ناکەیت؟ Indecency

[276] بەنی ئادەم = لەو وڵاتە هەموو شت زۆرە، بەنی ئادەم کەم، هێمن، «تاریک و ڕوون»

[277] گۆڕانبەدەر = گۆڕانکاری بۆ نییە Irrevocable؛ immutable

[278] هەوڵ و هەڵە = Trial and error

[279] ناچارەتی = Determined

[280] تەوس = Ironic

[281] ئەنیا = هێز و گوڕ force

خۆم دەکەم لە دونیا، دەگەڵ دونیا و، ئەوانی دی بم، دەرکی «دەگەڵبوون»ی لێ دەزێت کە هەر بەڕاست کێم و وەها لە هەقبەندیم بە دونیاوە دەکات بنجی ئەوەی کێم، بێت. بە مانایەکی دی، ئامادەگیم لە دونیا چەشنی ئامادەگی کەسێک نییە کە بەدەگمەن خۆی بە شتێکی «دەرەکی» دەسازێنێت، بەڵان بە کەسێک کە تێخزێندراوە هەر وەک ئەوەی بنەڕەتیانە سەر بەم بێت. ئەمە پێگەی کەسێکە دەخەبتێ تا ببێتە سۆبژە و چێکەری مێژوو و نەک ساکارانە سست، ئۆبژەیەکی دابراو بێت.

ئەڵهامە ببمە بەنی ئادەم هەرچەندە دەزانم کە ئەو مەترِیاڵ، جڤاک، سیاسەت، فەرهەنگ و دۆخە ئایدۆلۆژییەیانەی خۆمانیانی تێدا دەدۆزینەوە بەزۆری هەمیشە داڕێژەری ئەو ناکۆکیانەن کە هەڵبەستنی گۆڕانکاری نموونایەتی و بارگۆزین سەخت دەکات! هەروەها دەشزانم ئەم بەربەستانە ناوەکی نین.

لە 1960کان، وەختێک بیردانەوەم لەسەر ئەم بەربەستانە دەدا، جارِی ئاگامەندیم[282] دەدا، نەک وەک چارەسەر بەڵکە وەک کۆشانێک لە هۆشیاری ڕەخنەکارانەی ئەو بەربەستانە و هۆکارەکانیان. وە سەرەڕای پراگماتیک، کۆنەپەرستی و، فەلسەفاندنی نیولیبرِالیزمی چارەنووسایەتی، هێشتاش بەبێ کەوتنە نێو داوی نموونایەتی[283]، مکوڕی ڕەهای ناچارەکی ئاگامەندیم. ئەوەی ڕاستی بێت، ئاگامەندی داخوازیی دۆخی مرۆییمانە. یەکێکە لەو شارێیانەی دەبێت بەدوی بکەوین گەر گەرەکمانە نغرۆی هۆشیاری دونیای خۆمان، فاکت، بوویەر و، داوا ئاگاییە مرۆییەکان بین بۆ فراژووتنی توانستی کونجکۆڵی زانیارناسمان. زۆر دوور لەوەی نامۆ بە دۆخی مرۆیی خۆمان بین، ئاگامەندی ماکی «بێبرانەوە»ی مرۆڤایەتییە کە هۆشیاری بێبرانەوەبەدەریەتی. ئەمە شتێکی سروشتییە چون بێبرانەوەبەدەری تێکبەستەی دیاردەی[284] ژیان خۆیەتی، وێڕای ژن و پیاوان، دارگێلاسی باخەکەم و ئەو مەلانەشی لەسەر لکەکانی دەخوێنن، لەخۆ دەگرێت. وەیا ئێکۆی Eico سەگە پاسەوانەکەم هەموو سپێدەیەک بە ڕوویەکی خۆشەوە سڵاوم لێ دەکات.

لەنێو خۆمان وەک ژن و پیاوان، بێبرانەوەبەدەری خۆمان دەپەژرێنین. وە ئەم هۆشیارییەش ناچارانە پێشنیازی تێچینی مە لە پێڤاژۆی گەران، کە بەهۆی کونجکۆڵیەوە ئەنگیزە دراوە دەکات و ئەمەش پیادەی سنوورەکانی سەر بە دیاردەی ژیانی وەهایە، بوونە پێشڕەوتی ڕەگاژۆ و بنەمای بەرهەمهێنانی زانیاری بۆ ئەو کونجکۆڵییەی دەمێکە زانیارە.

هێندە نابێت، خۆم و نیتا Nitaی هاوسەرم لە یەکێک لە فرۆکەخانەکانی باکووریخۆراوای بەڕازیل Brazil، چاوەنۆڕی فرۆکە بووین. فرۆکەی ڕێدای Red-eye لە ساو پاولۆ São Paulo نیشتەوە. تەواو شەکەت و پەشیمان بووین کە فرۆکەکەمان نەگۆڕیبوو. لە کۆتادا، ئارام و ئەهوەن بووینەوە، بەزۆری لەبەر ئامادەگی زارۆکێکی گچکە کە دڵشادانە ڕای دەکرد، کونجکۆڵ و پەرۆشانە هانە درابوو. بە نێزیکبوونەوەی دەنگی مەکینەی فرۆکەکان گوێی بەرز دەکردنەوە، بە دایکە شادەکەی ڕادەگەیاند کە فرۆکەکە دەگات. دۆزەوەکەی دەسەلمێنێ. هەربۆیە، دوور لەمەوە تا کۆتای ژووری چاوەنۆڕی بە ڕێژەیەکی نێزیکتر ڕاهێنانی کونجکۆڵییەکەی دەکرد. دەگەڕێتەوە، بە دڵنیاییەکی پتر و دڵشادانە دەڵێت: «فرۆکەکە دەمێکە نیشتۆتەوە!».

لێرە خستنەڕوویەکی باڵکێشی کونجکۆڵیمان هەیە دەبێتە زانیار. سەرەتا، منداڵەکە بە کونجکۆڵی خۆی جۆش دراوە، لە بەستێنی «چاوەنۆڕی» مامەڵەت دەگەڵ دەنگی مەکینەکان دەکا و، بەو زانیارە وەیا فاکتە دەگا کە فرۆکەکە نێزیک دەبێتەوە. دووهەم، بە کار هێنانی ئاوەڵفرمانی «دەمێکە»، کاتی گەیشتن کورت دەکاتەوە و دەتوانێ بزانێ داخۆ فرۆکەکە

---

[282] ئاگامەندی = Conscientization
[283] نموونایەتی = Idealism
[284] دیاردە = Phenomenon

لە ڕاستیدا نیشتۆتەوە وەیا خەریکە بگات. هەربۆیە، ئەم دوو ساتە لە پێڤاژۆی زانینی منداڵەکە بەرهەمی بەرهەستی فاکت و ئەو داخوازییەیە کە دەتوانێ هەڤبەند بە بۆچوونی کات ڕاهێنان بکات، بە ئاوەڵفرمانی «دەمێکە» گوزارەی لێ کراوە. بە گەڕانەوەمان بۆ ئەو ساتەی کەمێک لەمەوپێشتر باسمان کرد، ئەوەمان بیر[285] دەکەوێتەوە بە هۆشیاریمان لەمەڕ بێبڕانەوەبەدەریمان دەبینە بوونەوەرێکی خودان بەرپرسایەتی، ئەمەش هەر لەبەر ئەم بۆچوونی ئامادەگییەمان لە دونیا وەکی خودان ئاکارەتی. هەروەها ئەوەشمان بیر دەکەوێتەوە تەنێ هەر لەبەر ئەوەی خاوەن ئاکارین دەشێ بێئاکاریش[286] بین. دونیای فەرهەنگ، کە دونیای مێژووشە، ئەو دونیایە کە ئازادی، هەڵبژاردن، بڕیاردان و، بەرشیانی تەنێ هەر لەبەر ئەوەی دەشێ بەرنکوڵ، ڕیسوا، وەیا ڕەت بکرێتەوە بەرشیانن. ژبەرهێندێ، فێرکاریی ژن و پیاوان ببڕای ببڕ ناشێ ئامرازەکی[287] ڕووت بێت. هەروەها ناچارانەش دەبێت ئاکار بێت. بەرچاوی ئەم داواکارییە وەهایە نابێت ناچارەکیانە پێداگری ئەمە لە بەستێنی فێرکاریی تەکنیککاری و زانستکاری بێت. هەرچۆنێک بێت، گرینگە مکوڕی ئەمە بکەین لەبەر ئەوەی، وەک بوونەوەرێکی بێبڕانەوە، لە بێبڕانەوەبەدەریمان بەئاگاین و، لە بژاردە و بڕیاردان بەتواناین بۆشی هەیە ئاکارەتی نەبن. مامۆستای جیۆگرافی ئەوەی کونجکوڵی فێرخوازان بە پاساوی چالاکی بیرچەسپێنی میکانیکی تێ دەبات، ڕێبەستی هەرتک ئازادیی و توانستی جەربەزەی فێرخوازان دەکات. ئالێرەدا شتێک نییە بەرتەکی فێرکاریی بێت. تەنێ دەستەمۆکردنە[288].

خستنەڕووی وەها تەنها کەمێک لە ئایدۆلۆژیی قەدەرایەتی هەوێڵی بیری نیولیبڕالیزم جوێیە، قوربانیانی ئەمەش بێشک تێکڕای چینەکانن. بیانوی ئەمەش ئەوەیە هیچ شتێک ناتوانێت ڕەوتی بوویەرەکان بگۆڕێت. بۆ میناک، بێکاری، شتێکی حەتمییە کە دونیا بەرەو سەردەمێکی نووی کۆتای ئەم سەدەیە هەنگاو دەنێت. نووکە، هەمان قەدەرایەتی دەست نادات وەختێک باسەکە باسی ترلیۆن دۆلاری شۆپاندنی یەکدییە لە دونیا بەو فاکسە بلەزانە، بە گەڕانێکی بێوچان بەدوی قازانجی پتردا. لە بەستێنی کشتسازیدا، لێرە لە بەڕازیل ئەوانەی خاوەنی دونیان بە هەر نرخێک بێت باس لە پێویستی جڵەوگرتن، نەرماندنی[289]، بزاڤتی پەشێو و جڵەوبەدەری خەڵکانی بێزەوی دەکەن. هەروەها، زەویسازی[290] خۆی زۆر لەوە بەدەرە شتێکی حەتمی بێت. ئەمە تەنێ خەڵکانی بەڕازیلی ناپاک و ئاژاوەچییەکانن پێشنیازی بیرۆکەی وەها گەوجانە دەکەن.

سا با کەمێک زیادتر بیردانەوە لەمەڕ ئەم پرسی ناکامڵیەتییە[291] بکەین. وە ئەم ناکامڵیەتییەی دەزانێ خۆی دەبێت وەها بێت، کە ڕەوشی مەیە نەک ئاژەڵان. ئەم ناکامڵیەتییە پێشنیازی بزاوتی گەڕانێکی هەمیشەکاتمان بۆ دەکات. لە ڕاستیدا، ئەمە دژوەستان دەبێت گەر ئەو هۆشیارییەی لەمەڕ ناکامڵیەتییمان هەمانە سەرگەرمی بزاوتنێکی یەکبینی گەڕان نەبێت. ژبەرهێندێ، ژن و پیاوان بەو فاکتە کەمەی *لە* دونیادان ناچارانەش دەبێت *دەگەڵ* دونیادا بن. بوونمان *دەگەڵ* بوونە. هەربۆیە، لە دونیا بوون بەبێ چێکردنی مێژوو، بەرتاوی ئەم مێژووە چێکراوە نەبێت، بەبێ چێکردنی فەرهەنگ، بەبێ هەستیاری[292] ڕووەو ئامادەگی یەکێک لە دونیا، بەبێ خەون، ستران، موزیک، وەیا نیگارکێشان بەبێ بەتەنگەوەبوونی زەوی وەیا ئاو، بەبێ دەکار هێنانی دەستەکانی کەسێک، بەبێ داتاشین وەیا فەلسەفاندن، بەبێ هیچ بۆچوونێک لەمەڕ

---

[285] بیرکەوتنەوە = Recall
[286] بێئاکار = Unethical بێئەخلاق
[287] ئامرازەکی = Instrumental
[288] دەستەمۆکردن = Domestication
[289] نەرماندنی = Soften
[290] زەویسازی = Land reform
[291] ناکامڵیەتی = Incompletness
[292] هەستیاری = Sensibility

دونیا، بەبێ زانستکاری وەیا دینناسی[293]، بەبێ هەیبەت سەرباری ڕاز ژی، بەبێ فێربوون، ڕێنما، فێرکردن، بەبێ بیرۆکەکانی لەمەڕ فێرکاریی، بەبێ بوونە سیاسەتکار، بەتەواوی شیانبەدەرە.
ئەمە لە ناکاملیەتی خۆماندایە لەو شتەی لێی هۆشیارین، کە فێرکاریی وەک پێڤاژۆیەکی هەمیشەکات ڕەگاژۆیە. ژن و پیاوان بەتوانان لەوەی فێر بکرێن تەنێ تا ڕادەیەک کە بتوانن خۆیان وەک بێبڕانەوەبەدەر بپەژرێنن. فێرکاریی ئێمە ناکاتە بەرفێربوو[294]. ئەمە تەنێ بوونی هۆشیاری بێبڕانەوەیمانە دەمانکاتە بەرفێربوون. وە هەمان هۆشیاریش کە ئێمە تێخزێنراوین دەمانکاتە پەیجۆرێکی کاتبەدەر[295]. کاتبەدەر ژبەر هیوا. هیوا تەنێ پرسی ئازایەتی و بوێرایەتی نییە. بەڵکە ڕەهەندێکی هەبووناسی دۆخی مرۆڤکارییمانە![12]
ئەمە بنەمایەکی بنگەی کاروباری فێرکاریی سازوتەیاری فێرکردنمانە. کەسانی نموونە **ideal**، فێرکار، فێرخواز و، مامۆستایانی خودان دیدگا دەبێ پێکەوە بە شێوەکانی دی زانیار بەڵەد بن کە پاژێکی کەمی پلانی فێرکاریین[296]. دەبێت بە شێوازی خۆیان لە ژیان بە هیوای هەمیشەکاتی بێمانەند کە گەڕانیان پێ دەدات، هاواهەنگ بن، کە یەکێک لە دەرەنجامە بنەڕەتییەکانی (وە گریمانەکراوی) بێبڕانەوەبەدەرییە. دەرەنجامێک سەرەتا وەک زانیار دەست پێ دەکات و بە تێپەڕینی کات بۆ دانایی بارگۆز کراوە. شتێکی وەها بە هیچ شێوەیەک بۆ مە وەک فێرکاران نامۆ نەبێت. وەختێک دەگەڵ فێرخوازان ماڵ جێدێڵم تا بچمە سەرکار، هیچ شکێک دە ئاوەزی مندا نییە، کە ئاواڵەیی ڕووەو کونجکۆڵی، گەڕان، ژنەوتن ڕوونە، کە زادەی[297] هۆشیاری بێبڕانەوەبەدەریمانە، «بەرنامەڕێژکراوە لێ ژبۆ فێربوون»،[13] ڕاهێنان بە توانستی فێربوون و فێرکردن زۆر زێدەتر لە بوون بە سۆبژە دەکەین نەک ساکارانە ئۆبژەی ئەو پێڤاژۆیە بین کە پێیەوە خەریکین.

ڕێز لە سەرخۆبوونی فێرخوازن بگرە

جۆرێکی دی ناچارەکی زانیار بۆ کاروباری فێرکارانە و ڕەگاژۆ لە هەمان ئەو بنەمایانەی تازەگی مشتوماڵ کراون بریتییە لەو زانیارەی باس لە ڕێزی سەرخۆبوونی فێرخوازان دەکا جا فێرخوازەکە زارۆکێک، لاوێک وەیا جەوانیک بێت. وەک فێرکار، دەبێ بەردەوام ئەم زانیارە بیر خۆم بهێنمەوە چون پەیوەست بە چەسپاندنی ڕێزگرتنە لە خۆم. ئەم بنەمایە هەمدیس، پرسی دەرەنجامە ئاکارییەکانی بوون بە بوونەوەرێکی بێبڕانەوەیە. ڕێز لە سەرخۆبوون و شکۆی هەر تاکێک پێویستییەکی ئاکارەکییە نەک پاڵپشتییەک ڕەنگە بۆ یەکدی بسەلمێنین وەیا نەشیسەلمێنین (دان بە یەکدی دابنێین یا نا). ئەمە تەواو وەهایە چونکێ ئێمە مەردمێکی خودان ئاکارین بەوەی دەشێ سنووربەزێنی بکەین ئەویش بە نکووڵی کردن لە دۆخی بنجی ئاکارەتیمان. ئەو مامۆستایەی لە جوانیناسیی فرەڕەنگ، زمانەوانی و، دەربڕینی ڕستەسازییدا ڕێز لە کونجکۆڵی فێرخوازن ناگرێ؛ ئەوەی تەنز بۆ کەمکردنەوەی ڕەوایەتی بەرپرسیاراندن[298] دەکار دێنێت «بێگومان پەژراندنی ئەم ئازادییە ڕەها نییە، کە داوای ماکی دیاری سنوورەکان دەکات»؛ ڕێزدارانە لە ئەزموونی فێرکارانەی فێرخواز، بنەما بنەڕەتییەکانی ئاکارەتی سنووربەزاندنی دۆخی مرۆییدا ئامادە نییە. ئەمە لەو ڕووەوەیە کە مامۆستای سالارپەرست ئەوەی کونجکۆڵی سروشتی و ئازادیی فێرخوازن خەفە دەکات لەگەڵ ئەو مامۆستایەی هیچ ستانداریک ناسەپێنێ هەردووکیان وەکوو یەک لە بنجی ئادگاری مرۆڤایەتیماندا بێڕێزن، بەتایبەتی، بێبڕانەوەبەدەری ڕادیکاڵیمان (وە

[293] دینناسی = Theology
[294] بەرفێربوو = بۆ فێربوون بشێت Educable
[295] کاتبەدەر = Eternal
[296] پلانی فێرکاری = Curriculum
[297] زادە = Based on
[298] ڕەوایەتی بەرپرسیاراندن = Legitimate questioning

گریمانەکراو)، کە لە بەرشیانی ڕووەو ئاکارەکیدا دەگووریێت. هەروەها لەم لایەنەشەوەیە کە بەرشیانی دایەلۆگی ڕاستینە، کە باسەکان بە بەرکەوتنی/ڕووبەڕووبوونەوەی جوایەزیان دێنە فێربوون و گەشەکردن، دەبێتە داوایەکی هاوتەریبی بێبڕانەوەبەدەریکی گریمانکراو کە خۆی وەک خودان ئاکارەکی خویا دەکات. ژبەرهێندێ کەماسی لە ڕێز وەیا تەنانەت نکووڵی کردن لەم بناخە ئاکاریانەی بێبڕانەوەبەدەریمان ناکرێ وەک شتێکی دی ڕەچاو بکرێت جگە لە «پساندنی» «دروست بیرکردنەوە». ئەوەی گەرەکمە بێژم بریتییە لەوەی هەر چ کەسێک ئەوەی دەیەوێت ببێتە نێرسالار[299]، ڕاسیست، وەیا دژمنی چینە خوارترەکان، چ گومانم نییە لەوەی هەر وەها دەکات. بەڵام من ئەمە پەسەند ناکەم چونکێ ئەم بژاردەیە لە تێپەڕاندنی بنجی مرۆڤایەتیمان پێک نایەت. ئامادە نیم ئەو بەڵگەوبەندانەی[300] بیانوو بە جێنەتیکی، جڤاکناسی، مێژووکردانەی وەیا فەلسەفەی سەروتری سپیپێستان بەسەر ڕەشپێستان، پیاو بەسەر ژنان، بەڕێوبەر بەسەر کرێکاران دەدەن، دەکار بهێنم. هەموو هەڵاواردنێک بێڕەوشتییە و، خەبتین لە دژی ئەمە ئەرکە جا هەرچییەک بێتە ڕێمان. ئەوەی ڕاستی بێت، باڵکێشی، تەنانەتی جوانی مرۆڤایەتیشمان دەنێو ئەم ئەرک و خەبتینەدایە. پێویستە بزانم دەبێت ڕێز لە سەرخۆبوون و ناسنامەی فێرخوازان بگرم ئەمەش داوای ئەم کردەکییە دەکا کە دەگەڵ ئەم زانیارەدا تەریبە.

دەرکی باو

گرینگە بەردەوام زیتەڵ و وردبێوانە لەژێر تیشکی ئەم دەرکە باوەدا هەر کردەیەک هەڵبسەنگێنین. لێ تەنانەت بەبێ بیردانەوەی وەها تەکووز ژی، بە سووکە هەستەدەریم[301] دەگەم بەوەی کە چەشنی شێوەپەروەرایەتی[302] بێهەستی لە جێبەجێکرنی ئەرکی مامۆستایەتیم سەر بۆ ڕەتکردنەوەی مەشقی فێرخواز دەکێشێت، تەنانەت وەختێک تژی لە ڕوونکردنەوەی بەسوودیش بێت، ئەمەش هەڵوەستی نایەتی پاری[303] من نمایان دەکات. ئەمە بەهۆی هەستەدەریمە پەی دەبەم بەوەی بە ڕاهێنانی سالارەتیم دەنێو پۆل، ئەو بڕیاریارانەی دەیاندەم و، ئەو چالاکییانەی ئاڕاستەیان دەکەم، ئەو ئەرکانەی دەیاندەم و، ئەو ئارمانجانەی بۆ هەرتک تاک و گرووپان دیاریان دەکەم، نیشانەی سالارپەرستایەتیم نییە. وەها پێدەچێت تا نهوژی ئەو دیلەممایەی[304] لە گرژی نێوان ئازادیی و سالارەتیدا[305] سەرهەڵدەدات، چارەمان نەکردبێت. وە هەردەم سالاری و سالارپەرستایەتی، ئازادیی و مۆڵەت تێکەڵپێکەڵ دەکەین.

چ پێویستم بە مامۆستای ئاکارناس نییە پێم بڵێت خاڵی ڕەخنایەتی تێزی ماستەرەکەم پەسەند ناکرێت گەر ئاروینکارێکی[306] دی لە جیددییاتدا قاڵ بووبێتەوە. ئەرێ لێی دەوەشێتەوە یەکێک لە ئاروێناکارەکان وەها هەڵسوکەوت بکا، گەر وەهاش هەڵبکەوێت دەگەڵ نێوەڕۆکی بەڵگەوبەندەکە کۆک بم، چ بژاردەی دیم نییە تەنێ ئەوەی بە ئاشکرا هاودڵی[307] ئەو فێرخوازە بکەم و ئێشی ڕەخنایەتی وەها زێدەڕۆی لەگەڵدا پارڤە[308] بکەم.[14] پێویستم بە پرۆفیسۆری ئاکارناس نییە پێم بڵێت، دەرکی وەها باوی من بەسە.

---

299 نێرسالار = پیاوسالار؛ نێرایەتی Macho

300 بەڵگەوبەند = Argument

301 هەستەدەری = شعور؛ هەست شکان بە شتان good sense

302 شێوە = Form، شێوەپەروەرایەتی = formalism

303 پار = پاژ؛ بەش؛ لایەن

304 دیلەمما = Dilemma کێشەی دووسەرە

305 ئازادی و سالارەتی= Freedom and authority

306 ئاروین = Exam، ئاروینکار = examiner ئەو کەسەی خەریکی تاقیکارییە

307 هاودڵی = Sympthize

308 پارڤە = Share هاوبەشکردن؛ دەگەڵ بەشکردن

به زانینی ئەمە دەبێت ڕێز لە سەرخۆبوون، شکۆ و، ناسنامەی فێرخوازن بگرم و، لە بواری کردەکیشدا دەبێ بکۆشم فراژووتن بە دید و ڕەندی تەریب بەڕەچاوگرتنیان لە کاروبارمدا بدەم و ئەمەش پێشمەرجی بنجی پیشەوەریمە، دەنا کەسێکی قسە بەتاڵم[309] لێ دەزێت.[15] ئەمە ڕاژە[310] بە چ مەبەستان ناکا، جگە لە وەڕس و نائومێدکردنی فێرخوازان، بۆ منیش دوان لەمەڕ دیمۆکراسی و ئازادیی و لە هەمان دەمیشدا ڕەفتارکردن وەک لووتبەرزێکی فرەزان.[311]

ڕاهێنانی هەستەدەری، کە دەشێ تەنێ بخرێتە سەر گرینگایەتیمان زەنەی ناخینەی «چێوە»ی کونجکۆڵییە. لەم لایەنەوە چەندی پتر ڕێبازدۆزانە کردەی توانستی پرسنی، بەراوردکاری، گومانکاری و، پێوانەکاری دەکەین، زیادتر کونجکاوێکی چاپووک دەبین و هەستەدەریشمان پتر بەڵەد دەبێت. بە ڕاهێنان وەیا بارهێنانی هەستەدەریمان سەرەنجام بەشێنەیی بە بنەما ڕەمەکییە کەمەکانی نێوی زاڵ دەبێت، هەروەها بەو دەستاوێژەش[312] کە بەزۆری بڕیار لەو ڕووداوانە دەدەین کە پێیانەوە خجڵین. وێڕای ئەمەش، گەر ئەو داوەرییەی لە بەستێنی ڕەوشت سەر بە هەندێ تەرز دەیکەم، ئەوە بەدی دەکەم هەستەدەریم بۆ سەرنجدان یا تا تاکتیکەکانم لە هەر ڕەنجێکی بەردیددا ڕەگاژۆ بکەم بەس نییە، لەگەڵ ئەمەشدا هێشتاش دەشێ دەوری بنەڕەتی لەو ڕووداوەی هەڵمسەنگاندووە هەبێت، دەگەڵ ئەو دەرەنجامە ئاکارییانەی پێیەوە گرێدراوە.

بۆ وێنە، پێم بێڕەوشتییە گەر ئەو برسییەتی و کوولەمەرگییەی کار لە ملیۆنان بەڕازیلی و ملیۆنانی سەرتاپای جیهان دەکات و پێی دەناڵێنن وەک چارەنووسێکی گۆڕانبەدەر بچەسپێنم سەرەڕای ئەو هەموو چتەی دکارین بیکەن تەنێ خۆڕاگرانە چاوەنۆڕ بین تا گۆڕانکاری بێتە ئاراوە. زۆر دوور لە گۆڕانبەدەری، کارەساتی وەها بەزۆری بە هۆی هەڵپەی کەمینەیەکی چاوچنۆکەوە ساز کراوە و دەشێت بەرملە[313] بدرێت. بۆ میناک، بە وردپێوی زانستیانە دکارم ئەوە بچەسپێنم کە شاکلیلی گۆڕینی ئەم ڕەوشە، داوایەکی هۆشەکی ساکار و جڵەوکراوە.

بە هەستەدەریم وەها هەست دەکەم شتێک هەیە دەبێت لە نیگەرانی، خامۆشی دوورەدەستی پیتەر Peter بێتە فێربوون، بە خۆشاردنەوە لەم ئەوەم بۆ خویا دەبێت کە گرفتەکە هێندە هەڤبەند بە وزەی جڵەوبەدەر، گەڕەلاوژە، بەجۆشی زارۆکەکانی دیکەوە نییە. ڕەنگە ئەوەشم بۆ نمایان نەکا بە تەواوی چیم دەوێت، بەڵان ئەوەم بۆ دەردەخات شتێک هەیە دەبێت بیزانم. لە دۆخی وەهادا، هەستەدەری سەر بۆ زانیارناسی ڕەخنەکار دەکێشێت، بەبێ ئەو هەستەدەرییە ژی وەها پێدەچێت ئاکامی سەهووی لێ بزێت. بەهەرحاڵ، زانیارناسی ڕەخنەکار بەبێ هەستەدەری، بەبێ توانستی «پێشبینیکردن»، بەدوی شک کەوتن، والایی بەرووی گوماندا، ئەوەندە ساکار بێت بەس بێت تا بزانێ کەسێک دەشێت هەڵە بکات، ڕەچەتەی شکەستە. هەست بە پەژارە و هەندێکجاریش خەم دەکەم بۆ ئەو توژکارەی خۆباوەڕی لەڕادەبەدەر لە خۆدڵنیایی وەکوو نووسەرێکی ڕاستگۆ خویا دەکات. وە ئەوەشی ناتوانێت مێژووکردی زانیاری خۆی بپەژرێنێت.

ئەوە هەستەدەریمە لە یەکەم جێ من بەرەو گومانکاری دەبا کە فێرگە، ئەو شوێنەیە کە هەرتک مامۆستا و فێرخوازان بابەتی فێرکاریین، ناشتوانێت خۆی لە جڤاک-فەرهەنگی و دۆخە ئابوورییەکانی فێرخوازن،ماڵباتەکانیان و، جڤاتەکانیان دابڕێنێت.

شیانبەدەرە باس لە ڕێزی فێرخوازان، ئەو شکۆیەی لە پێڤاژۆی ڕەوتی چێبوونە، ئەو ناسنامانەی لە پێڤاژۆی هەڵبەستندان، بەبێ بە هێند گرتنی ئەو دۆخانەی کە تێیاندا دەژین و گرینگایەتی ئەو زانیارەی زادەی ئەزموونی ژیانی ڕاستینەیە، کە

[309] قسە بەتاڵ = زۆربلێ، Empty mouther of words کەسێک زۆر بلێت و قسەکانی مانایان نەبێت
[310] ڕاژە = خزمەت Serve
[311] فرەزان = علامة؛ هەمەشتزان Known-all
[312] دەستاوێژ = ئەوزار؛ ئامراز Means
[313] ملە = Challenge, بەرملە = challengeable، ملەبەدەر = unchallenged

لەگەڵ خۆیان دەیانهێننە فێرگە، بکەیت. بە هیچ کلۆجێک ناتوانم زانیاری وەها بە کەم سەیر بکەم. وەیا لەمە زۆر خراپتر، پێی بخەنم!

چەندی پتر کاری من وەکی مامۆستا لە ڕێبازبەندی بێگەرددا هەڵدەکشێت، دەبێ ڕێزێکی زیادترم بۆ زانیاری ساکاری فێرخوازان هەبێت. ئەم زانیارە سافیلکەیە سەرشاری[314] کونجکۆڵی زانیارناسی فێرخوازەکەیە تا زانیارییەکی زانستیانەی پتر ڕەخنەکارانە بەرهەم بهێنێت.

بیردانەوە لەو ئەرکەی وەکی مامۆستا هەمە بۆ ڕێزگرتن لە شکۆ، سەرخۆبوون و، ناسنامەی فێرخواز، کە ئەمانە هەمووی لە پێڤاژۆی ڕەوتی چێبووندان، پێویستە بیر لەوە بکەمەوە چۆن فراژووتن بە کاروبارێکی فێرکارانە بدەم کە ئەو ڕێزەی دەزانم قەرزداری فێرخوازانم، دەشێت بەر بگرێت نەک ساکارانە وێڵ و نکوڵ کرابێت. کاروباری فێرکارانەی وەها داخوازی زیتەڵی هەمیشەکاتی ڕەخنەکارانەم پەیوەست بە فێرخوازان لێ دەکات. بێشک، نموونایەتی ئەمە، درەنگ یا زوو، بریتییە لە بەشداری فێرخوازان بەهۆی هەندێ میکانیزم لە هەڵسەنگاندنی وەهادا، چونکێ کاری مامۆستا بە ساکاری دەگەڵ ئەم یا ئەو نییە بەڵان تەنێ لە بەستێنی هەڤبەندی مامۆستا-فێرخوازدا مانەبەخشە.

ئەم هەڵسەنگاندنە ڕەخنەکارییەی کاری یەکێک ناچارانە شەبەنگێک دید وەیا ڕەندی خویا دەکا کە بەبێ ئەمە چ هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە وەیا ڕێزی ڕاستەقینە بۆ فێرخوازان نابێت.

بەڕەهایی تێچینی ئەم دید وەیا ڕەندییانە بۆ چەرخاندنی ئەم جۆری زانیارە پێشەمە[315] بۆ ڕێزگرتن لە سەرخۆبوون، شکۆ و، ناسنامەی فێرخوازان- کە ڕەنگدەرەوەی کۆشانی هەڵبەستانەیە و بەسەر خۆماندا دەیانسەپێنین تا مەودای نێوان ئەوەی چ دەڵێین و چ دەکەین کورت بکەینەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم مەودابڕییەی نێوان گوتار و کردەکی لە ڕەندییەکی لەپێشینە پێک دێت، بەتایبەت ئەم هاوتەرییبە. بۆ میناک، چۆن دکارم بەردەوام باس لە ڕێزی شکۆی فێرخوازن بکەم گەر من خجلی هەڵاواردن، ڕێبەست بم، وەیا بەتەنزەوە لە دوندی لووتبەرزی خۆمەوە بئاخفم، گەر ئەو گەواهییەی دەیدەم لە چەشنی درێخی نابەرپرسایەتی ئەرکی سازوتەیار و سازماندنی کردەکییەکەم بێت، لە پرسی ماف و مەحکومکردنی نادادیی بێت؟[16] ڕاهێنانی هونەر و کاروباری فێرکردن «بەتایبەتی هونەرکاری مرۆ»ی، لە خۆیدا بە قووڵی شێوەپەروەرکارییە[316] و، هەربۆیەش ئاکارەتییە. بەڕاستی، ئەوانەی ڕاهێنانی ئەم هونەر و کردەکییە دەکەن مەرج نییە فریشتە یا وەلی بن. بەڵان دەبێت هەستێکی پاک و سەرڕاستەنەیانە[317] هەبێ لەمەڕ ئەوەی ڕاستوڕەوانە.

بەرپرسایەتی مامۆستا گەلێک باڵکێشە، هەرچەندە گەلێکجار لێی شیار نین. ماکی شێوەپەروەرکاری ئەم هونەر و کردەکییە ئەوەمان بۆ دەردەخا پێشتر مامۆستا دەبێ چۆن ڕاهێنانی ئەم بەرپرسایەتییە بکات. بۆ وێنە، ئامادەگی مامۆستا لەنێو پۆل هەرگیز لە داوەری فێرخوازان دەربازی نابێت. خراپترین شت کە دەشێ لە ئامادەگی مامۆستا بەئاکام بگیرێت بریتییە لە «پەنامبوونی».

داخۆ مامۆستایەک سالارپەرستە، جلەوبەدەر، بەتوان[318]، نەتوان[319]، ڕژد، نابەرپرس، سەرگەرم، خۆشەویستی خەڵک و ژیانە، ساردوسڕ، تورە لە دونیا، بیرۆکرات، لە ڕادەبەدەر هۆشەکی، وەیا هەر شتێکی دییە، وە بە هیچ کلۆجێک ڕێی دەرەتانی لەنێو پۆل بۆ نییە هەتا جێپەنجەی خۆی بەسەر فێرخوازاندا جێنەهێڵێت. لەبەر ئەمەیە، گرینگی نموونەی ئەم

[314] سەرشار = دەراو؛ خاڵی دەستپێک Starting point
[315] پێشەم = ئەولەویەت
[316] شێوەپەروەرکار = Formational، سەربە شێوەکردن
[317] سەرڕاست = Integrity
[318] بەتوان = Competent
[319] نەتوان = Incompetent

مامۆستایە هەم لە هەلومەرجی ڕوونی پەیوەست بەم ئەرکە هەم بە توانستی خۆی بە ئەرک و مافان خویا دەکات. مامۆستاکە تا ڕۆڵی مامۆستایەتی خۆی جێبەجێ بکات ئەرکێکی لەسەرشانە ئەویش دەبێت وانە بڵێتەوە .وە بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە ژی، چەند مەرجێکی وەکی: پاکژی، شوێنی ڤیزیکی شیاو و، ژینگەیەکی جوانیناسە پێویستە. بەبێ ئەم «مەرجانە»، «کایەی پێداگۆگی» هەردەم لە ناڵیندایە. لەو دەمانەدا، کەماسی لە کایەی وەهادا ژینگەیەکی وای لێ دەزێت کە پێداگۆگییانە شیانبەدەرە تا پیادە بکرێت. وە ئەمەش تاوانە بەرانبەر فێرکار و فێرخواز و هونەری فێرکردن.

خاکەڕای، چاوپۆشی و، تەقەلای مافی فێرکاران

گەر شتێک هەبێ دەبێ فێرخوازانی بەڕازیل لە ساڵەکانی بەراییان بیزانن، بریتییە لە ڕێز بۆ فێرکاران و خودی فێرکاری خۆی، وە بە لەخۆ گرتنی تەقەلای مووچە کە شایانی پیشەی فێرکردن بێت. وە ئەم تەقەلایەش کرۆکی ئەرکی سەرشانە. لەم لایەنەوە، ئەم خەبتینی بەرگری مامۆستایان لە شکۆ و مافەکانیان دەبێت وەها دەرک بکرێت کە پاژێکی تێکبەستەی کاروباری فێرکردنیانە. شتێکی وەها کە سەر بە بنجی بنەما ئاکارییەکانی فێرکردنە نەکوو شتێک بێت لە دەرەوەی چالاکی فێرکردن. شتێکی وەها کە پێیەوە تێکبەستە. خەبتینی تێچینی شکۆ بۆ نێو کردەکی فێرکردن زیادتر پاژێکی چالاکی فێرکردنە وەک ئەو ڕێزەی کە مامۆستا دەبێت بۆ ناسنامەی فێرخوازان، بۆ فێرخوازەکە خۆی و، مافی خۆی ڕووەو بوونی هەیبێت. لێرە لە بەرازیل یەکێک لەو کارە قێزەونانەی سالارە پێکهاتووکان بە ئێمەیان کردووە لەو کاتەوەی کە بنەماگەلی جڤاکی ئێمە ڕووەو قەدەرایەتی و بەدبینی بێباکانە دنەمان دەدات، زادەی شەکەتی هەبوونکارە، کە بە وەلانانی سەرپاکی هۆکارەکەیەتی بە جۆرێک کە سیستەمی فێرکاریان پەراوێز خستووە. «هیچ شتێک نییە ئێمە بکارین لەمەڕ ئەمە بیکەین»، ئەمە ئاهی شەکەتییە کە زۆرجار دەیبیستین لێ ناتوانین پەسەندی بکەین!

ڕێزی من وەک مامۆستا بۆ فێرخوازان، بۆ ئەو کونجکۆڵی و ترسەی فێرخوازان کە نابێت سنووورداری بکەم یانژی بە ژێست یا هەڵوێستەی نابەجێیانە قەدەغەی بکەم، داوای چاندنی[320] خاکەڕایی و چاوپۆشیم لێ دەکات. چۆن دکارم ڕێز لە کونجکۆڵی فێرخوازان بگرم گەر کەماسی خاکەڕای هۆشمەندی و تێگەیشتنی ئاوەرانەم لە ڕۆڵی نەزانین لە پێڤاژۆی گەیشتن بە زانین هەبێت، لە خویا کردنی ئافەرۆزەی خۆم دەترسم! چۆن دەتوانم خۆم وەک فێرکارێک بزانم، بەتایبەتی لە بەستێنی بیروالا[321] و کاروباری فێرکردنی ڕووناککراودا/ڕۆشنکراودا، گەر نەتوانم فێر بم بژیم وەل ئەو شتانەی جودان جا کەم یا زۆرم لەسەر دەکەوێت؟ چۆن دکارم ببمە فێرکارێک گەر لە خۆمدا فراژووتن بە دیدی خۆشەویستی و بەتەنگەوەبوون[322] ڕووەو فێرخوازان نەدەم، کە بنجی پاژی ئەو کەسەیە خۆی پابەندی وانەگوتنەوە و پێڤاژۆی فێرکاری کردووە. تەنێ دەتوانم ڕقم لەو شتە بێت کە دەیکەم چونکێ باش نایکەم. هیچ هۆکارێکم نییە تا بە خراپی ڕاهێنان بە کارکردی فێرکردنم بدەم. بەرسڤی من بۆ ئەو خراپەکارییەی دەرهەق بە فێرکاری کراوە بۆ خەبتینی ئاگایانە، ڕەخنەکارانە و، سیاسیکارانەیە بە شێوازێکی ستراتیژانە دژی ئەوانەی تاوانی وەهایان کردووە. ڕەنگە بگەمە دۆخی شەکەتباری کە ڕازی کراوم گەڕانم بەدوی شتێکی باشتردا فەرامۆش بکەم. ئەوەی ناتوانم بیکەم مانەوەیە تێیدا و بە هۆی هەستی جاڕسی و کەماسی ڕێز ڕووەو خۆم و فێرخوازان دێتە خوارێ.

[320] چاندن = Cultivation
[321] بیروالا = Open-minded
[322] بەتەنگەوەبوون = بەدەمەوەبوون Caring

یەکێک لە شێوەکانی خەبتین دژی کەماسی ڕێز لە پاژی سالارانی پێکهاتوو بۆ فێرکاری، لە لایەک بریتییە لە ڕەتکردنەوەی خۆمان لە بارگۆزی فێرکردنمان بۆ نێو دانکاری[323] و، لە لایەکی دی، ڕەتکردنەوەی دەستەمۆکردن، دیدی باوکەتیمانە ڕووەو فێرخوازان.

ئەمە کارزانی و جیددیەتی مەیە وەک کەسانی پیشەوەر بۆ سازماندنی[324] سیاسیانەی ئەو هێزەی ئێمە وەک فێرکاران هەمانە. ئەم وێنەیەی هێزی خۆمان بریتییە لەوەی ئێمە دەبێت چۆن خۆمان ببینین. ئەمە لەو لایەنەوەیە کە سەندیکاکانی فێرکاری/مامۆستایان و دەزگەکانی دی پێشەم بە فێرکردنی نووکەی نێو خۆمان وەکی ئەرکێکی سیاسیانەی گرینگ بدەن. وە ئەم ئەرکە سیاسییە بە ئاشکرا پرسی ئەم بیرۆکەیە وەک ئەوزاری خەبتین دێنێتە کایەوە. وە شتێک ڕەنگە دووبارە شایەنی بیر لێ کردنەوە بێت. نەک مەرجە چیی دی دەکاری نەهێنین. بەڵام ڕوونە ئەمە شێوەیەکی مێژووکردانەی مەرجداری خەبتینە، ڕەنگە پێویستییەک هەبێت تا لە شێوە نوو وەیا سازکراوەکان بڕواندرێت.

توانستی تێگەیین لە داکەوت[325]

یەکێکی دی لەو زانیارانەی بنجی کاروباری فێرکارییە بریتییە لەوەی بە لایەنی هەرەسروشتی ئەم کاروبارەوە گرێدراوە. وەکی مامۆستا دەبێت ڕێکوڕەوان بم پەیوەست بەو شتەی خجڵێیم. پێویستە ڕەهەندە فرەجۆرەکان بزانم کە پاژی کرۆکی ئەم کاروبارەن، کە وەهام لێ دەکەن لە شێوازی ئەم نەرینە[326] پتر خاترجەم بم.

شاخاڵی دەراوی ئەم بیردانەوەیە بێبڕانەوەبەدەری دۆخی مرۆییمانە. ئەوە لەم ئاگامەندییەدایە کە بەرشیانی فێربوون، بەرباربوون[327]، فەراهەم دەبێت. ئەوە ڕۆچوونی مەیە لە ئاگاییدا هەستانەوە بە بزاوتنی هەمیشەکاتی ئاگادۆزی، پرستیژی پرسیاراندن دەدات کە ئێمە تەنێ بەرەو شیاری دونیا نابات بەڵکە ڕووەو زانیاری زانستیانە و تەکووزی ئەمەش. ئەم بزاوتنی هەمیشەکاتەی ئاگادۆزی تەنێ توانست بۆ فێربوون چێ ناکات هەتا بە دونیاوە بێتە سازاندن بەڵکە بەتایبەت بۆ دەستتێوەردان، چێکردنەوە و، بارگۆزاندنی ئەمەش. هەموو ئەمانە سەلمێنەی[328] توانسی فێربوونمانە، بۆ کامڵکردنی ناکامڵییەتیەکەمانە لە شێوازێکی جودا لە ئادگاری مەمکدار وەیا ڕووەکان.

توانستی مە بۆ فێربوون، چاوگی توانستی مە بۆ فێرکردن، پێشنیاز و نیشانەی ئەوەیە کە ئێمە توانستی سەرەدەری چییەتی[329] و کرۆکی ئۆبژەی زانینیشمان هەیە. بیرچەسپێنی میکانیکی پەتی ڕووکارە سەرڤەییەکانی ئۆبژە، فێربوونی ڕاستینە نییە. هەڤبەندی وەها دەگەڵ ئۆبژە وا لە فێرخواز دەکا ببێتە ئامرازێکی سست کە هێندێ نێوەرۆک/باس «بارگۆز» بکا، بەڵام فێربوونی وەها نکوولێکاری کونجکۆڵی زانیارناسی ڕەخنەکارە، کە بەشدار و هەڵبەستی زانیاری ئۆبژەیە. ئەمە لەبەر ئەو توانستە تەکووزە یانژی کارامەیی بۆ زەوتکردنی[330] چییەتی ئۆبژەیەکە کە دکارین ئەزموونێکی نایەتی فێربوون وەربگرین، کە فێرخوازەکە وەرگرێکی سستی کەمی مامۆستایەکی بارگۆزکارە و، لە هەلومەرجی کونجکۆڵی زانیارناسی ڕەخنەکاردا هەمدیس هەڵیدەبەستێتەوە.

---

[323] دانکاری = کاری لاوەکی، Parttime, sideline

[324] سازماندن = Organization

[325] توانستی تێگەیین لە داکەوت = Capacity to Apprehend Reality

[326] نەرین = دید؛ بۆچوون؛ لێنێڕیکبوونەوە approach, posture

[327] بەرباربوون = Being educated

[328] سەلمێنە = Evidence

[329] چییەتی = Substantiveness

[330] زەوتکردن = Seizing

ئێمەی ژن و پیاوان، تاکە بوونەوەرین کە جڤاک-مێژووکردانە فراژووتنمان بە توانستی «زەوتکردن»ی چییەتی ئۆبژەی زانینی خۆمان داوە. ژبەرهێندێ ئێمە تاکە بوونەوەرین کە فێربوونمان جەربەزەیەکی ئافرێنەرانەیە. شتێکی بەبڕشتر لە پاتەکردنەوەی وانەیەکی ساکار وەیا شتێک کە دەمێکە دراوە. بۆ ئێمە، فێربوون واتا هەڵبەستن، هەڵبەستنەوە و، نۆڕین بە دیدی گۆڕانکاری ئەو شتەی بەبێ ئاواڵەیی بەڕووی سەرکێشی، جەربەزەیی ئاوەز دەست نادات.
پێم وایە دەتوانم بەبێ هیچ ئەملاولایەک ئەوە دەربڕم، لەو ساتەدا، کە هەموو کاروبارێکی فێرکارانە داخوازی هەبوونی «سۆبژە» دەکا، ئەوەی خەریکی فێرکردنە، فێریش دەبێت. وە هەروەها ئەوەشی خەریکی فێربوونە، فێریش دەکات. دووسەرەی فێربوون لەنێوان مامۆستا و فێرخوازان ئەو شتەیە کە ئادگاری زانین بە کاروباری فێرکارانە دەدات. ئەمە کاروبارە کە دەکار هێنانی ڕێباز، تەکنیک، مەتریاڵ؛ لە تایبەتمەندی دەستوورەتی[331] خۆیدا لەخۆ دەگرێت، پێشنیازی ئارمانج، خەون، یۆتۆپیا، بیرۆکە دەکات. لەبەر ئەمە ماکی سیاسیمان بەسەر فێرکاریی و ئەو توانستەدا هەیە کە هەموو کاروبارە فێرکارییەکان لە ڕەوتی بوونە سیاسیدان و ببرای ببرِیش بێلایەن[332] نابن.
لە شێوەیەکی تایبەتانەی بوونە بەنی ئادەم، فێرکاریی زانین و دەستووره و لەبەر ئەمەش سیاسیەتبازییە. ئەمە هونەرکاری و ڕەوشتە کە تەکنیک وەکی دەستاوێژی ساناکردنی فێرکردن بەکار دێنێت؛ ترس، جاڕسی و، ئارەزۆش لەئامێز دەگرێت. ئەمە داخوازی توانستێکی گشتی لە مامۆستا دەکات کە زانیاری سروشتی زانیاری خۆ لەخۆ دەگرێت، هەروەها ئەو زانیارە تایبەتانەشی بە کایەی تایبەتاندنەوە گرێدراون.
وەک مامۆستایەک کە مکوڕی هەبوونی پێشڕەوتبین[333] دەکا و گەر منیش تەریب بەو نەرینە پێشڕەوتە بم، ناتوانم بخزێمە نێو چەشنی ساکاری کە وەهام لێ دەکات وەها بیر بکەمەوە هاوشانی فێرخوازەکانمم. ناتوانم لە زانینی تایبەتی کاری خۆم وەکی مامۆستا شکەست بێنم و ڕۆڵی بنەڕەتیم لە بەشداری ئایەتییدا ڕەت بکەمەوە هەتا فێرخوازەکانم لە فێربوونی خۆیاندا دەبنە ئەکتەر. گەر کار لەتەک زارۆکاندا بکەم، دەبێت لە سەختی گۆڕانکاری یانژی ڕێچکەی پێملی بە سەرخۆبوون هۆشیار بم. دەبێ هەردەم وریا بم کە ئامادەگی و کاری من یان ئەوەتا یارمەتییە وەیا فێرخوازان لە گەڕانی کەممانەنەی خۆیان بەدوی زانیاردا ڕاگرم؛ گەر کار لەتەک لاوان وەیا جەوانان بکەم، نابێت کەمتر لەو ڕۆڵەی ڕەنگە کاری من هەیبێت چاودێر بم ئەویش ئەوەتا یا ئەنگیزەی فێرخوازان دەدات یانژی پەیامێک بەو فێرخوازانە دەگەیەنێت کە بەقووڵی شتێکی سەهوو لەماندا هەیە پێویستی بە چارەدۆزە.
لە کرۆکدا، پێگەی من دەبێت وەکی کەسێک بێت کە تواى[334] گۆڕانکارییەتی یاخۆ ڕەتی دەکاتەوە بگۆڕێت. ناتوانم نکووڵی لە نەرینی خۆم بکەم وەیا بیشارمەوە، هەروەهاش نکارم نکووڵی لە مافی ئەوانی دی بکەم تا ڕەتی بکەنەوە. لەژێر ناوی ئەو ڕێزەی دەبێت ڕووەو فێرخوازەکانم هەمبێت، نازانم بۆ دەبێت ڕای سیاسیم دەرئامێز وەیا بشارمەوە بە جاڕدانی پێگەیەکی بێلایەن کە نییە. بە پێچەوانە، ڕۆڵی من وەکی مامۆستا بریتییە لەوەی بە مافی فێرخوازان بۆ بەراوردکاری، هەڵبژاردن، پساندن، بڕیاردان کۆک بم.
بەمدواییانە، گەنجێک کە دەستی بە تۆژینەوەی زانستگە کردووە، پێی گوتم، «نازانم چۆن بەرگری لە مافی وردەجوتیارە بێخاکەکان دەکەیت، ئەوانەی لە داکەوتدا چ نین جگە لە ئاژاوەچی/کێشەنێرەوە!». باگۆم دایەوە تۆش هێندێک ئاژاوەچییەتیت/کێشەنێرەوەیت دەنێو وردەجووتیارە بێخاکەکان هەس، لێ خەباتی ئەمان دژی چەوسانەوە[335] هەم ڕەوایە

---

[331] دەستوور = Directive
[332] بێلایەن = Neutral
[333] پێشڕەوتبین = Progressive orientation
[334] تواى = گەرەک؛ ویست
[335] چەوسانەوە = Oppression، چەوساوە = Oppressed، چەوسێنەر = Oppressor

هەم ئاکارەکییە. ئەم بەناو ئاژاوەچییانە/کێشەنێرەوانە شێوەیەکی بەرهەڵستکاری دژی ئەوانە نمایان دەکا کە دڕانە هەڤرکی کشتسازی دەکەن. بۆ من، بێڕەوشتی و کەماسی ئاکارناسی لە ئەستۆی ئەوانەیە کە گەرەکیانە بەردەوامی بە شیرازەی نادادیی بدەن.

گوتوگۆکەمان پتر لەمە درێژەی نەکێشا. گەنجەکە بەهێمنی تۆقەی لەگەڵ کردم. نازانم پاش ئەمە چلۆن مامەڵەتی دەگەڵ گوتوگۆکەمان کردووە، لێ گرینگە ئەوەی گوتم ئەوە بۆچوونی من بوو و ئەوەشی ئەم لە منەوە ژنەوتی کە پێم وابوو ڕاستە و دەبێت بگوترێت.

ئەمە ئەو ڕێگایە بوو وەک مامۆستا کۆشابووم تا پیادەی بکەم: بە باوەڕەکانی خۆمەوە بژیم؛ ئاواڵەیی بە ڕووی پێڤاژۆی زانین و سەرنجگیری ئەزموونی فێرکردن وەکی هونەر؛ بەو ملانەی لە بیروکراتاندنی کردەکیم ڕێبەستم دەکەن بەرەو پێش پاڵنراوم؛ سنووردارێم پەسەند بکەم؛ هێشتاش دەبێ هەمیشە لە ناچارەکی کۆشانی زاڵبوون بەسەر ئەواندا بەئاگا بم و وریا بم و نکارم بیانشارمەوە چون وەها بکەم دەبێتە شکەستی ڕێز هەم بە فێرخوازەکانم هەم خۆشم وەک مامۆستا.

شادی و هیوا

وێڕای ئەمەش، خجڵی من لە کاروباری فێرکارانە لە بەستێنی سیاسی، ڕەوشت و، زانین هەمیشە بە شادی مۆرکێندراوە، کە بەڕوونی مەبەست لەوەیە دەبێت هەمیشە بتوانم لە فێرخوازەکانمدا بەدی بهێنم. بەڵام قەت لە تەقەلای چێکردنی پێگەی پێداگۆگی نەوەستاوم کە شادی ڕۆڵێکی شایستەی خۆی هەیە.

هەڤبەندییەک لەنێوان ئەو شادییەی بنجی چالاکی فێرکردن و هیوایە، هەیە. هیوا شتێکە لەنێوان مامۆستا و فێرخوازان پارڤەکراوە. ئەو هیوایەی هەمووەمان پێکەوە دەتوانین فێری بین، فێر بکەین، پێکەوە ببینە کونجکۆڵی نابەگیر، شتێک بەرهەم بهێنین و، پێکەوە بەرهەڵستی ئەو بەربەستانە بکەین کە پشکووتنی شادی ڕێبەست دەکەن. ئەوەی ڕاستی بێت، لە گۆشەنیگای دۆخی مرۆییەوە، هیوا بنجی ساختارە نەک شتێکی زیادە. ئەمە دژوەستانێکی جیددی ئەوەی داخۆ ئێمە چین دەبێت، گەر لەمەڕ بێبڕانەوەبەدەریمان هۆشیار بین، وەها تەیار نەکراوین لە بزاوتنێکی یەکبینی ئاگادۆزی بەشدار بین، کە لە هەناوی خۆیدا دەربڕی هیوایە. هیوا لە بەستێنی بێبڕانەوەبەدەریمان، دنەیەکی سروشتی، بەرشیان و، ناچارەکییە. هیوا خۆشکاری seasoning لەپێشینەی نێو ئەزموونی مرۆیی، مێژووکردانەمانە. بەبێ ئەمە، لەبری مێژوو، ناچارەتی ڕووتمان دەبوو. مێژوو تەنیا وەختێک هەیە کە کات کێشەڕێژە و بە سانایی دیار نییە. حەتمیبوونی ئایەندە، نکووڵیکاری مێژووە.

دەبێت ئەمە ڕوون بێت پەنامی هیوا شێوازێکی «ئاسا»یی ڕووەو بوونە بەنی ئادەم نییە. ئەمە شێواندنە[336]. بۆ میناک، پێش هەموو شتێک من بوونەوەرێکی بێهیوا نیم کە ڕەنگە وەیا ڕەنگیشنیە دوایی بۆ کەسێکی بە هیوا بگۆڕێم. من سەرەتا بوونەوەرێکی بە هیوام، کە لەبەر چەند هۆیەک، ڕەنگە لە پاشتردا هیوابڕاو بم. ژبەرهێندێ، وەک مرۆڤ، یەکێک لە تەقەلاکانمان دەبێ بۆ کەمکردنی هۆکارە ئۆبژەکتیڤەکان بێت بۆ ئەو بێهیواییەی پەکمان دەخات.

بە دیدی من، لە ئەنجامدا دژوەستانێکی بەرفرەوان هەیە کە کەسێکی بیروالا لەوەی نووە ناترسێت، لە نادادیی قەڵسە و، بە هەڵاواردن دەناڵێنێت، بەدەست بێپەروایی دەتلێتەوە و، بەدبینی ڕەت دەکاتەوە و ڕێبەستی قەدەرایەتی نابێت تژی لە هیوای ڕەخنەکارانە بێت.

---

[336] شێواندن = Distortion

ئەمدواییانە لە ئۆليندا Olinda، بەيانييەكی باراناوی خۆرەتاوی بەتين، لەگەڵ دانيلسۆن پينتۆ Danilson Pinto كە فێركارێكی لاوی ڕەمەكە[337]، لە Ghetto گيتۆدا دەڕۆيشتين. گوتوگۆكەمان باسێكی تايبەت بوو، دانيلسۆن بە قسەڕەوانی خۆی لە هەر وشەيەک و بيردانەوەيەكی دەريدەبڕی، ئەو هاوتەريبە ديمۆكراتی و ئاوەرە ڕەمەكەی ئەم تێيدا ژياوە، خويای دەكرد. لە ژينگەيەكی تژی لە هەموو جۆرە ناياندنێكی هەم دەروونناسانە[338] هەم جەستەييانە، لە ژينگەيەكی دڕ و هەڕەشەی دڕيی و دڵساردی، جاڕسی و، ئازار، لە ژينگەيەكی وەها كە چنينی دەزووەكانی ژيان تەنێ بە نرخی مكوڕی بوێرايەتی بەرشيانە، بەويدا ڕۆيشتن و بە ئەوپەڕی دڵ و ئاوەزی كونجكۆڵ و پەرۆش و، والآی بە ڕووی دونيادا دەدواين. كە بە شەقامەكانی ئەو ناوچەيەدا ڕەت دەبووين، بە فەرامۆشكردن پڕێش و جاڕس كراوە، ئەزموونی دەمی لاوی خۆم لە گيتۆكانی دی Olinda و Recife بير كەوتەوە. گوتوگۆ دەگەڵ ئەو ژن و پياوانەی پێدەچوو ڕۆحيان بە سەختی ژيان هەلاهەلا بوو بێت. وەها بۆمان دەردەكەوت كە پێ بەسەر پەژارەی مرۆڤ دابنێين كە باسی جۆرە جياوازەكانی كێشەی تايبەت بەم ناوچەيەمان دەكرد. ئەرێ ئێمە وەكی فێركار بە كاركردنمان لە بەستێنی وەهادا دەتوانين چی بكەين؟ ئايە شتێک هەيە بتوانين بيكەين؟ وە چۆن دكارين بيكەين؟ ئێمەی بەناو فێركاران چيمان پێويستە بيزانين تا يەكەم هەنگاو بنێين لە پێكەوە هێنانی ئەو ژن، پياو و، منداڵانەی ناپاكی بە مرۆڤايەتی و هەبوونيان كراوە و شكێندراون؟ زيندانيانی بێبژاردە، بڕياردان، ئازاديی وەيا ئاكارناسی. «دەشێ چ بكرايە؟ بەهەمەحاڵ دونيا بەم شێوەيە»، دەبێتە بەرسڤێكی ستاندارد، وەكی بەرپێشبين، ڤەبری[339] و، دووپاتە وەكی هەبووناتی مرۆڤ خۆی. لە سيناريۆی وەها قەدەركراو، كە هيچ شتێک نوو نييە دەگەڵ وەرچەرخان[340]، بەرشيانە.

مافی خۆمە تووڕە بم، وەک بنەمای ئەنگيزەی خەباتم پێشانی بدەم و بە كاری بهێنم، هەر وەک ئەو مافەی بۆ خۆشەويستی هەمە و خۆشەويستی خۆم بەڕووی دونيادا دەربڕم وەک بنەمای ئەنگيزەی خەباتم بە كاری بهێنم چونكێ لە دەمی بەرشيانی مێژووييدا دەژيم نەک ناچارەتييدا. گەر داكەوت ناچارەتی ڕووت با لەبەر ئەوەی وەها بڕيار يا پلانڕێژ كراوە، كەوايە هيچ هۆكارێک نابێت بۆ تووڕەبوون. مافی تووڕەبوونم گريمانەی ئەوە دەكات كە ئەو ئەزموونە مێژووكردەی بەشداری تێدا دەكەم سبەينێ ديار نييە بەڵكە بەرۆكگيری و كێشەيەكە. تووڕەيی من لە ئاژری[341] سەرباری نكووڵی ئەو مافانەی لەنێو كرۆكی دۆخی مرۆيين، ڕەگاژۆيە. لە ناوەڕاستی پردێكی پيادەڕۆی تەسكدا ڕاوەستاين كە لەم گيتۆيەوە بەرەو ناوچەيەكی كەمتر فەرامۆشی شارۆچكەكە دەگات. تەماشای خوارەوەی ڕووبارێكی وشكی پێچۆكەی پيسمان كرد، قوڕ لە ئاوەكە زيادترە، كە دەسكە پۆلكەی وشكبوو بۆگەن بوونە. دانيلسۆن گوتی، هەزار خۆزگە بە پۆلكەكان، خاكی بەفيڕۆدراوی گشتييە كە بۆتە زبڵدان. ئەو خەڵكانەی لەم نێوە دەژين لەنێو زبڵكە بەدوای شتدا دەگەڕێن بيخۆن، بەدوای جلكوبەرگدا تا لەبەری بكەن. ئەمان بەو شێوەيە زيندوو دەمێنن. لەم سەرانگوێلكە دزێوە، دوو ساڵ لەمەوپێش، ژنێک لەتەكانی مەمكێكی براوەی دەرهێنا بوو و بۆ شيوی يەكشەممەی خێزانەكەی لێنابوو. كۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ سازكراو و لە دوايين كتێبم *Pedagogy of the Heart* لەسەريم نووسی. نازانم چ بەرتەكێكی دەنێو بيريارانی نيوليبراڵی پراگماتيكدا ورووژاندووە، بێجگە لەوەی ڕەنگە قەدرخوازێكی ئاسايی شانی بەرز بكاتەوە و بڵێت: «سامناكە، لێ لەمەڕ ئەمە ناتوانرێت هيچ بكرێت. ئەمە بەو شێوەيە كە شتەكان هەن!».

---

[337] فێركارێكی لاوی ڕەمەكە = A young grassroots educator، ڕەمەک = ڕەشۆک

[338] دەروونناسانە = Psychological

[339] ڤەبری = نەگۆڕ؛ جێگير monotonous

[340] وەرچەرخان = Revolutionary

[341] ئاژری = ڕک؛ تووڕەيی؛ ڕق؛ قين؛ پەستی Indignation

ئەوەی ڕاستی بێت، هەرچۆنێک بێت، ئەمە حەتمی وەیا گۆڕانبەدەر نییە. ئەمە ڕوو دەدات وەها بێت هەر وەک چۆن دەشێت شتێکی دی بێت. وە گەر ئێمەی بەناو بیریارانی پێشڕەوت گەرەکمانە شتێکی دیکە بێت، دەبێ بخەبتین. دان بەوەدا دەنێم بەڕاستی غەمبارم، تەنانەت بێتاقەتیش و، بەبێ هیچ دەستاویژێک بۆ ئامادەگیم لە دونیا گەر هۆکارێکی بەهێز و ئاوەرانە هەبێت بڵێت لە کۆتادا هەبوونی مرۆڤ ناچارەتییە. هەربۆیە ناتوانم قەدەرخوازانە سەرەڕای کولەمەرگی بێخەم لێی دابنیشم، بەم جۆرە خۆ لە بەرپرسایەتیم لادەم، لەپشت خەمساردی خۆم بشارمەوە، بەدبینی کۆنینە پاساو بە دەستپاچەییم دەدات چونکێ، «هیچ شتێک نییە تا بکرێت!». سووربوون لەسەر ئەوەی پتر تەماشاچی بن؛ بانگکردن بۆ (تەنانەت شادی) بێدەنگی؛ کە لە ڕاستیدا ڕێگرییە لەوانەی کپکراون؛ سروودی سوپاسگوزاری سازان بە قەدەر وەیا چارەنووس؛ هەموو ئەو شێوە گوتارانە نایاندنی ئەو پێڤاژۆ مرۆڤاندنانەیە[342] کە ئێمە بەرپرسایەتییەکی خۆدزینەوەبەدەرمان[343] هەیە.

سازین بە دۆخگەلی وەها کە لە نکوولی مرۆڤاندن پێک دێت پەسەندە تەنێ وەکی دەرەنجامی ئەزموونی بەرزاڵبوون یانژی کۆیلەکراو وەیا وەک شێوەیەکی بەرهەڵستی یا تاکتیکی خەباتی سیاسیانە. ئێستە وەها ڕادەنوێنم کە دۆخی کڕبوون پەسەند دەکەم، لێ وەختێک دەرفەتەکە لەبار بوو، دەجەنگم دژی ئەو شتەی نکوولی مرۆڤایەتیم لێی پێک دێت. ئەم ڕەوایەتیدانە[344] بە تووڕەیی سەرەڕای پەسەندکردنی قەدەرایەتی نایاندنی پێڤاژۆی مرۆڤاندن، مژاری نێوتۆژی نێو گوتوگۆکەی تەواوی ئەو بەیانییەمان بوو.

گۆڕینی ئاوەر بەرشیانە

یەکەم جۆری زانیار بۆ ئەو کەسەی دەگاتە گیتۆ یا هەر شوێنێکی دی بە ناپاکی لە مافی مە «بۆ بوون» ئاجاخە[345]، وە بریتییە لەو جۆرە زانیارەی کە دەبێتە هاودەنگی، «دەگەڵ بوون». لەم بەستێنەدا، ئایەندە وەک شتێکی حەتمی نەدیتراوە بەڵکە وەک شتێک بە خەڵکی پێکەوە سەرقاڵ لە ژیان، مێژوودا هەڵبەستراوە. ئەوە ئەم زانیارەیە کە مێژوو وەک بەرشیانی دەبینێت نەک وەک قەدەرکراوی زووتر. دونیا کۆتای نەهاتووە. هەردەم لە پێڤاژۆی ڕەوتی چێبووندایە. ئەو سۆبژەکتیڤییەی دیالێکتانە بە دونیاوە هەڤبەندی دەکەم، ڕۆڵی من لە دونیا، لە پێڤاژۆی تەنێ لە نۆڕینی ئەوەی چ ڕوو دەدات سنووردار نەکراوە بەڵکە دەستتێوەردانیشم وەک سۆبژەی ئەوەی چ لە دونیادا دەگوزەرێت لەخۆ دەگرێت. ڕۆڵی من لە دونیا ساکارانە وەکوو ئەو کەسە نییە ئەوەی ڕوودەدات تۆمار بکات بەڵکە کەسێکە داخونە[346] بۆ نێو ئەو شتانەی ڕوودەدات. یەکسانانە سۆبژە و ئۆبژەی پێڤاژۆی مێژووکردم. لە بەستێنی مێژوو، فەرهەنگ و، سیاسەت، ڕووداوەکان تۆمار دەکەم نەک بۆ ئەوەی خۆمیان پێ بسازێنم بەڵکە بیانگۆڕم، لە دونیای فیزیکیدا کەسێکی دەستوپێسپی نیم. بۆ نموونە، زانیارمان لەمەڕ بومەلەرزە یارمەتییە تا فراژووتن بەو جۆرە ئەندازیارییە بدەین کە زیندوومانمان لە دەمی بومەلەرزەدا بەرشیان دەکات. نکارین بنەبڕیان بکەین، لێ دکارین تاویان کەم بکەینەوە. هەربۆیە، بە توانستمان لە تۆمارکردنی فاکت و ڕووداوەکان، دەرۆستی دەستتێوەردان دێین. وە ئەمەش جۆری نووی زانیار دادەڕێژێت زۆر ئاڵۆزتر لە سازاندنی ساکار بە دۆخی «ملەبەدەر» و بەردیددا. هەربۆیە ئەو کەسانەی دەنێو ڕەوتی فێرکارییدان یانژی ئەوانەی بایەلۆجی، فیزیا، جڤاکناسی، وەیا ماتەماتیک دەخوێنن کە بەزۆری پێداگری پێگەی بێلایەنی سافیلکە وەیا ستراتیژکارانە دەکەن، قەبوڵ

---

[342] مرۆڤاندن = Humanization

[343] خۆدزینەوەبەدەر = Unshirkable ناتوانین خۆمان لە بەرپرسایەتی ببویرین

[344] ڕەوایەتیدان = Legitimization

[345] ئاجاخ = ئاشکرایە؛ خویایە؛ نمایانە

[346] داخون = Input، دەرخون = output

ناکەم (لەبەر ئەوەی بەرشیان نییە). کەس ناتوانێت لە دونیادا، دەگەڵ دونیا و، ئەوانی دی بێت و دۆماندن بە نەرینی بێلایەنەتی بدات. ناتوانم دەنێو دونیای بەستێنهەڵوەشاودا[347] بم، ساکارانە لە ژیان بنۆڕم. بەڵێ، دەتوانم پێگەی خۆم وەربگرم و خۆم جێگیر بکەم، لێ تەنێ وەک هۆشیار بوون لە تێخزینی من لە بەستێنی بڕیاردان، بژاردە و، دەستتێوەردان. چەند پرسیارێکی ڕژد هەن دەبێ هەمووومان بیانپرسین و ئەمەش بۆ ئێمە ڕوون دەکاتەوە کە ساکارانە خوێندن تەنێ لە سۆنگەی خوێندن، بەرشیان نییە. گەر بە شێوازێکی وەها بخوێنین بەڕاستی هیچی نییە تا دەگەڵ ئەو مەودایە، دونیای نامۆی دەرەوەدا بیکات.

بۆ کێ و چ دەخوێنم؟ وە دژی چی و کێ؟ ژیان و کاری دانیلسۆن دەبێت چ مانایەکی هەبێت لە چووکەدنیایەکی[348] وەها پڕ لە کولەمەرگی کە پێیدا دەڕۆیشتین گەر هەندێ هێزی خودان دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دەبا بڕیاردەن ئەو خەڵکانە چ بژاردەیەکیان نییە تەنێ مانەوەیانە وەک قوربانی دڕی ناچارانە کە ژیانیان بە قوڕ گیراوە؟ تاکە شتێک ئەم (دانیلسۆن) بەرشیانانە بکارێ بیکات ئەویش پێشڤەبردنی توانستی ئەم خەڵکانەیە تا خۆیان بە نایاندنی حەتمییانەی هەبوونیان بسازێنن. بەمشێوەیە، ئەم کردەکییە لە سرودی سپاسکاری دەستلەکارکێشانە[349] پتر نییە. هەرچۆنێک بێت، تا ئەو ڕادەیەی کە ئایەندە چێوەکراوی حەتمی پێشوەخت بڕیاردراو نییە، ئەرکێکی دی هەیە چاوەنۆڕی مەیە. بەتایبەت، ئەرکی مشتوماڵ کردنی ئاواڵەی زگماکانەی ئایەندە، دەرخستنی وەکی ئەو کولەمەرگییەی لە گیتۆ Ghetto حوکم دەکات. هەروەها خویاکردنی سازان بە ناڵاندن، برسیەتی، پەتا و، کەماسی پاکژی، زگماکانە هەر یەکێک ئەزموونی کردووە، دەشێ ستراتیژی بێت نەک تەنێ فیزیکی بەڵکە بەرهەڵستی فەرهەنگزادە ژی. ئەمە بەرهەڵستییە دژی ئەم فەرامۆشە دڕییەی کە خەڵکانی هەژار دەبێت تێیدا بژین. لە بنەڕەتدا، هەرتک ڕووکارەکەی بەرهەڵستی، هەم ستراتیژی ناچارەکی بۆ زیندوومانی فیزیکی هەم فەرهەنگزادە ژی چەوساوانە. هاودیانەتی Mro-Brazilian زۆرینەی بەڕازیلیان مینای چۆنەتیی فەرهەنگی ئەفریکیەکانە لە بەستێنی بەرگری بەندایەتی خۆیان لە دژی زاڵبوونی داگیرکاری/کۆلۆنیاڵیزی سپیپێستان.

ئەوجا ئەم جۆرە بەرهەڵستییە/بەرخۆدانە بۆ زیندوومانی مە ناچارەکییە. هەروەها ناچارانە دەزانین چۆن بەرهەڵستی بکەین تا زیندوو بمێنین، کە دەرکی ئێمە لە ئایەندە تەنێ مەندی[350] نییە بەڵکە بزۆزییە[351] و، وە ئاوەرمان هێناوە کە باوەڕی ئێمە بۆ مەزنایەتی نەک کەمشۆی[352] بریتییە لە دەربڕینی بنەڕەتی پێڤاژۆی ئەو مرۆڤاندنەی ئێمەی تێخزێنراوین. ئەمانە بنەماگەلی پابەندنەبوون و ڕەتکردنەوەمانە لە ڕمانی کۆڵدان بەرانبەر چەوساندنەوە. ئەمە بە هۆی کۆڵدان نییە بەڵکە بە توانستی ئاژرە سەرەڕای ئەو نادادییەی چەسپاندومانە[353].

یەکێک لەو پرسە بنجیانەی دەبێت لێی بڕوانین بریتییە لەوەی چۆن لە پێڤاژۆی بارگۆزینی ڕیشەیی جڤاک دیدی لافەرمانی[354] ڕووت بە دیدێکی شۆڕشگێڕانە بەرەواژ بکەین. دید وەیا تەکی لافەرمانی ڕووت بەس نین، هەربۆیە بەرسڤێکی پێویستی تووڕەبوونی ڕەوایە. ناچارین بچینە ئەودیو دیدە لافەرمانییەکان ڕووەو ڕەخنەکاری ڕادیکاڵانەی پتر و پێگەیەکی شۆڕشگێڕانە، کە لە ڕاستیدا تەنێ سەرکۆنەی ساکارانەی نادادیی نییە بەڵکە ڕاگەیاندنی یۆتۆپییایەکی نووە.

---

[347] بەستێنهەڵوەشاو = Decontextualized

[348] چووکەدنیا = Subworld، دونیایەکی گچکە و لاوەکی لەنێو دونیایەکی پانوبەرین

[349] دەستلەکارکێشانەوە = استقالە؛ کۆڵدان؛ وازهێنان resignation

[350] مەند = Static

[351] بزۆزی = Dynamic

[352] کەمشۆ = زەلامی ناتێگەیشتوو mediocrity

[353] چەسپاندن = Affirmation

[354] لافەرمانی = لاملی Rebellious

بارگۆزینی دونیا پێشنیازی دیالێکتی نێوان ئەم دوو تەکانەیە: سەرکۆنەکردنی پێڤاژۆی لە مرۆخستن[355] و ڕاگەیاندنی خەونی جڤاکێکی نوو.
لەسەر بنەمای ئەم زانیارە، «گۆڕینی شتەکان سەختن بەڵکە بەرشیانن»، دکارین گەلاڵەی ستراتیژی پێداگۆگ-سیاسیمان بکەین. هیچ گرینگ نییە داخۆ پابەندیمان لە پانتایی سەوادی لاوان وەیا زارۆکان، ساخڵەمی، مەسیحاندن[356] یانژی گۆشکردنی[357] کارامەیی تەکنیککاری نوو بێت. سەرکەوتنی دانیلسۆن و فێرکارانی وەکی ئەم زادەی ئەو سووربوونەیە کە گۆڕانکاری بەرشیان و ناچارەکییە. ئەمە بۆ وان ڕوونە ڕێدان بە دۆخی بەرهەستی کولەمەرگی ببێتە پێداگری، بێڕەوشتییە. بەو شێوەیە، ئەم چەشنی زانیارە کە پێڤاژۆی مێژووکرد والای دەکات دەچێتە نێو بنەمای تەک، هەربۆیەش والاکردنی ئەم دەرەچەیەی کاروبار بە بەشداری جۆرەکانی دیکەی زانیار لە پێویست پێویسترە!
بەڕاشکاوی، ئەمە پرسی ورووژاندنی بە کار هێنانی هەژاران بۆ ڕاپەڕین/یاخیگەری rebellion، هەلایسانی شەڕ، سازماندن[358] و، هەژاندنی دونیا نییە. لە ڕاستیدا ئەمە پرسی کار کردنە لە هەندێ زەمینەی دیار، سەوادی، ساخڵەمی، وەیا مەسیحاندن و، بەم چەشنە کردن تا ئاگایی هەر گرووپێک بە ڕێچکەیەکی ڕەخنەکارانە و هەڵبەستانە لەمەڕ دڕی و نادادیی لەڕادەبەدەری ئەم دۆخە بەرهەستییە، وەئاگا بێتەوە. وە پتر بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەش کە ئەم دۆخە ویستی نەگۆڕی خوا نییە.
ناتوانم پەسەندی فەلسەفە وەیا تاکتیکی ئەوانە بکەم کە پێیان وایە دۆخەکە چەندی خراپتر بێت، باشترە. لەو دەمەشدا، ڕیاڵپۆلەتیکی[359] بێ ئەملاولا ڕەت دەکەمەوە، کە بە سانایی چەوساوان بەنج[360] دەکات و کاتی نادیاری ناچارەکی بارگۆزاندنی جڤاک دوا دەخات. ناتوانم چەوساوان ڕابگرم، دەگەڵ ئەو چەوساوانەی ڕەنگە لە گیتۆ کاریان لەتەکدا بکەم، لە دەنگدان بە سیاسەتوانە کۆنەپەرستەکان[361]، بەلام ئەرکێکم لەسەرشانە لەو سەهووەی دەیکەن ئاگاداریان بکەمەوە هەڤدژ بەو سەرگەرمبوونەی خۆیانی پێوە خەریک دەکەن. دەنگدان بەو سیاستەوانە کۆنەپەرستانە گەرەنتی پارێزگاریکردنە[362] لە ئەمری واقیع[363]. گەر وەها جەخت بکەمەوە سەر خۆم بە ڕوونی پێشڕەوت بم، چۆن دەتوانم دەنگ بە سیاسەتوانێک بدەم کە بیروئاوەزی هەم بێڕێزییە بە یەکیەتی هەم پۆزشی ڕاسیستیشە؟
گەر وەک خالّی دەراو ئەو دۆخە کولەمەرگییەی چەوساوان تێیدا دەژین وەربگرم، سەرەکیترین و یەکەم دۆخی دڕییە نەک پەیڤی ویستی سزای خوا، نەک بەری تەپلۆسی یانژی نەژادتێکەڵی[364]، ئەوجا وەک فێرکار ئەرکی من ڕووەو بەتوان و کارامەتر بوونمە. گەر وەها نەکەم، خەبتینی من تینوتاوی خۆی لەدەست دەدات. ئەوەی باسی دەکەم ئەو جۆرە زانیارەیە کە لێی دوام، بەتایبەت، «گۆڕانکاری سەختە لێ بەرشیانە!»، ئەو جۆرە زانیارەی هیوام دەداتێ و دنەی تەکم دەدات، بۆ ئەو جۆرە تاوەی لەسەرەوە خستمە ڕوو بەس نییە. بەتوندی ڕەگاژۆبوون لە زانیاری وەهادا، لە هەمان دەمدا پێداچوونەوە بە جۆرە تایبەتەکانی دی زانیار شامەبەستمە کە کاری من پشتئەستووریەتی و کونجکۆلّیم نەشونما دەکات.

[355] مرۆخستن = Dehumanization، داماڵین لە مرۆبوون
[356] مەسیحاندن = Evangelization بە مەسیح کردن
[357] گۆشکردن = Inculcation
[358] سازماندن = To organization
[359] ڕیاڵپۆلەتیک = Realpolitik سیاسەتی داکەوت، real = داکەوت، politik = سیاسەت
[360] بەنجکردن = Anesthetize
[361] کۆنەپەرست = Reactionary
[362] پارێزگاریکردن = Preservation
[363] ئەمری واقیع = De facto, status quo، ئەوەی هەیە وەکوو خۆی؛ دۆخی جێکەوت؛ ڕەوشی هەوێل؛ کاری کراو؛ بارودۆخی هەنووکە
[364] نەژادتێکەڵی = ژن و ژنخوازی نێوان نەژادە جوایەزەکان Miscegenation

بۆ وێنە، چۆن دکارم بە هیواوە لە سەوادی بەشدار بم بەبێ زانیاری سەرپاک لەمەڕ بەهرەگیری[365] کارامەییەکانی بواری فێرکردنی چۆنیەتیی خوێندنەوە و نووسین؟ لە لایەکی دی، چۆن دکارم لە هەر بوارێکدا کار بکەم، جا ئەمە لە سەوادی، بەرهەمهێنان، هاوئەرکەتی[366]، مەسیحاندن، ساخڵەمی بێت، بەبێ ئەوەی لەو دەمەدا بەهرەوەری زانیاری کارامەیی و لێهاتوویی بم، تەنانەت کەمۆش[367]، داخۆ دەگەڵ کام دەستەی مرۆ زیندوومانی خۆیان بەرهەم دێنن؟

وەک فێرکارێک دەبێت بە بەردەوامی ئەو دونیایە «بخوێنمەوە» کە خەڵکی ڕەمەکی تێدا ئاکەنجییە و کاری لەتەکدا دەکەم، ئەم دونیایە بەستێنی دەستبەجێ و دونیای پانوبەرینە کە ئەمان بەشێکن لێی. ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە بەبێ هیچ ئەملاولایەک ڕەنگە کەمێک وەیا لە پێوەندیم دەگەڵ گرووپگەلی وەها ئەو زانیارەی لە ئەزموونی ڕاستەوخۆ و دەرەوەی ئەوەی ئەمان تێیدا دەژین بەهرەمەند دەبن، ئافەرۆز بکەم. وەیا ئەو شێوازەی ئەمان دونیا ڕوون دەکەنەوە، هەم ڕۆڵی دەرکییان هەم ئامادەگییان تێیدا لەخۆ دەگرێت. ئەم زانیارییانە پاتەوپاتن، لەوەی بە کۆددۆزی decode دونیا ناوزەدی دەکەم پێشنیاز کراوە یانژی شاردراوەتەوە، کە هەردەم لە ئاکامیدا دەرکی کۆددۆزی وشەکە دەکات.

لە لایەک، گەر نەتوانم خۆم بسازێنم یاخۆ بە شێوازی بیرکردنەوەی گرووپە ڕەمەکەکان خۆم «بەرەواژ» بکەم (زانیاری سافیلکە)، ئەوا لە لایەکی دی، بەو پێیەی وەها جەخت دەکەمە سەر خۆم ناتوانم پێشڕەوت بم، بە شێوازێکی لووتبەرزانە، دیوی «ڕاستینە»ی شێوازی بیرکردنەوەی خۆم دەسەپێنم. لە ماوەی دایەلۆگ، گرووپە ڕەمەکەکان دەشێ ملەی پێڤاژۆی ئەزموونی جڤاک-مێژووکرد بکرێن وەک ئەو ئەزموونەی هەم بۆ کەسان[368] هەم گەلێران[369] شێوەرێژە[370]. هەروەها لە دایەلۆگی وەهادا ناچارەکی چوونە ئەودیو جۆرە دیارەکانی ڕوونکردنەوەی فاکتەکان ڕۆشن دەبێت.

یەکێک لە هەڵە دزێوەکانی میلیشیای سیاسەت، بەتایبەتی جۆری خەلەستێنەری سالارپەرستان[371]، هەردەم ئافەرۆزی سەرپاکی بەردەرکی دونیای خەڵکانی ڕەمەکە. خۆیان وەک فرستادەی[372] «ڕاستی» دەبینن کە کەس نکاریٔ ڕەتی بکاتەوە، ئەرکی پایەبڵندی خۆیان وەک کەسێک ڕەچاو دەکەن کە گەلاڵەی ڕاستی وەها بۆ سەرنجگیری ناکات بەڵکە بەبێ پرسیار دەیسەپێنن.

ئەمدواییانە گوێبیستی وتووێژی گەنجێکی کرێکار بووم، باسی ژیانی گیتۆی دەکرد، گوتی چیی دی لەبەر ئەو شوێنەی لێی دەژییەت هەست بە شەرمەزاری ناکات. گوتی، «ئەز سەربەرزم بۆ ئەو شتەی لە خەبات و سازماندنی خۆمان وەدەستمان هێناوە. لە ڕاستیدا، گەر هۆشیاریەکی ڕوونمان لەمەڕ دۆخی خۆمان و هۆکارە هەڵبەستکارەکانی ئەمە هەبا، ئەوەمان بەدی دەکرد کە ئەوە ئێمە نیین دەبێت هەست بە شەرمەزاری بکەین لەو شوێنەی لێی دەژین بەڵکە ئەوانەی ئەرخەیان دەژین لێ هیچ ناکەن بۆ گۆڕینی ئەو کولەمەرگییەی دەوری داون».

بەرشیانە کە پەیڤی ئەم گەنجە کەمێک وەیا چ بەرتەکی لە ئاوەزی هەر سالارپەرستێک یانژی میلیشیای خەلەستێنەردا بەرهەم نەهێنا. یەکێک لەوەیە خەیاڵی هەندێ بەرتەکی نایەتی کەسێکی پتر ئارەزۆی بیرۆکەی شۆڕشگێڕی بکات تا ئەوانەی ڕاستیانە پێیانەوە پابەندە. لە کرۆکدا، ئەو شێوازەی لاوەکە باسی دەکرد سەلمێنەری ئەوە بوو کە چۆن دەیتوانی

[365] بەهرەگیر = Acquisition
[366] هاوئەرکەتی = Cooperative
[367] کەمۆ = Astuteness زرینگی؛ زیرەکی
[368] کەس = Individual
[369] گەلێر = Collective
[370] شێوەرێژ = Formative
[371] خەلەستێنەری سالارپەرستان = Messianically authoritarian خەلەستێنەر بە واتای ڕزگاریدەر وەکوو چۆن عیسا لە ڕۆژی دوایدا دادەبەزێت و دەبێتە ڕزگاریدەر.
[372] فرستاد = گەیەنەر؛ خاوەن bearer

دونیا و ئەزموونی خۆی لەمەدا «بخوێنێتەوە». گەر لە ڕابردوو شەرمەزار بوو بێت، لێ هەنووکە دەتوانێ پەیبەرێت بەوەی ئەو دۆخەی خۆی تێدا دۆزیوەتەوە، خۆی هۆکارەکەی نییە. وە بەتایبەتی، فێری ئەوە بووە ئەو ڕەوشە گۆڕانبەدەر[373] نییە. کۆشانی ئەم لە هێنانەکایەی هۆشیارییەکی نوێتر زۆر لە گازندەکردنی هەر شوێنکەوتووییەک، میلیشیایەکی سەوداسەری خەلەستێنەر گرینگترە. گرینگە پێداگری ئەم دۆزەوە گرینگەی شێوەیەکی نوێی هۆشیاری تێگەیین لە دونیا کە تەنێ مڵکی تاکە کەسێک نییە، بکەین. ئەو ئەزموونەی ئەو «دۆزەوەگرینگە» بەرشیان دەکات ئەزموونی «گەلێرە». هەرچۆنێک بێت، وەکوو هەمیشە کەسێک یانژی یەکێکی دی، تاکەکەسانە دەرکێکی نووی داکەوتی جڤاکی ڕەپێش دەخات و ڕاڤەی دەکات. یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی فێرکاریی بیروالا بریتییە لە سەرنجگیری و هەستەدەری ئەو شێوازەی گرووپێکی دیاریکراوی جڤاکی دەخوێنێتەوە و داکەوتەکەی هەمدیس دەخوێنێتەوە، هەتا بتوانێ بەرەبەرە دنەی بەردەرکێکی گشتێنراوی ئەم داکەوتە نووە بدات.

گرینگە هەردەم ئەوەمان لە یاد بێت کە ڕۆڵی ئایدۆلۆژیای زاڵ بۆ گۆشکردنی هەستی شەرمەزاری و سووچبارییە[374] لە چەوساواندا لەمەڕ دۆخی چەوساندنەوەیان. وە ئەم هەستی شەرمەزاری و سووچدارییە لە کاتی دیاریکراودا دێنە بەرچاو. نموونەیەکی دیاری ئەمە دانەیەکە لە بنکەی کاتۆلیکی کالیفۆرنیا Catholic institution in California تووشی بووم. ژنێکی فەقیر سەختی و کێشەکانی خۆی بۆ باس دەکردم، کە بە چ گیرۆدەییەکی زۆرەوە دەینالاند. هەستم بە بێهێزی کرد. نەمدەزانی چ بڵێم. پڕ لە ئاژر و تووڕەیی بووم بۆ ئەو دۆخەی ئەم پێیدا تێدەپەڕی. لە کۆتادا پرسیم، «ئەرێ ئەمریکیت؟»

باگۆی دامەوە، «نا، من فەقیرم». ئەو شتەی لە مێشکی خۆیدا زۆر بیری لێ دەکردەوە هەستی شکەستخواردوویی بوو. وە ئەمەش گرفتی خۆیەتی. شتێک کە دەبا زۆر داوای بەخشینی/لێبووردنی بۆ بکات لەو جڤاکەی ئەم بەشێکیەتی، بەتایبەت، ئەمریکای باکوور North America. هێشتاش دەتوانم چاوە شینە پڕ فرمێسکەکانی بدینم، فرمێسکی نالاندن و خۆسەرکۆنەیی بۆ هەبوونی کەسایەتییەکی شکەستخواردوو. خەڵکی هاوشێوەی ئەم ژنە بەشێکن لە خەڵکە ڕەنجاو و دەرکنارکراوەکان[375] ئەوانەی تا نهوژی تێنەگیوون هۆکاری نالاندنیان بەدکاری سیستەمی ئابوورەکی و جڤاک-سیاسین کە ئەمان تێیدا دەژین. تا زیادتر بەم شێوازە بیر بکەنەوە، بە سانایی هێزی ئەم سیستەمە ڕادەهێزن. لە ڕاستیدا، ئاگا ونانە[376] ڕێ بە شیرازەی لە مرۆڤخستنی جڤاک-سیاسی دەدەن.

بۆ نموونە، بازنە سەوادە ناسراوەکانی ناوچە هەژارنشینەکان تەنێ لە بەستێنی پێڤاژۆی مرۆڤاندندا مانابەخشن. بە مانایەکی دی، ئەمان دەبێت بەرشیانی هاوجۆشی جڤاک-مێژووکرد و هاوشانی سیاسی دەروونشیکاریی فەراهەم بکەن کە هەستی خۆسەرکۆنە سەهووانە پچڕێندراوە دەشێ تووڕ هەڵبدرێت. ئەم دەرپەڕاندنی خۆسەرکۆنەییە هاوتای دەرپەڕاندنی سێبەری بەربڵاوی چەوسێنەرە کە لە دەروونی چەوساواندا دەژییەت. بێگومان، وەختێک تاوی ئەم سێبەرە نەماوە، دەبێت لەنێو چەوساواندا بە هەستی سەرخۆبوون و بەرپرسایەتی جێی بگیرێتەوە.

ئەمە شایەنی چ نییە، هەرچۆنێک بێت، ئەمە لەبری هەڤبەندی سیاسی و ئاکارەکی ئەو هەوڵی ئاگامەندییەی باسمکرد، لە خۆییدا بەس نییە. گرینگە لەوێوە بەردەوام بین بۆ فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینی وشە. لە بەستێنی دیمۆکراتیدا، ناتوانین بارگۆزی ڕەوتی سەواد بکەین جا بۆ کەمپەینی شۆڕشی سیاسی بێت وەیا پێگەیەکی تەواو ڕوون بەسەر شیکردنەوەی ئەوەی لە دونیای مەدا چ دەگوزەرێت. ئەرکی بنەڕەتی ئەوانەی هاوشێوەی دانیلسۆنن، دەگەڵ ئەوەی خۆم

---

[373] گۆڕانبەدەر = Unchangeable

[374] شەرمەزاری و سووچباری = Blame and culpability

[375] دەرکنارکراو Marginalized = پەراوێزخراوەکان

[376] ئاگا ون = Unconsciously

دەپپەژرێنم، بریتییە لەوەی بە ئاوەر و ئەوینەوە، ئاروینی هەڤبەندی دیالێکتی نێوان خوێندنەوەی دونیا و خوێندنەوەی وشە بکات.
گەر بیردانەوە لەو فاکتە بکەین کە دۆخی مرۆییمان بێبڕانەوەبەدەری بنەڕەتییە، سەرەنجام، دەگەین بەوەی لە هەبوون و زانینی خۆماندا ناکاملّین، ئەوجا ئەمە خویا دەبێ کە بۆ فێربوون «بەرنامەڕێژکراوین»، بە ناکاملّییەتیمان چارەنووسکراوین بۆ هەلّوەدا بەدوی کاملّایەتی، تا «سبەیینێیەکمان» هەبێ بخرێتە سەر «ئیرۆ». بە مانایەکی دی، لە هەر شوێنێک ژن و پیاو هەبێت، هەمیشە و حەتمییانە شتێک هەیە دەبێ بکرێت، بۆ تەواو کردن، فێرکردن و فێربوون ژی.
بە بۆچوونی من، هیچ کام لەمانە واتا نادان گەر لە دەرەوەی بەستێنی جڤاک-مێژووکرددا هەولّدرابێت تا ژن و پیاوان خۆیان بدۆزنەوە و پیشەیان ڕووەو دۆزینەوەی «کاملّایەتی» بێت تا «پتر» بن.

فێرکاریی پێویستی بە کونجکۆلّییە

بە ڕای من، لە کایەی فێرکاریدا هەرە نموونەی نایاندن بریتییە لە ڕاگر وەیا یاساخی کونجکۆلّی لە فێرخوازاندا، سەرەنجام مامۆستاش. بە مانایەکی دی، ئەو فێرکارەی بە هەلّوەستی سالارپەرستانە وەیا باوکسالارانە[377] کونجکۆلّی فێرخوازان خەفە دەکات، بەمە کونجکۆلّی خۆشی خەفە دەکات. بە هیچ کلۆجێک نابێت پێویستی ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە تێببردرێت چونکێ مامۆستا لەم ڕووەوە تێگەین و زانیاری خۆی لەمەڕ ئۆبژەکە رادەنوێنێت. ئەوەی لەم پێڤاژۆیەدا بەڕاستی بنەڕەتییە بریتییە لەوەی هەم مامۆستا هەم فێرخوازان دەزانن ئاوالّەی، پرسیاری پرستیژانە، جا لە دوان یا ژنەوتندا بێت، ئەو شتەیە کە بەڕاستی هاوبەشانە ڕەگاژۆیان دەکات نەک بە وەهادانانی سستی سادەییانەی دایەلۆگ. گرینگترین شت بۆ هەرتک مامۆستا و فێرخوازان بریتییە لە گریمانەکردنی کونجکۆلّی زانیارناسی خۆیان.
لەم لایەنەوە، مامۆستای باش ئەو کەسەیە بکارێ فێرخوازان بە پێڤاژۆی بیری دەمی ئاخافتنی نێزیک بکاتەوە. ئەوجا پۆلەکە دەبێتە بەرۆکگیرییەک نەک هێلانەیەک خەلّک تێیدا گردبنەوە. لە کەشی بەرۆکگیرانە، فێرخوازان شەکەت دەبن لێ وەنەوز نادەن. بۆیە شەکەت دەبن چونکێ هاوەلّی هاتن و چوونی بیری مامۆستاکەیان دەکەن و پەرۆشانە بە وچان، گومان و، نادلّنیای مامۆستاکەیان چاویان دەکەنەوە.
تەنانەت پێش خەبتینی شەنوکەوی ڕێباز و تاکتیکەکانی مەبەستی چێکردنی پۆلی داینامیکی وەها، مامۆستاکە دەبێت ڕاستوڕەوان و بەو بۆچوونە تێروتەسەل بێت کە کۆلەگەی گشتی پێڤاژۆکە کونجکۆلّی مرۆیە. کونجکۆلّی ئەو شتەیە کە وام لێ دەکات پرسیار بکەم، بزانم، ڕەفتار بکەم، هەمدیس هەم بپرسم هەم بپەژرێنم.
لە کۆتای پشووی هەفتە کارێکی فرە بالّکێش دەبێت پێشنیازی ئەرکی خۆپەیوەستکردن بۆ دەستەیەک لە فێرخوازان بکەیت بە جۆرێک هەر یەک لەو فێرخوازانە بەتینترین ئەو کونجکۆلّییەی ئازموودەی بووە، بە هەوالّی چاووڕاوی[378] تیڤی، ڤیدیۆوازای (ڤیدیۆگەیم)، ژێستی کەسێک کە بیناسن- جا لە کۆتادا هەلومەرجەکە هەرچییەک بێت، بکات. چ ئەرزشێکی نییە داخوا چ جۆرە بەرسڤێکیان بە کونجکۆلّی خۆیان داوەتەوە؟ ئایە بەسانایی بیرچۆتەوە یانژی بووتە هۆی کونجکۆلّی دیکە؟ ئایە ئەم پێڤاژۆیە لە ڕاوێژکاری ژێدەران، دەکار هێنانی فەرهەنگان، کۆمپیوتەر، کتێبان، وەیا کەسانی دی لەخۆ دەگرت؟ ئایە ئەم کونجکۆلّییە لە ملە، خرۆشانی هەندێ زانیاری بەروەخت[379] پێک دەهات، یانژی نا؟ کەسێک هەستی چۆن دەبێت وەختێک دەزانێ کەسێکی دی کار لەسەر هەمان کونجکۆلّی دەکات؟ لە کۆتادا، دەبێت فێرخوازان

[377] باوکسالاری= Paternalistic
[378] چاووڕاو = Propaganda
[379] بەروەخت = Provisional، بڕوانە فەرهەنگی ڤەژینلێکس، بڕوانە ئێرە، https://lex.vejin.net/ck/search/?t=provisional

سەرنجگیری ئەو پرسە بن داخوا تا چەند دەشێت کەسێک پرستیژ بێت یا نا گەر وەها تەیار کرابێت بیر لەمەڕ کونجکۆڵی خۆی بکاتەوە.
ئەم ئەزموونە دەبێت پاڵاوتە[380] بکرێت و لەو خاڵەدا نغرۆ بێت، بۆ میناک، دەبێ لە کوێ سەمینارێک ساز بکرێت لەسەر بنەمای دووجار لە هەفتەیەک تا مشتومالّی فرەجۆری کونجکۆڵی و دەرەنجام و ئاکامەکانیان بکرێت.
ڕاهێنانی کونجکۆڵی ئەمە پتر ڕاخنەکارانەی پرستیژ، ڕێبازدۆزانەی وردپێوانەی سەر بە ئۆبژەکەی دەکات. چەندی پتر خۆجۆشی کونجکۆڵی فرەوان دەبێت و دەبێتە وردپێوانە، ئەوا پتر دەبێتە زانیارناس.
ببڕای ببڕ خولیای سافیلکانەی زۆرم بۆ تەکنەلۆجیا نەبووە؛ نە پێیدا هەڵدەڵێم نە مەحکومی دەکەم. ژبەرهێنندێ هەردەم لە مامەڵەتم لەتەکی هەستم بە ساکاری کردووە. چ شکم لە شیمانەداری بەرفرەوانی تەکنەلۆجی نییە بۆ ئەنگیزەدان و بەرملەدانی زارۆک و هەرزەکاری جڤاکی چینە کەمتربەوەکان. هەر تەنیا لەبەر ئەم هۆیە، وەک سکرتێری فێرکاریی شاری ساو پاولۆ São Paul، کۆمپیوتەرم بۆ فێرگەکانی شار دابین کرد. ئەوەی ڕاستی بێت، نەوەکانم دکارن لەمەڕ کونجکۆڵییان بۆم بدوێن و چەند بەهۆی کۆمپیتەرەوە سرووشیان وەرگرتووە، کە بۆ ئەمان پاژێکی ئاسایی ژیانە.
ڕاهێنانی کونجکۆڵی خەیاڵاندن، سۆزیاری و، توانستی گریمانە و بەراوردکاری لە شۆپاندنی[381] لادیمەنی[382] ئەو ئۆبژەیەی بزانرێت وەکی شاهۆکار[383]، گرد دەکاتەوە. بۆ میناک، دەنگێک ڕەنگە کونجکۆڵیم بورووژێنێت. سێرە لەو شوێنە دەگرێ کە پێم وایە ڕوودەدات. گوێی خۆم قووت دەکەمەوە. بەو دەنگانەی دەمێکە شارەزایانم بەراوردی دەکەم. کەمێک نێزیکتر پەیجۆری ئەم شوێنە دەکەم. فراژووتن بە چەندین گریمانەی[384] لەمەڕ بەرشیانی ڕەسەنی ئەو دەنگە دەدەم. ئەوجا، بە پێڤاژۆی وەلانان، ڕوونکردنەوەیەکی ڕەزا دەگەم.
ڕەزا بوون بە کونجکۆڵییەک، درێژەکێشانی گەڕانی پتری لێ دەزێت. چ شتێکی وەها نییە وەکی هەبوونەکی مرۆ بەبێ والّایمان بە دونیاوە، بەبێ تێپەڕاندنی ئاگاییمان.
چەندی زیادتر بەهرەگیری کارامەیی و ڕێبازدۆزەکی بێگەردانە لە مامەڵەتی ئەو ئۆپێراسیۆنە جۆراوجۆرانە دەبم، ئەوا پتر تەکووزانە دەگەڵ ئۆبژەکانی کونجکۆڵیم نێزیک دەبمەوە.
یەکێک لە بنەڕەتیترین جۆرەکانی زانیار لە کاروباری فێرکارانەی ڕەخنەکاریم ئەوەیە کە جەخت لە پێویستی خۆجۆشی کونجکۆڵی بۆ فراژووتنی نێو کونجکۆڵی زانیارناس دەکات.
زانیارێکی دی بنگەیی ئەم کایەیە بریتییە لەوەی وەهامان لێ دەکات دەروەستی مامڵەتی هەڤبەندی نێوان سالاری و ئازادی بێین، کە ئەمەش پانتایی گرژی هەمیشەکاتی نێوان جڵەو و جڵەوبەدەرییە.[17]
لە ئەنجامی هاوئاوازی نێوان سالاری و ئازادی، جڵەو ناچارەکییانە پێشنیازی ڕێزی یەکێک بۆ ئەوی دی دەکات. وە ئەم ڕێزەش لەو کایەیەدا گوزارەی لێ کراوە کە هەرتکیان پەیوەست بەو سنوورانەی نابێ لە هەرلایەکڕا ببەزێنرێن، ڕادەنوێندرێت.
سالارپەرستایەتی و ئازادیی بێسنوور پسانی گرژی هاوئاوازی نێوان سالاری و ئازادییە. سالارپەرستایەتی پسانی سالارییە بەرانبەر ئازادی. ئازادیی ڕەها پسانی ئازادییە بەرانبەر سالاری. هەرتک سالارپەرستایەتی و ئازادیی بێسنوور، شێوە ڕەفتارێکی جڵەوبەدەرەن کە نکووڵی ئەوەی بە پیشەی هەبووناسی مرۆ[18] ناودێری دەکەم، دەکات.

---

[380] پاڵاوتە = Refine
[381] شۆپاندن = Tracing، شوێنکەوتن
[382] لادیمەن = Profile
[383] شاهۆکار = Raison d'être
[384] گریمانە = Hypotheses

هەربۆیە، هیچ بوارێک بۆ جڵەوگری نییە جا لە سالارپەرستایەتی وەیا ئازادیی ڕەهادا بێت، هەردووکیان کەماسی بێگەرد، سالاری و، ئازادییان هەیە. تەنێ لەم کارانەدا کە سالاری و ئازادی دۆزراونەتەوە و لە سەرخۆبوونی خۆیاندا پارێزراون «ئەمە لە ڕێزی هەڤبەندی دوولایەنەدایە» دکارین لە کردەی جڵەوکراو بدوێین هەروەها کردەکی لواو بۆ پیشەی «پتربوون».

لێرە لە بەڕازیل، هەنووکە سالارپەرستی کۆنمان بە مۆدێرنەیەکی پێچەڵپێچ بەرملە دراوە، لە ئەنجامیشدا ئێمە لەنێوان سالارپەرستایەتی و ئازادیی بێسنووردا جۆلانێ دەکەین. لەنێوان دوو جۆری ستەم: ستەمی ئازادیی و ستەمی سالاری توند. وە هەندێکجاریش، هەردووکیان پێکەوە ئەزموون دەکەین.

نموونەیەکی باشی ڕاهێنانی ڕاستینە بۆ پەیدۆزیی گرژی تێوەگلانی ڕووبەڕووبونەوەی نێوان سالاری و ئازادی دەبێت. دەگەڵ ڕاهێنانی وەها، دەشێ یەکێک ئەو ئاستە هەڵبسەنگێنێ داخۆ تا چ ڕادەیەک ئەم دژکارییە، لە ڕەوتی ڕووەو بوونی خۆیاندا، لە دۆخی دایەلۆگکاریدا سەرخۆبوونانە دەمێنن. تا ئەم ڕاهێنانە بەرشیان بێت، هەرتک چەمکە هەڤدژەکە، سالاری و ئازادی، هەڵکشانی ئاوەرانەی ئایدیالی ڕێزی دووسەرە پێشەمە وەکی تاکەڕێی ڕەسەنایەتی.

دەیسا با بە بیردانەوە لە چەند لەو جۆرەکییانە دەست پێبکەین کە سالاری دیمۆکرات لە فێرکردندا بۆ هاواهەنگی لە هەڤبەندی بە ئازادیی فێرخوازان، پێویستیەتی. گرینگە سەرنجی ئەوە بدەین ئەزموونی فێربوونم دەبێتە بنەڕەتی ئەو فێرکردنەی لە ئایەندە وەیا ئەوەی نووکە پێیەوە سەرگەرمم. ئەمە لە ژیانی ڕەخنەکاریدایە، ئازادی من وەکوو فێرخواز، کە لە بەشێکی فرەدا، ئەز سالاری خۆم وەکی مامۆستا لە ئایەندە تەیار دەکەم یانژی ئێستێ خاسی دەکەمەوە. لە کۆتادا، وەکوو فێرخوازێک کە خەونیەتی سبەینێ ببێتە مامۆستا یانژی ئەوەی دەمێکە خەریکی فێرکردنە، دەبا وەک ئۆبژەی کونجکۆڵیم ئەو ئەزموونانەی دەگەڵ مامۆستای جۆراوجۆردا هەمبووە هەمبا، هەروەها ئەزموونیشم دەگەڵ فێرخوازەکانم. ئەوەی گەرەکمە بیڵێم، ئەمەیە: نابێ تەنێ بیر لە نێوەرۆکە بەرنامەڕێژکراوەکان بکەمەوە کە مژاری مشتوماڵی بەشە فرەجۆرەکانی فێرکردنی مەیە. لە هەمان دەمدا دەبێ بیردانەوە لەو پرسە بکەم داخۆ ئەم یا ئەو مامۆستایە بە شێوەیەکی ئاواڵە، دایەلۆگکاریانە یانژی داخراوانە، سالارپەرستانە خەریکی فێرکردنە.

پاژی چوارەم: فێرکاریی تەکێکی مرۆڤکارانەیە

ئایە کونجکۆڵیم دکاریَ گوزارە لە خۆی بکات؟ ئایە گەشە دەکات؟ بە بۆچوونی من، یەکێک لە جۆرایەتیە بنجییەکان کە کاروباری فێرکردنی دیمۆکرات، سالارانە دەبێت لە هەڤبەندییەکەی دەگەڵ ئازادیی فێرخوازان خویای بکات بریتییە لە هەستی خۆباوەڕییەکەی[385]. ئەمە خۆباوەڕییە لە تەکێکی پتەودا گوزارە لە خۆی دەکات وەیا بڕیاری پەیوەست بە ڕێزی خۆی بۆ ئازادی و سەرخۆبوونی فێرخوازان و، توانای لە مشتوماڵی پێگەی خۆی و، ئاواڵەی بەڕووی پێداچوونەوەی هەرتک خۆی و ئەو پێگەیەی پێشتر هەیبووە، دەکات.

گەر مامۆستا تژی بە خۆباوەڕی سالارانە بێت، هیچ پێویست ناکات هەموو دەمێک لەسەری بدوێین. گەر خۆباوەڕی پەیوەست بە ڕەوایەتی هەبێت، پێویست بەوە ناکات لە یەکێک بپرسی، «ئەریَ تۆ دەزانی قسە بۆ کیَ دەکەیت؟»

خۆباوەڕی، توانستی پیشەوەرانە و بەخشندەیی

ئەو مامۆستایەی سێخناخ لە سالاری خۆباوەڕانەیە پێشنیازی جۆرێکی دی خۆباوەڕی دەکا کە لە توانستی پیشەوەرانەدا ڕەگاژۆیە. چ فێرکردنی سالارانە بەبیَ ئەم توانستە نییە. ئەو مامۆستایانەی فێرکاری خۆیان بەهێند ناگرن، ئەوانەی ناخوێنن، ئەوانەی تەنیَ کەمێک لەپێناو ئەرخەیانی دەکۆشن چ سالارییەکی ڕەوشتانەیان بۆ ڕێکخستنی چالاکییەکانی نێوپۆل نییە. وە ئەمەش بیَ شک مانای ئەوە نییە بژاردەی مامۆستاکە و کردەکییە دیمۆکراتییەکەی بە توانستی زانستیانە دیاری کراوە. مامۆستا هەن زانستیانە تەیار کراون لیَ بەزۆری لە کردەکیدا سالارپەرستن. ئەوەی لێرەدا گەرەکمە بیڵێم بریتییە لەوەی توانستی پیشەوەرانە ڕەوایەتی سالاری مامۆستا دەڕمێنێت.

لە بەستێنی ئازادیی نێوپۆل بەخشندەیی بنجی سالاری ڕاستینەیە. هێزی سالاری ڕاستینە بۆ چێوەکردنی فێرخوازان بە هەندێک تەسکپێو کز و داهێز کراوە، هەروەها بەهۆی زڕەدیندار ژی هەژارکراوە یانژی بە لووتبەرزی هاتۆتە لەخۆبایی بوون. بە لووتبەرزییەک ڕووەو خۆی و ئەوانەشی سەر بەو بازنەیەن ڕێدراوە. لووتبەرزی وەها بریتییە لە نکووڵی بەخشندەیی و خاکینەیی، چونکیَ هیچ کام لەم ئادگارانە لەزەت لە ئازاردان یا دیتنی کەسێکی شکێندراو وەرناگرن. ڕەوشی ئەو ڕێزەی لە داد، جیددی، خاکەڕایی و، هەڤبەندە بەخشندەییەکان زەنە دەکا، بە جۆرێک کە هەم سالاری مامۆستا هەم ئازادیی فێرخوازانیش ئاکارانە ڕەگاژۆیە، ئەو شتەیە کە پێگەی پێداگۆگیی بە ئەزموونی فێرکارانەی ڕاستینە بەرەواژ دەکات.

جۆرێکی دی دیاری چاوچنۆکی هەیە، ئەمیش بەزۆری ئارەزۆی بێسنووری فەرماندانە، کە بەرتەکی نایەتی و کەشی نەسازاوی سەرپاک بۆ ڕاهێنانی سالاری ڕاستینە چیَ دەکات. ئەم جۆرە دژوارەی فەرماندان بە هیچ کلۆجێک ئافرێنەری فێرخواز نمایان ناکات. وەها جەخت ناکەتە سەر فێرخواز تەمای جەربەزەی هەبێت.

سالاری هاوتەریب بە دیمۆکراتی، لە دڵنیا و گرینگایەتی هەم خۆی هەم ئازادیی فێرخوازان زەنەی کردووە، ببڕای ببڕیش ئازادیی کەم ناکاتەوە و پێشکەش بە هەڵبەستنی ڕەوشتی ڕاستینە دەکرێت. ئازادی شامەبەستە، ملەیەکی یەکبینە. ئازادیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئازادیی یاخیبانیش، لەم بەستێنەدا هەرگیز وەکی داتەکانی فەرمان نەدیتراوە. سالاری هاوتەریب بە دیمۆکراتی ئەو ئاوەرە هەڵدەگرێت کە ڕشتەی ڕاستینە لە کرِی ئەوانەدا نییە کە کپ کراون بەڵکە لە هەژانی ئەوانەی بەرملە دراون، لە گومانی ئەوانەی زۆریان لێکراوە و، لە هیوای ئەوانەی وەهۆش هێنراونەوە. هەرچییەک دەکەم وەیا خجڵیم، جا پێداگۆگیی، بایەلۆجی، یانژی ئەستێرەناسی[386] بێت، جا زەوی بکێڵم یانژی کەشتیەوانی، ئەز

---

[385] خۆباوەڕی = Self-confidence

[386] ئەستێرەناسی = Astronomy

یەکەمین و سەرەکیترین کەسم. دەزانم زۆر شت هەیە نایزانم. وە دەشزانم ئەوەی دەیزانم کەمێکە. هەربۆیە، بۆم بەرشیانە ئەوەی تا ئێستێ نایزانم بیزانم، هەروەها ئەو شتەی ئێستێ دەیزانم بۆم بەرشیانە باشتر بیزانم. وە هەروەها باشتریش و دروستانەتریش دەزانم ئەوەی دەزانم چووستر سەرخۆبووونی خۆم بەرانبەر سەرخۆبووونی ئەوانی دی بنیات دەنێم.

دوو ئەرک هەن هەرگیز دارەبەشم نەکردووە. یەکیان ئەوەیە بۆ فێرخوازانی خویا بکەم کە ڕێز بۆ ئەمان بنەڕەتییە. ئەوی دیکەش ڕێزە لە خۆم بەوەی هەرگیز نەمتوانیوە فێرکردنی نیوەڕۆک لە فێرکاریی ئاکارەکی فێرخوازان جوێ بکەمەوە، هەر وەکی ئەوەی ئەمان ساتە دابڕێنراوەکان بن. تەنانەت پتر لەمەش، سالاری هاوتەریب بە دیمۆکراتی بنەما ئاکارەکییەکانی ئامادەگیمان لە دونیا دەپەژرێنێت و وە ناچارەکییانەش ئەمە دەپەژرێنێ کە بەرشیان نییە ئاکارەکیانە بەبێ ئازادی بژی وە چ شتێکی وەهاش نییە وەکی ئازادی بێ پرکێشی بێت. ئەو مامۆستایانەی ڕاهێنانی ئازادی دەکەن وەها هەست دەکەن ئازادییەکە مەزنتر دەبێت و پتر تێکبەستە بەو ئاستە ئاکارەکییانەی گریمانەی بەرپرسایەتی تەکەکانیان دەکەن، دەبێت. بڕیاردان بریتییە لە شکاندی شتێک و، بۆ کردنیشی، دەبێت پرکێشییەک بکەم. ئەمە وەکی قوملێدانی شەربەتی پرتەقاڵ نییە لەسەر دەریای کەمەرەی. تەنانەت وەهاش، سالاری هاوتەریب بە دیمۆکراتی هەمیشە ئەو شتانەی سوور دەزانێت دەبێت بیکات، کەچی نایکات. لە لایەک، ڕەتی دەکاتەوە ئازادیی فێرخوازان خەفە بکات و، لە لایەکی دی، هەر یاساخێکی پێڤاژۆی هەڵبەستنی ڕشتەی باش ڕەت دەکاتەوە.

لە جەرگەی ئەزموونی سالاری هاوتەریب بە دیمۆکراتی خەونێکی هەمیشەیی و بنچینەیی هەیە: بەتایبەتی، بۆ قایلکردن یانژی ئازادیی ئاوەر بە پیشەی سەرخۆبوون بهێنێت کە بە ڕێی خۆهەڵبەستندا[387] گەشت دەکا، بە دەکار هێنانی مەتریاڵی ناوە و دەرەوە، بەڵان فرەپاتە تژی لە وردەکارە. ئەمە دەگەڵ ئەو سەرخۆبوون، هەڵبەسترانە پشوودرێژەیە، کە ئازادی بەرەبەرە ئەو شوێنانەی پێشتر بەهۆی پشتئەستووری پڕ کراون، وەدی دێت.

نکارم ببم بە مامۆستا بێ ئەوەی دەریبخەم من کێم. بێ خویاکردنی ئەوەی، جا دڕدۆگانە یا ساکارانە بێت، ئەو شێوازەی خۆم بە دونیا هەڤبەند دەکەم و، چۆن سیاسیانە بیر دەکەمەوە. ناتوانم خۆم لە هەڵسەنگاندنی فێرخوازان دەرباز بکەم و، ئەو شێوازەی ئەمان هەڵمدەسەنگێنن بۆ ڕێبازی کارکردنم وەکوو مامۆستا، باڵکێشە. سەرەنجام، یەکێک لە شاکەڵکەڵەکانم بریتییە لە نێزیکاندنی[388] نێوان ئەوەی دەڵێم چی وەل ئەوەی چ دەکەم، دەگەڵ نێوان ئەوەی وەها پێدەچێت چ بم و هەنووکەش ئەوەی ڕووەو بوونی چیم.

گەر فێرخوازێک لێم بپرسێت مانای ئەمە «مەوداگیری زانیارناسی کەسێک لە ئۆبژە» چییە، وەرامی دەدەمەوە نازانم بەڵان هێڤیمە بتوانم پەی بە ماناکەی بەرم، باگۆی من شتێکی وەهایە، هەروەها سالارەتی کەسێکم پێ نادات کە دەزانێت، بەڵکە شادی پەژراندنی نەزانینم پێ دەدات و چ پێویست بە درۆکردن ناکات. وە ئەو پاپەندیەشم بە ڕاستگۆیی نەزانینم متمانە دەگەڵ فێرخوازان والا دەکا کە دەبێت بیپارێزم. بە پێدانی وەڵامێکی هەڵە، پێکەڵی وشان بۆ داپۆشینی نەزانیم، ئاکارانە شیانبەدەر دەبێت. هەرچۆنێک بێت، بە تەواوی ژبەر ئەوەی تێگەیشتن و کردەکی فێرکردنم دەمخاتە پێگەی دنەدانی هەموو جۆرەکانی پرسیار، لەسەرم پێویستە باش تەیار بم هەم بۆ ئەوەی ڕاستگۆیانە دەگەڵ فێرخوازان بەردەوام بم و هەمیش بە بەردەوامی ئەوە نەچەسپێنم کە نازانم. کاروباری فێرکردن هەتا وەل فێربوون یەکانگیر نەبێت، نابێت، بەمەش کردەیەکی گشتگیرە[389]. فێرکردنی نیوەڕۆک پێشنیاز دەکات پێویستە مامۆستا ئاکارانە ڕەگاژۆ بێت. جوانی

---

[387] خۆهەڵبەستن = Self-construction
[388] نێزیکاندن = Approximation
[389] گشتگیر = Holistic

کردەی فێرکردن لە پەرۆشی ئەو سەرراستییە چێبووە کە مامۆستا و فێرخوازان یەک دەخات. پەرۆشییەک کە لە بەرپرسایەتی ئاکاردا ڕیشاژۆیە. ئەمە جوانییە بەسرڤەیی یانژی بەتوند وەیا نەرینی زرەدینداری کرێت نەکراوە. ئەمە جوانییەکی پاکە بێ ئەوەی پیوریتانی بێت.

لێرەدا لە خەبتینی زاڵبوون بەسەر لاوازکرنی دوولاگرایەتی[390] بەشدارین چونکێ باس لە شیانبەدەری جوێکردنەوەی فێرکردنی نێوەرۆک لە شێوەرێژکردنی ئاکارەکی دەکەین. لە جوێکردنەوەی کردەکی و بیردۆزە، سالاری و ئازادی، نەزانین و زانیار، ڕێز بۆ مامۆستا و فێرخوازان و، فێرکردن و فێربوون. هیچ کام لەو هەلومەرجانە ناکرێ کۆچەرخانە یەکێک لە وی دی جوێ بکرێتەوە. وەک مامۆستایەک، مامەڵەت دەگەڵ ڕاهێنانی ئازادیی خۆم و سالاری خۆم دەکەم. بەلاَن لەو دەمەدا ڕاستەوخۆ مامەڵەت دەگەڵ ئازادیی فێرخوازان و فراژووتنی سەرخۆبوونیان دەکەم، نەک لەبیر کردنی ئەوەی ئەمانیش لە پیڤاژۆی بنیاتنانی سالاری خۆیانن. وەکی مامۆستا، ناتوانم یارمەتی فێرخوازان بدەم بەسەر نەزانییان زاڵ بن گەر بە شێوەیەکی هەمیشەکاتی سەرگەرمی کۆشانی زاڵبوونم بەسەر نەزانیمدا نەبم. ناتوانم سەرگەرمی فێرکردنی ئەو چتەی نایزانم، بم. هەرچۆنێک بێت، لێرە ئاماژە بەو هەوڵ و زانیارە نادەم کە زادەی «وشانن». باس لەو شێوازە دەکەم کە دەگەڵ فێرخوازەکانم دەژیم. لەبەر ئەوەی ئەمە باشترین بەڵگەوبەندی ئاوەرانەیە. ئەمە لە ڕێزی بەرهەستمدایە بۆ مافی پرسین، بەرگومان و، بەررەخنەدانی ئەو شتەی تێیدا گەواهی دەدەم هەم بۆ ئەو شتەی باوەڕم پێیەتی هەم ئەوەی دەیڵێم. قسەکردنی ساکارانە هەرگیز بەس نییە.

چەندی پتر بیردانەوە لە کاروباری فێرکارانەمان دەکەم، پەژراندنی ئەو بەرپرسایەتیەمان دەکەم کە لێمان داوا دەکا، هەربۆیە زیادتر ئاوەرم بە ئەرکی تەقەلامان هێناوە تا لەڕوو[391] بێت. ئەو ڕێزەی ئێمەی مامۆستایان قەرزداری فێرخوازەکانمانین بۆ دەوامەداری پێواری شکۆ و ئەو ڕێزەی لەسەرشانمانە لە سالاری فێرکارانەی حکوومی یانژی ناحکوومی (ئەهلی) سانا نابێت.

پابەندی

جۆرێکی دی لەو زانیارەی دەبێت هەمبێت و دەگەڵ هەمموو ئەوانەی تا نهوژی قسەم لەگەڵ کردوون بریتییە لەو تێگەیشتنەی کە ڕاهێنانی چالاکی فێرکردنم وەک دەستلێنەدراوێک جێم ناهێڵێت. زۆر پتریش لەمە نا بێ چەتر لەبەر باران بم و پێم وەها بێت تەڕ نەبم. پێویستە لە مانای ساتێکی بێدەنگ، زەردەیەک تێبگەین، تەنانەت لە میناکێکی وەهاش کەسێک دەبێ هۆدەکە جێ بهێڵێت. یاخۆ ئەو فاکتەی پرسیارێک کراوە ڕەنگە کەمێک بێدەبی تێدا بێت. وێڕای هەمموو ئەمەش، پێگەی فێرکردنمان تێکستێکە دەبێت یەکبینانە بخوێندرێتەوە، لێکبدرێتەوە، بنووسرێت و، بنووسرێتەوە. لەم ڕووگەوە، چەندی هاودەنگی دەنێو مامۆستا و فێرخوازان لەو ڕێچکەیەی ئەو پێگەیە هاوبەشانە دەکار هاتووە هەبێت، بەرشیانی پتر بۆ فێربوونی دیمۆکراتی دەنێو فێرگەدا والاَ دەبێت.

ئەمە باوەڕی منە ئەمرۆ ئەو جۆرە پێشڕەوتەی مامۆستا پێویستە لێی ئاگادار بێت دەبێت هەرگیز وەک بە کار هێنانی زرنگی پێشووی ئایدۆلۆژیای باوی سەردەمی ئێمە نەبێت، بەتایبەتی توانستی بلاَوبووونەوەی بەرەبەری ئەو بیرۆکەیەی کە بۆ فێرکاری بەرشیانە بێلایەن بێت. ئەمە ڕێک فەلسەفەی کۆنەپەرستانە، کە پۆل بۆ گۆشکردنی دید و کاری ڕامیاری لە

---

[390] دوولاگرایەتی = Dualism، بڕوانە زاراوەسازی پێوانە، سایتی مامۆستا، «*www.mamosta.net*».

[391] لەڕوو = بەڕێز؛ بەقەدر، بڕوانە قورئانی پیرۆز بە کوردی هەژار، سورەتی ئەحزاب، ئایەتی 69، « https://books.vejin.net/ck/text/16513?h=%D9%84%DB%95%DA%95%D9%88%D9%88 ».

فێرخوازاندا بە کار دەهێنێت، هەر وەکوو چۆن ئامادەگی مرۆ لە دونیا بەرشیانە هەروەها بێلایەنبوونیش هەر لە هەمان دەمدا بەرشیانە.
ئامادەگیم لە فێرگە وەکی مامۆستا بنجی ئامادەگییەکی ڕامیارانەیە، شتێکی وەها فێرخوازان نکارن ئافەرۆزی بکەن. لەم ڕووگەوە، دەبێت توانستی خۆم بۆ شیکردنەوە، بەراوردکردن، هەڵسەنگاندن، بڕیاردان، هەڵبژاردن، وردکردن بۆ فێرخوازەکانم بارگۆز بکەم. توانستی من دەبێت دادپەروەرانە، پیادەکاری دادگەری بێت و، ئامادەگییەکی ڕامیارانەم هەبێت. هەروەها وەک ئامادەگییەک نکارم خۆم لە ئەرکیسەرشانم ببوێرم. ئەز، بە شرۆڤەکاری، سۆبژەم «بۆ هەڵبژاردن چارەنووسکراوم». بژاردەم هەبن. شانازی بە ڕاستگۆییەوە دەکەم. وە هەموو ئەمەش دەستاوێژن تا خودان ئاکار بم. وەکی مامۆستا ئەمە لەوەیە کۆمەکیم بکا یا تەگەرەم بۆ ساز بکات، دەبێت وەک ئەڵقە لە گوێی بکەم کە ناتوانم خۆم لە چەنگ سەرنجگیر و هەڵسەنگاندنی فێرخوازان قوتار بکەم. تەنانەت پتر لەمەش، دەبێت لەو بەتەنگەوەبوونەی لە چالاکی وانەگوتنەوەمدا پێویستمە، هۆشیارم بکات. گەر بژاردەیەکم بۆ بیر-والان، کردەکی دیمۆکراتی کردبا، ئەوجا ئەمەش ڕاشکاوانە کۆنەپەرستی، سالارپەرستی، تەک و دیدی دەستەبژێری دەرئامێز دەکا. لە هەر دۆخێکدا بێت، نابێت هەڵاواردن دژی فێرخوازان بکەم. وێڕای ئەمەش، ئەو دەرکەی فێرخواز لەمەڕ وانەگوتنەوەی من هەیەتی تەنێ ئەنجامی ئەوە نییە کە چۆن مامەڵەت دەکەم بەڵکە فێرخوازیش چۆن لە تەکی من تێدەگەن. بەڕاشکاوی، نکارم هەموو ژیانم وەکوو مامۆستا بەسەر بەرم تاکوو پرسیار لە فێرخوازان بکەم چۆن بیر لە من و چالاکی وانەگوتنەوەم دەکەنەوە. هەربۆیە، دەبێت سەرنجگیری خوێندنەوەی ئەمان لەمەڕ چالاکی و کارلێکم[392] لەتەک ئەمان بم. وێڕای ئەمەش، دەبێ فێری باڵکێشی بوونە خودان ئاکار بین. ئەمەش دەبێتە شێوازێک لە ژیان.

فێرکاریی وەک شێوەی دەستتێوەردان لە دونیا

جۆرێکی دی لە زانیار هەیە نکارم بۆ ساتێکیش چییە لە کاروباری فێرکارانەی ڕەخنەکاریمدا شک لە هەبوونی بکەم ئەم فێرکارییەیە، وەکوو ئەزموونێکی تایبەتکاری مرۆ کە شێوەی دەستتێوەردانە لە دونیا. وێڕای ئەم نێوەڕۆکانەی جا خراپ یا خاس گوتراونەتەوە، ئەم جۆری دەستتێوەردانەیە کە پێشنیازی بەرهەمهێنانەوەی هەرتک ئایدۆلۆژیای زاڵ و دەمامک لادانی دەکا. ماکی دیالێکتی پێڤاژۆی فێرکارانە ڕێ نادات تەنێ یەک وەیا ئەوی دی ئەم شتانە بێت.
فێرکاریی هەرگیز و ببڕای ببڕیش بێلایەن یاخۆ چتێکی نائەوتۆی پەیوەست بە بەرهەمهێنانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵ یانژی بەرپرسیاردانی ئەمە نەبووە و ناشبێت. ڕاگەیاندنی ئەوەی فێرکاریی ساکارانە ئامرازی بەرهەممهێنانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵە، سەهووێکی زلە، هەروەها سەهووشە وەها جەختی بکەینەوە پتر لە ئامرازێک بۆ دەمامک لادانی ئەم ئایدۆلۆژیایە نییە، گەر هەر وەک ئەوەی ئەرکێکی وەها دەبا تشتێک بێت بشێ ساکارانە، بنچینەییانە بەبێ هیچ خەبتینێکی بەربەست و دژوار بەدی بهێنرێت. ئەم هەڵوێستانە سەهووی مەترسیدارن و، دیدی خەوشداری هەم مێژوو هەم ئاگایی خویا دەکەن. لە لایەک، بەردەرکێکی کۆچەرخانەی مێژووییمان هەیە کە ئاگایی بۆ تەکدانەوەیەکی سادەی کرۆک تێ دەبەن، لە لایەکی دیش، نموونایەتییەکی خۆیەکیمان هەیە کە دەکۆشێ ڕۆڵی ئاگایی بە فاکتە مێژووییەکان بگونجێنێت. وەک ژن و پیاوان، ئێمە ساکارانە بە بوویەر و فاکتەکان قەدەر نەکراوین. لە هەمان دەمیشدا، سۆبژەی زانین، فەرهەنگ، جڤاک، چین، زایەند و، دۆخە مێژووکردەکانین کە بەقووڵی مۆرکمان دەکەن و ئەمەش بۆ ئێمە وەک چەقی سەرچاوە پێک دێنێت.
لە گۆشەنیگای چینە زاڵەکان، بێ شک چ گومانێک نییە لەوەی پێویستە کاروباری فێرکارانە ڕاستی بپۆشێت و چینەکان ڕێبەست بکات. بە پێچەوانە، ئەم دڵخوازە هاوجۆرانە وەختێک دەتوانن «پێشڕەوت» بن کە پڕ بەبەریان بێت. پێشڕەوت

---

[392] کارلێک = Interaction

بە نیوەچڵی تا بئاخفێت. ئەمان دکارن بیهێننە بەر تەکنیکی پەرەسەندوو کە پەیان پێبراوە و بەزۆری لە ڕێگەی بێلایەنیدا ئەنجام دراون. بەتەواوی لە پاری مەدا سادە دەبێ گەر باوەڕ بەوە بهێنین دەستەی ئاژەڵداران[393] کۆک دەبن لەمەڕ ئەوەی فێرگەی ئێمە، هەم شارنشینی هەم لادێنشینی، دەبێت شەنوکەوی پرسی کشتسازی وەکوو گرفتی ئابوورەکی، سیاسەتکاری و، ئاکارەکی وەک گرینگترین شت بۆ فراژووتنی وەڵات بکەین.

ئەم ئەرکە لە ئەستۆی فێرکارانی بیری-پێشڕەوتە، هەم لە دەرەوە هەم لە ناوەوەی فێرگەکان. هەروەها ئەمە ئەرکی ڕێکخراوە ناحکوومی و یەکیەتییە بیر-دیمۆکراتخوازەکانیشە. لە لایەک، ئێمە لەوەیە شیمانەی ئەوە بکەین بازرگانی بیر-مۆدێرن بە ڕەگاژۆی شارنشینی هاوسۆزی هۆکاری کشتسازی بێت، چونکێ بەرژەوەندی لە فرەواندنی بازاڕە سەرباری کۆنەوارەتی لادێنشینی «پێشڕەوت». لە لایەکی دی، «پێشڕەوت»ی بازرگانی مۆدێرنە وەها خۆشهاتنی لێ دەکات وەک ئەوەی بڵێیت لە پێکگیریدایە بۆ وەتەنگهێنانی ئاژەڵداران، وە پێویست ناکات هەمدیس ڕابمێنی لەوەی داخۆ ڕاستگۆییەکەی لە کوێدایە وەختێک بەر ملانێی نێوان بەرژەوەندە مرۆییەکان و بەرژەوەندی بازاڕ دەکەوێت.

لە هۆشەگیریم لە ڕامانی مارکس Marx بەردەوامم لەمەڕ ناچارانەی ڕادیکاڵی کە وەهام لێ دەکات شیاری هەمیشەکاتی هەموو شتێک بم پەیوەست بە بەرگری بەرژەوەندییە مرۆییەکان، کە باڵادەستی گرووپگەلی تایبەت یانژی چینەکانی خەڵکییە.

سەرپاکی ئەمە دەپەژرێنین چونکێ بە یەکبینی لە پێڤاژۆی ڕووەو بووندایین و، هەربۆیە دەروەستی نۆڕین، بەراوردکردن، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن، بڕیاردان، دەستتێوەردان، وردکردن و، بژاردەکردن دێین، ئێمە مرۆڤگەلی ئاکارەکین بۆیە دەروەستی بەزاندنی ئاکاری ڕەگاژۆی خۆمان دێین. هەرچۆنێک بێت، ئەم بەزاندنە ڕەگاژۆیانە بەرشیانن، هەرگیز ناتوانین پێداگری بەزاندن وەک شتێکی ڕاستینە بکەین. وە بێ شک، ناتوانین دەستپاچە و بێخەم سەرباری بەرشیانی وەها دابنیشین. هەربۆیە، ڕەتکردنەوەی ئاشکرام لە قەدەرایەتی وەها ئەهوەن، لەبری مەحکوومکردنی بەزاندنی ئاکار، دەخەبتێ وەها ڕەچاوی بکات هەر وەک ئەوەی سەر بە «دروست» بیرکردنەوەیە. ناتوانم لە سیستەمێکی بەرەواژدا بەشدار بم، لە بەرپرسایەتیە بەدخوازییەکەی[394] ببوێردرێت، بە دانەپاڵی بە «هێزە بەرپێوارەکان»ی[395] ئەو شکەستەی یەخەی مرۆڤی گرتووە.

بێگومان «لەسەر باوەڕی خۆم سوورم»، ڕابەرانی بازرگانی مۆدێرن بە دنەدان و، کۆمەکی خولی ڕاهێنانی تەکنیککاری کرێکارەکانیان ڕەزا دەبن. ئەوەی ئەمان بەڕوونی ڕەتی دەکەنەوە بریتییە لە فێرکارییەک کە تەیاری هەرتک تەکنیککاری و زانستیانە لەئامێز دەگرێت و باس لە ئامادەگی فێرخواز لە دونیا دەکات. ئامادەگییەکی ئاکارانە و مرۆیانە، هەموو کاتێک بێبەها کراوە و بۆ تارمایی ڕووت بارگۆز کراوە.

نکارم ببمە مامۆستا گەر بەڕوونی پەی نەبەم بەوەی ئەرێ هەر بەڕاست پڕاکتیک/کردەکی داخوازی شرۆڤەی ئەوەی لە کوێ دەوەستم لێ دەکات. پساندنی ئەوەی ئاکارانە دروست نییە. پێویستە لەسەرم هەڵبژاردن لەنێوان شتێک و شتێکی دیکەدا بکەم. ناتوانم ببمە مامۆستا و جێی ڕەزامەندیی هەمووان و هەموو شتێک بم. نکارم دڵبەستەی کەمێک خەڵک، مرۆڤایەتی، دەربڕینی لێڵی زۆر دوور لە ماکی بەرهەستی کاروباری فێرکارانە بم. برسایەتی و بێکاری گەلێر شانبەشانی ساماندارێ، بەری چارەنووس نین کە ڕەوتی کۆنەپەرستان پێشنیاز دەکەن ئێمە پێمان وەها بێت، بە مکوڕیان لەمەڕ ئەوەی خەڵکی دەناڵێن چونکێ ناتوانن چ لەمەڕ ئەو دۆخە بکەن. پرسی ئێرە «چارەنووس» نییە. بەڵکە بێڕەوشتایەتییە.

---

[393] دەستەی ئاژەڵداران = تاقمی ئاژەڵداران؛ سازمانی ئاژەڵداران Ranchers' lobby

[394] بەدخوازی = خواستنی ئاواتی بەدی Malice

[395] هێزە بەرپێوارەکان = هێزە نادیارەکان؛ blind forces

لێرەدا گەرەکمە بەتوندی ئەمە پاتە بکەمەوە هیچ شتێک نابێتە پاساوی ئەتککردنی[396] مرۆڤ. هیچ شتێک! سەرکەوتەی زانست وەیا تەکنۆلۆجیا نابنە ڕەوایەتی «چین» و بە «شیرازە» ناودێری بکات تاکوو کەمینەیەک ئەوانەی دەسەڵاتدارن ڕەنگە خێروبێری سەرزەوی بخۆن و بەهەدەری ژی بدەن لە کاتێکدا زۆرینەی هەرە زل بەسەختی دەتوانن زیندوو بمێنن و بەزۆریش کولەمەرگی خۆیان بە ویستی خودای دەزانن. ناتوانم دەنگی خۆم بخەمە پاڵ «ئاشتیخوازان» ئەوانەی بانگەشە دەکەن تا داماوانی سەرزەوی بە قەدەری خۆیان ڕازا بن. دەنگی من لە تۆنی زمانێکی جوایەزترە، جۆرێکی دی مۆسیقایە. باسی بەرهەڵستکاری، ئاژر، تووڕەیی ئەو کەسانەیە کە فێڵ و ناپاکیان دەرهەق کراوە. هەروەها باس لە مافی بەگژداچوونەوەی ئەمانە دژی ئەو ئاکاربەزێنەی خۆیان بوونەتە قوربانی تلانەوەی درێژمەودای ئەمە.

فەلسەفەی قەدەرایەتی سیاسەتی نیولیبراڵی ئەوەی لێی دەدوام بارێکە کە چۆن بەرژەوەندی مرۆڤ فەرامۆشکراوە وەختێک بۆتە جێی هەرەشەی بەهای بازاڕ.

بۆ وێنە، ناتوانم خەیاڵی بەڕێوبەرێکی مۆدێرن بکەم ماف بە یەکێک لە کرێکارەکانی بدا لە دەمی وانەی سەوادی یانژی خولی ڕاهێنانی سەرکاری لە کارخانە، لانی چاکە و خراپەی[397] ئایدۆلۆژیای زاڵ مشتومال بکات. بۆ میناک، مشتوماڵی ئەم پرسی «بێکارییەی ئیرۆ کۆتای حەتمی ئەم سەدەیەیە» بکات. هەروەها لەم بەستێنەشدا، بپرسێ: ئەرێ بۆ کشتسازیش حەتمی نییە؟ هەروەها بۆ کۆتایش بە برسیەتی و کولەمەرگی حەتمیش نەهێنرێت؟

لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرستییە گەر بڵێی ئەوەی تەنێ کرێکاران ئاواتەخوازین بریتییە لە بەهرەمەندبوون لە بڵندترین پلەی چوستی تەکنیککاری و نایانەوێت لە دەمەتەقێی ئایدۆلۆژییەوە بگلێن، لە هەر دۆخێکدا بێت، ئەمە بە هیچ شوێنێکیان ناگەیەنێت. ئەمە لە بەستێنی دۆخی کار دایە کە کرێکارەکە پێویستە لە پێڤاژۆی بوونە وەڵاتیدا بەشدار بێت، شتێک کە وەکوو ئاکامی «چووستی تەکنیککاری» ڕوو نادات. ئەمە ئەنجامی تەقەلای سیاسەتکارییە بۆ چێکردنەوەی جڤاکێک هەم مرۆیی بێت هەم تژی لە دادپەروەری بێت.

هەربۆیە، لەو دەمەوە نکارم ببمە مامۆستا بێ ئەوەی جەخت بکەمە سەر خۆم کە بۆ فێرکردنی باش و دروستی نێوەڕۆکی ڕشتەی خۆم تەیار کراوم و، ناشتوانم کاروباری فێرکردنی خۆم بۆ بارگۆزاندنی[398] تاکوتەرای ئەم نێوەڕۆکانە تێ ببەم. ئەمە نەرینی ئاکارەکی منە لە ڕەوتی فێرکردنی ئەم نێوەڕۆکانە کە جوداوازی دێنێتە ئاراوە. ئەمە نەرینێکە کە بە پاپەندی تەواوەتیم هاتۆتە کایەوە، لە سەرمایەگوزاریم لە نایەبەتی و، تەیاری لێهاتوویيم کە خاکینەیی خویا دەکات نەک لووتبەرزی. ئەمە نەرینی ڕێزی بێمەرجە بۆ فێرخوازان، بۆ ئەو زانیارەی ئەمان هەیانە کە ڕاستەوخۆ زادەی ژیانە و بۆ ئەمەش، پێکەوە دەگەڵ فێرخوازان کار دەکەم تا بچمە ئەودیوی. هاوتەریبیم لەنێو پۆل هەر وەک فێرکاریی نێوەڕۆکم گرینگە. هاوتەریبی ئەوەی چ دەڵێم، دەنووسم و، دەیکەم.

من ئەو مامۆستایەم کە لەپێناو ڕاستیدا دەجەنگم و دژی شوورەییم[399]، ئەڵهای ئازادیمە و دژی سالارپەرستایەتیم، پاڵپشتی سالاریم لە دژی ئازادی ڕەها و، وە بەرگریکاری دیمۆکراسیم و دژی دیکتاتۆریەتی ڕاسترەو وەیا چەپڕەوم. ئەز ئەو مامۆستایەم کە دڵبەستەی خەبتینی هەمیشەکاتی هەڤدژ بە هەموو شێوە دەمارگرژییەک و دژی ئابوورەکی زاڵی تاکەکەس و چینایەتی جڤاکم. ئەز ئەو مامۆستایەم کە سیستەمی سەرمایەدارەتی[400] هەوێڵ ڕەت دەکەمەوە و، بەرپرسی گرفتی کولەمەرگی نێو جەرگەی پیتوبەرەکەتیم. ئەز مامۆستایەکم تژی لە گیانی هیوا، سەرەڕای هەموو نیشانەکانی

---

[396] ئەتککردن = Degradation

[397] چاکە و خراپە = Pros and cons، Advantages and disadvantages

[398] بارگۆزاندن = Transmission

[399] شوورەی = Indecent

[400] سەرمایەدارەتی = Capitalism

دژوەستان. ئەز ئەو مامۆستایەم کە ناهومێ ڕەت دەکەمەوە و بەرتاوی من دەبێت و ڕێبەستی دەکەم. ئەمن ئەو مامۆستایەم شانازی بە جوانی کاروباریی فێرکارانەم دەکەم، جوانییەکی بەرشکەستە و ڕەنگە نەمێنێت گەر گرینگی بە تەقەلا و زانیاری نەدەم کە دەبێت سەرگەرمی دەرسدان بم. گەر نەخەبتم لەپێناو ئەو دۆخگەلە مەترپالانەی کە بەبێ ئەمان لاشەم بەدەست وێلکارییەوە دەنالێنێت، هەربۆیە سەرکێشی پەرێشان و ناچووستی دەکەم، ئەوجا چیی دی شایەدی ئەو بوونە نیم کە دەبا بووبام، چیی دی ئەو جەنگاوەرە بەرژدە نیم کە لەوەیە ماندوو بێت لێ ببڕای ببڕ کۆڵ نادات. ئەمە جوانییەکە پێویستی بە تاسانە بەڵان بە سانایی دەشێ لە لووتبەرزی یانژی سووکایەتم بەڕووی فێرخوازاندا لێم دابڕێت. گرینگە فێرخوازان پەی بەرن بەوەی کە خەبتینی مامۆستاکەیان هاوتەریب بێت. وە ئەم خەبتینە ناچارەکیانە دەشبێت بابەتی مشتومالّی دەمنادەمی نێوپۆل بێت. چەند دۆخگەلێک هەن ڕەنگە دید یا کردەکی مامۆستا بۆ فێرخوازان دژکار دەربکەوێت. ئەم نمایانبوونەی دژکاری بەزۆری ئەو کاتانە خویا دەبێ کە مامۆستا ساکارانە بەپێی چالاکییەکانی پۆل ڕاهێنانی سالاری دەکات بە شێوازێک کە بۆ فێرخوازان وەها پێدەچێت دوندی دەسەڵات بێت. لەو دەمانەدا ئەمە ڕەنگە مامۆستاکە بێت دڵنیانەبێ داخۆ سنوورەکانی سالاری بەزاندووە یانژی نا.

ئازادی و سالاری

لە پاژێکی دی ئەم تێکستە، ئاماژەم بەو فاکتە داوە کە تا ئێستێ چارەی ئاریشەی گرژی نێوان سالاری و ئازادیمان نەکردووە. چونکێ ئێمە وەها لێمان چاوەنۆڕ دەکرێت بەسەر میراتی سالارپەرستایەتی زۆر باوی نێو خۆماندا زاڵبین، لێ کەوتینە نێو هەڵەی دژی ئازادیی بێسنوور، بە مەحکوومکردنی ڕەوایەتی ڕاهێنانی سالاری بوون بە بەدسالاری.

بەمدواییانە، گەنجێکی پرۆفیسۆری زانستگە بە بنەمای دیمۆکراتانە پێی دەگوتم کە شێوازی مامەڵەتی ئەم دەگەڵ سالاریدا بۆ ئەم چەند بەدانە دەرکەوتووە. بە ئاهێکی پڕ دەردەوە پێی گوتم کە بەرتەکی فێرخوازی پۆلێکی دی داوەتەوە وەختێک لەنێو دەرکەی نیمچەکراوە وەستا بوو و ژێستی بۆ یەکێک لە فێرخوازەکانی پۆلەکەی دەکرد. ئەوەی ڕاستی بێت، لەبەر ئەم پشێوییە دەبوو وانەگوتنەوەکەی ڕاگرتبا. لە ئەنجامدانی وەهادا، توانیویەتی سێرە بخاتە سەر ئەوەی چەقە، بەتایبەتی چالاکی وانەگوتنەوەکەی و زەمینەی لەبار بۆ بەجێهێنانە شیاوەکە، بە هیچ نەگوتنی سەبارەت بە مافی خۆی و فێرخوازەکانی تا بە دەربڕینێکی بێپێچوپەنای ناقۆلای ئازادیی ڕەهاوە نەبردرێت. هەروەها، پێشی وابوو بڕیارەکەی هەرەمەکی بووە. بە دیدی من، وەهاش نەبووە. لە ڕاستیدا، بە هەڵنەدانی/دەستوەرنەدانی هاوشانی خستنەڕووی کەماسی سالاری ڕاستینە بووە، تەکێکی کەمتەرخەمانەیە لە هەمبەر دەستێوەردانی ڕاستوڕەوانی قەبوڵنەکراوە و زیانبەخش بۆ نێو کەشی فێرکاری.

لە یەکێک لەو گوتوبێژانەی لەمەڕ پرسی ئازادی و سالاری و سنوورەکانی هەناوی هەرتکیان بەشدار بوومە [سنوورەکان بەبێ کام ئازادی بوونە مۆڵەت هەروەها سالاریش بە سالارپەرستایەتی]، بیستم یەکێک لە بەشداربووکان دەڵێت «زەمزەمە»ی[401] من مامۆستایەکی کۆنەپەرستی دەمی ڕژێمی چەکداری بیر خستۆتەوە. بە قسەی بیسەرەکەم، ئازادی هیچ سنوورێکی نییە. ئەمە لە ژوور هەموو سنوورەکانە. بە ڕوونی ئەم بۆچوونەم قەبوڵ نەکرد. ئازادی بێسنوور هەر وەک ئەو ئازادییەی خەفە کراوە یا دژایەتی کراوە شیانبەدەرە. گەر بێسنوور با، منی دەبردە ئەودیو پانتایی تەکی مرۆڤکارانە، دەستتێوەردان، یانژی کۆشان. ئازادیی ڕەها نایاندنی دۆخی بێبڕانەوەبەدەری مرۆیە.

---

[401] زەمزەمە = Singsong

مەزنترین ملەی فێرکارانی بیر-دیمۆکرات بریتییە لەوەی چۆن هەستی سنوور بارگۆز دەکەن وەها بشێ ئاکارانە لە ئازادییدا تێکبەستە بێت. ئازادی چەندی پتر ئاگایانە گریمانەی سنووری ناچارانە بکا، سالاری پتر، دوانی ئاکارانە، بەردەوامیدانی بە خەبتینی سەربەخۆی، هەیە.
گەرەکمە جارێکی دی ئەوە بڵێمەوە کە چەند باوەڕم بە ئازادی هەیە و چەندیش لە ڕاهێنانی ئازادییدا بۆ گریمانەی بەرپرسایەتی بڕیارەکانمان، بنەڕەتییە. ئەمە ئەو جۆرە ئازادییە بوو ئەزموونی منی وەکوو کوڕێک، برایەک، فێرخوازێک، مامۆستایەک، مێردێک و، هاووەڵاتییەک مۆرکاند.
ئازادی لە بەرەنگاری دەگەڵ ئازادییەکانی دیدا دەگوورێت، داکۆکی لە مافەکانی هەڤبەند بە سالاری باوکەتی، سالاری مامۆستایان و، سالاری دەوڵەت، دەکات. بێگومان ئەمە ڕوونە، هەرزەکاران هەردەم باشترین بڕیاری خۆیان پەیوەست بە ئایەندەیان نادەن. هەربۆیە گرینگە دایبابان بەشداری مشومڕی پلانی ئایەندەی منداڵەکانیان بکەن. ئەمان (دایکوبابان) ناتوانن و نابێت نکووڵی بکەن کە دەبێت بزانن و گریمانەی ئەوە بکەن کە ئایەندەی منداڵەکانیان بۆ منداڵەکانیانە نەک بۆ خۆیان (دایبابان). بە دیتنی من، ئەمە وەها چاکترە ئازادی بڕیاردان بدەینە دەست منداڵەکان خۆیان، تەنانەت گەر پڕکێشی سەهووکردنیش بکەن نەک بە سانایی گوێ لە مستی بڕیاری دایکوبابیان بن. ئەمە لە بڕیارداندایە فێر دەبین بڕیار بدەین. هەرگیز فێر نابم ببمە ئەوەی کە کێم گەر بێتو بۆ تاقە جارێکیش چییە لە ژیانمدا بڕیار نەدەم چون هەردەم هەستەدەریی و دانایی دایکوبابم هەس تا پشتی پێببەستم. بەڵگەوبەندە کۆنینەکانی وەکی، «خەیاڵی/وێنای ئەو سەرکێشی و کات و دەرفەتە بەزاياچووانەی ئەم بیرۆکە شێتانەیە بکە کە دەیکەیت»، پووچن[402]. ئەوەی لە هەبوونی ئێمەدا پراگماتیکە ناکرێت بەسەر پێویستی ئاکارەکیدا سەربخرێت کە لەسەرمانە بەری بکەوین. منداڵ هەر لە دەمی زووەوە مافی سەلماندنی شێتی بیرۆکەکانی هەیە. بەهەمەحاڵ، فرە گرینگە ئەزموونی فێرکاریی بڕیاردان دەبێت بە چەشنێکی وەها بێت کە ئاکامەکانی هەر بڕیارێک لەلایەن بڕیاردەرەکەوە گریمانە بکرێت. هیچ بڕیارێک نییە بەرتاوی پێشبینیکراو، نیمچە پێشبینیکراو، یا هەر پێشبینینەکراو نەبێت. ئەوە ئاکامەکانن بڕیاردان دەکەنە پێڤاژۆیەکی بەرپرس. یەکێک لە ئەرکە پێداگۆگییکارەکان بۆ دایبابان بریتییە لەوەی پێویستە لەسەریان ئەمە بۆ منداڵەکانیان ڕۆشن بکەن کە بەشداری ئەمان لە پێڤاژۆی بڕیارداندا لووت ژەنین[403] نییە بەڵکە ئەرکە، هەربۆیە دایکوبابان چ نیازیان لە بڕیاردانی منداڵەکانیاندا نییە. بەشداری دایبابان باشترین دەرفەتە لە یارمەتیدانی منداڵ تا شرۆڤەی ئاکامە بەرشیانەکانی بڕیاردان کە دەبێت بدرێن، بکرێت.
پێگەی دایک یا باوکەکە هی ئەو کەسەیە کە بەبێ هیچ پڕکێشییەک یانژی سالاری، بتوانێ قبوڵی خاکەڕا و گرینگترین دەوری ئامۆژگار بۆ کوڕ وەیا کچەکەی بکات. هەروەها وەک ئامۆژگارێکیش، هەرگیز بڕیارێک ناسەپێنێ یاخۆ تووڕە بێت لەبەر ئەوەی گۆشەنیگای باوانی قەبوڵنەکراوە.
ئەوەی بنج و ناچارەکییە بریتییە لەوەی کە کوڕ یا کچان خۆیان ئاکارانە و بەرپرسانە قورسایی بڕیارەکانی خۆیان هەڵبگرن، کە لە ڕاستیدا ڕووەو ساتێکی گرینگ لە چێوەکردنی فراژووتنی سەرخۆبوونی تاک هەڵدەکشێت. سەرەتا بەر لە بڕیاردان کەس خودبەسەر/سەرخۆ/سەربەست نییە. سەرخۆبوون ئەنجامی پێڤاژۆیەکە کە بڕیاری هەمەجۆر و هەژماربەدەر[404] لەخۆ دەگرێت. بۆ میناک، بۆ منداڵ بەرملە نەدەین وەختێک ساوایە بەشداری مشتومڕ و بڕیاردان لەمەڕ باشترین کات بۆ کردنی ڕاهێنانەکانی فێرگە بکات؟ بۆچی باشترین کات بۆ ڕاهێنانەکانی فێرگە هەردەم کاتی دایبابانە؟

[402] پووچ = Invalid
[403] لووت ژەنین = دڕدوکی؛ فزوڵی؛ خۆتێهەڵقورتاندن Intrusion
[404] هەژماربەدەر = Innumberable

بۆ دەرفەتی جەختکردنەوە لە ئەرک و ئەو مافەی منداڵان وەک خەڵکی هەیانە بۆ بەشداری لە پێڤاژۆی چێوەکردنی سەرخۆبوونی خۆیان بەهەدەر دەدرێت؟ کەس سۆبژەی سەرخۆبوونی کەسێکی دی نییە. بەهەمەحاڵ، کەس لە بیستوپێنج ساڵیدا لەپڕ نابێت بە کوڕێک. یان ئەوەتا بە هەر ڕۆژێک کە ئاوا دەبێت پێدەگەین یانژی نا. سەرخۆبوون پێڤاژۆی ڕووەو خۆ بوونە، پێڤاژۆی گوورانی ڕووەو بوونە. لە کاتێکی دیاریکراودا ڕوونادات. لەم ڕوگەوە، پێداگۆگیی سەرخۆبوون دەبێ چەقی پشتئەستووری ئەو ئەزموونانە بێت کە دنەی بڕیاردان و بەرپرسایەتی دەدات، بە مانایەکی دی، لەسەر ئەو ئەزموونانەی ڕێز لە ئازادی دەگرن.

ئەمڕۆ شتێک بۆ من زۆر ڕوونە. ببڕای ببڕ لە باوەڕکردن بە ئازادی، لە ڕژدبوون، خۆشەویستی کانگای دڵ، هاودەنگی، یانژی لەو تەقەلایەی فێری بەها و گرینگی ئاژر بوومە، نەترساوم. هەرگیز لە بۆڵەبۆڵی هاوسەر، منداڵ، یا ئەو فێرخوازانەی ساڵانێک کارم لەگەڵ کردوون تەنێ لەبەر ئاوەری قووڵم بە ئازادی، هیوا، بە مانایەکی دی لەبەر ئارەزۆی کەسێک لە هەوڵدان و هەوڵدانەوەی وەک ئەنجامی پتر سادەبوون نەک ڕەخنەکار، نەترساوم. لە دەمی فرەڕەنگی ژیانم ئەوەی لێی ترساوم بریتییە لەوەی ڕەنگە وشەکانم یا ژێستەکانم[405] وەکی «هەلپەرست، ڕیالیست، کەسێک دەستی بە کڵاوی خۆیەوە گرتبێت» لێکبدرێتەوە، یەکێک لەو پسپۆڕانەی لە پارسەنگ ڕاگرتنی شتان بەڵەدە وەها بۆ هەمیشە لەسەر پەرژین دادەنیشت بزانێ لە کوێ بای بێت تا لەوێ شەنە بکات.

نەبوونی ڕێز بۆ ئازادی هەمیشە بەمەبەست شێواندنیم ڕەت کردۆتەوە. ئازادی پەنامی سنووران نییە. ئەوەی هەردەم وێڵی بوومە بریتی بووە لەوەی لە گرژی، هەڤدژی نێوان ئازادی و سالاریدا بژیم تا دۆماندن بە ڕێزی هەرتکیان بدەم. هاوێرکردنیان بریتییە لە شکاندنی یەکێک یانژی ئەوی دیکەیان.

باڵکێشە سەرنجبدەین داخۆ چۆن خەڵکی ئەوانەی پەرۆشی سالارپەرستی بوونە ئەغڵەب بیر لەو ڕێزە دەکەنەوە کە بۆ ئازادی پێشەمە وەکی لە تامدەرچوو بۆ خۆجۆشی. وە ئەوانەشی وەها وێنای ئازادی دەکەن چ سنوورێکی نەبێت هەردەم سالارپەرستایەتی لە هەموو مانەفێستێکی ڕەوای سالاریدا بەدی دەکەن. پێگەی دروست بێئەملاولا، وێڕای پڕ ئاریشەترینی بریتییە لە دیمۆکراتی، هاوتەریبی کۆشانی یۆتۆپیای ڕووتی هاودەنگی و هاوشانەتی. لێرەدا، ئازادی بەبێ سالاری بەرشیان نییە وە بەپێچەوانەش.

بڕیاردان هۆشیاری و ئاگاییە

دەیسا با بگەڕێینەوە سەر ئەو شاباسەی لەم تێکستەدا خەریکی باسکردنی بووم: بەتایبەتی، فێرکاری کە تەکێکی تایبەتکاری دەستتێوەردانی مرۆیە لە دونیا. پێویستە ڕاشکاوانە بێژین کە چەمکی «دەستتێوەردان» لێرە بەبێ هیچ سنووردارییەکی واتاسازیانە[406] بەکار هاتووە. وەختێک باس لە فێرکاری دەکەم وەکی دەستتێوەردان، ئاماژە بە سرووشی هەرتک گۆڕانکاری ڕیشەیی جڤاک لە بوارەکانی وەک ئابوورەکی، هەڤبەندە مرۆییەکان، خاوەندارەتی، مافی دامەزراندن، خاک، فێرکردن و، ساخڵەمی و، هەروەها ئەو پێگە کۆنەپەرستانەی ئارمانجیان ڕێبەستی مێژوو و دۆماندنە بە شیرازەیەکی نادادیی جڤاک-ئابوورەکی و فەرهەنگزادەیە، دەکەم.

ئەم شێوە دەستتێوەردانانە، کە بەزۆری جێگۆڕکێی نێوان یەکێک و ئەوی دییە، بەزۆری لە بژاردنەکانماندا تووشمان دەبن و زۆر دوورتر لە یەکنەوازی نێوان تەک و ئەوەی دەیسەلمێنین، دارەبەش بووە. ئەمە شتێکی تاکوتەرایە، بۆ میناک، کە ئێمە دەرکی ئەو درە لێڵیەی نێوان دەربڕینی پێشڕەوت و شێوازی کارەساتاوی دەستەبژێری ڕووەو بوونە بیرکار دەکەین،

---

[405] ژێست = Gesture

[406] واتاسازی = Symantic

هەیە. وە دەبێ چۆن باسی ئەو فێرکارانە بکرێ کە وەکی پێشڕەوت جەخت لە خۆیان دەکەن و لە کاری پێداگۆگ-سیاسیدا بەشداری دەکەن کە سالارپەرستایەتی بالآیانەیە؟ ژبەر هێندێ، *لە مامۆستایان وەک کارکەرانی فەرهەنگی: پەیام بۆ ئەوانەی دەوێرن وانە بڵێنەوە* *Teachers as cultural Workers: Letters to those who dare teach* مکوڕی پێویستی چێکردنی ڕەندی هاوتەریبی نێو کاری وانەگوتنەوەمان لەنێوان ڕەندییەکانی دیکەدا کردووە. هیچ شتێک وەک دیدی ڕاسیستی، سازانی ڕاسیستی[407] زیان بەو مامۆستا بەناو پێشڕەوتانە ناگەیەنێت. نۆڕین لەوەی چەند هاوتەریبی زیادتر لەنێو بیرکارانی سالارپەرست هەیە، باڵکێشە، جا ڕاستڕەو یا چەپڕەو بێت. کەمجار هەیە بگەین بە کەسێک ڕێز لە فێرخوازەکانی بگرێت وەیا دنەی کونجکۆڵی ڕەخنەکارییان بدات، ئەمەش ئەزموونی جەربەزەیە. بە دەگمەن هەڵدەکەوێت بەمەبەست بەشداری لە بنیاتنانی سەرخۆبوونی پتەو لە فێرخوازاندا بکەن. بە گشتی ئەمان مکوڕی ئەوەن لە فێرخوازەکانیاندا ئەوانەی خدەیان بە سستی گرتووە، شاباسی نێوەڕۆکیان تێدا بچەسپێنن لەبری ئەوەی بەرملەی فێربوونی چییەتی ئەم نێوەڕۆکانە بدرێن، کە لە کرۆکی زانیندان.

فێرکاری وەک تەکێکی تایبەتکاری مرۆڤانە پیشەیەکی «دەستوورانەی» هەس، کە ئەمەش خۆی بۆ خەون، نموونایەتی، یوتۆپیا، بابەتەکی، ئەوەشی ئەز بە ماکی «سیاسەتکاری» فێرکارانە ناوی دەنێم ئاراستە دەکات. بە مانایەکی دی، جۆرایەتی ڕووەو جغزی بوونە سیاسەتکاری هەناوی ئەم کرۆکەیە. لە ڕاستیدا، بێلایەنی لە ڕەوتی فێرکارانەدا شیانبەدەرە. شیانبەدەر نییە لەبەر ئەوەی مامۆستایانی تێکدەر یا نابەرپرس فرە چارەنووسکراون یانژی هەندێ مامۆستا یا ئەوانی دی وەها بڕیاریان داوە. هەر کەسێک وەها بیر بکاتەوە «هەندێ فێرکار پتر سێرەیان لە چالاکەتییە تا شتەکانی دی»[408] بۆچوونێکی سەیری هەیە لەمەڕ ئەوەی داخۆ «سیاسەتکاری» چییە.

ڕەگی ڕاستینەی ماکی سیاسەتکاری فێرکارانە دەبێت لە بەرفێربوونی تاکەکانی مرۆدا بدۆزرێتەوە. ئەم بەرفێربوونە، لە ئەنجامدا، لە بێبڕانەوەبەدەری ڕیشەیی دۆخی مرۆی و ئاگاییمان لەم بارە بببڕانەوەیە ڕەگاژۆیە. بە بوونە بێبڕانەوە و مێژووکرد، ئاگابوون لە بێبڕانەوەبەدەریمان، ناچارانە خودان ئاکارین چونکی پێویستە بڕیار بدەین. هەڵببژێرین.

مێژووکردی بێبڕانەوەبەدەریمان داخوازی ئەمە دەکات. زەمینە واڵە دەکات کە دکارین دەگەڵ دیدی ڕەگاژۆی ئاکارانە بەکاری بهێنین وەها لە کردەکییدا بشێ بێتە ڕماندن. هەر ئەوەی پێشتر گوتم، ئێمە تەنێ دکارین ببینە خودان ئاکار، گەر بتوانین ببینە کەسانی بێئاکار. دەبێت تێ بپەڕێندرێت.

گەر فێرکاریی بێلایەن بووبا، چ توفیر لەنێوان خەڵکی لە لانی بەستێنی کەسەکی یانژی جڤاکیدا نەدەبوو، جا ئەمەش شێوازی ڕامیاری وەیا سیستەمی بەهای ئەمان بێت. بۆ میناک، لێرە لە بەڕازیل، برسایەتی و کولەمەرگی هەم لە بەڕازیل و هەم لە سەرانسەری دونیایش کۆتاییەکی حەتمی ئەم سەدەیەیە. هەروەها دەبێت ناچارانە هاوبیری[409] و هاوتەکی لە ڕووبەڕووبوونەوە و زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەدا هەبێت. لە ڕاستیدا، گەر فێرکاری بنجانە ڕامیاری نەبوو، واتای ئەوە دەگەیەنێ کە دونیا لە داکەوتدا مرۆڤانە نابێت. نەسازییەکی تەواوەتی هەیە لەنێوان، لە لایەک دونیای مرۆیی ئاخافتن، دەرککردن، ژیرمەندی، بەرڕاگەیشتن، تەک، نۆڕین، بەراوردکاری، پەیدۆزی، گەڕان، بژاردە، بڕیاردان، پساندن، ئاکارناسی و، بەرشیانی تێپەڕاندن و، لە لایەکی دی بێلایەنەتی جا مژارەکە هەرچییەک بێت.

ئەوەی لە فێرکارییدا دەبێت ڕێنمای من بکا پرسی بێلایەنی نییە بەڵکە ڕێزە، جا بە هەر نرخێک بێت بۆ هەموو ئەوانەی سەرگەرم و دڵگەرمیی کایەی فێرکارین. ڕێز بۆ مامۆستایان لە لانی کارگێڕی فێرگەوە جا حکوومی وەیا ناحکوومی

---

[407] سازانی ڕاسیستی = Racist modus vivendi
[408] چالاکەتی = Activism
[409] هاوبیری = Uniformity of thought

(ئەهلی) بێت. ڕێز لەنێوان مامۆستا و فێرخوازان. هەروەها ڕێز لەنێوان خۆشیاندا. ڕێز ئەو شتەیە دەبێت بێ پسانەوە بۆی بجەنگم. بۆ ئەو مافەی دەبێ ڕێز بنوێندرێت و ئەو ئەرکەشی لەسەرشانمە دەبێت ڕووبەڕووی ئەوانە ببمەوە کە من کەم دەکەنەوە. بۆ ئەو مافەی تۆ وەک خوێنەر دەبێت ببیتە ئەوەی کە تۆ کێیت، نەک بۆ مافی شتە بێڕەنگ، بێتامەکانی ئەم بێلایەنییە. کەڵکی بێلایەنی من چییە گەر ئاسوودە نەبێت و شیمانەی ئەوەی شێوازی ڕیاکاری لادانی هەر بژاردەیەک یانژی ترسی من لە سەرکۆنەکردنی نادادیی سەرفروو بکات. سەرەڕای چەوسانەوە کەچی دەستەوەستان دانیشین.

زانینی چۆنەتیی گوێڕادێران

یەکێک لە نیشانەی ئەو دەمانەی دەمتۆقێنێت، بریتییە: لە پێداگری لەژێر ناوی دیمۆکراسی، ئازادی و، چاپوکی، لەسەر خنکاندنی ئازادی خۆی و، بە فرەواندن، ئافرێنەری و ئەزموونی جەربەزەی ئەم گیانە. ئەوە ئازادییە دەمانخاتە بزاوتن، وامان لێ دەکات سەرکێشی بکەین و، کەوتۆتە ژێرڕکێفی پێڤاژۆی ستانداردکردنی هەڤبەند بەو هاوکێشە و مۆدێلانەی ئێمە تێیاندا هاتووینە هەڵسەنگاندن.

ئێمە بەڕوونی لێرە باس لەو جۆری خنکاندنە درە ناکەین کە لەلایەن پادشایەکی زۆردار بەسەر بەردەستەکانی، ئاغایەکی فیۆداڵ بەسەر سەپانەکانی، داگیرکار[410] بەسەر ئەو خەڵکانەی داگیرکراون[411]، خاوەن کارخانەیەک بەسەر کرێکارەکانیدا، یانژی دەوڵەتێکی سالاریەرست بەسەر وەڵاتییەکانیدا ئەنجامدراوە. باس لەو هێزە پەنهانەی نامۆیاندنی دەستەمۆکردن دەکەین، کە بە ئاستێکی چووستی فرەنائاسایی ئەوەی من بە بیرۆکراتاندنی ئاوەز ناوی دەبەم، دەگات. ئەمە باری پاڵەفتەی دابڕێندراوە، وازهێنانی ئاوەزە لە بنجی خۆی، لەدەستدانی ئاگایی لە جەستە، «فرەبەرهەمی»[412] تاک و، پێملی سەرەڕای ئەو دۆخانەی لەبەر چارەنووس وەکی بەرەواژبەدەر[413] جەخت کراونەتەوە.

ئەوانەی هەردەم لە بوویەران وەک ئەمری واقیع[414] دەڕوانن وەکوو ئەو شتانەی ڕوودەدەن چونکێ دەبا ڕوویاندابا، لە مێژوودا وەک ناچارەتی دەژین نەک وەکی بەرشیانی.[19] ئەمە پێگەی ئەو کەسانەیە کە وەها لە خۆیان دەڕوانن کە بە تەواوی بێدەسەڵاتن سەرباری بەگوڕی فاکتەکانیش. ئەو فاکتانەی ڕوویانداوە تەنێ لەبەر ئەوەی دەبا ڕووبدەن نا بەڵکە ئەو فاکتانەی ناکرێ ئاڕاستە بکرێن وەیا جێیان بگیرێتەوە. شێوازی وەها میکانیکی تێگەین لە مێژوو هیچ شوێنێک بۆ بڕیاردان پێشکەش ناکەن کە بنگەییانە مرۆیین. تا ئەو پلەیەی کە ڕابردووی مێژووکرد «کێشەڕێژ» نەکراوە تا ڕەخنەکارانە دەرک بکرێت، سبەینێ زۆر بە ساکاری دەبێتە دۆماندنی[415] ئیرۆ. تشتێک دەبێت ببێت چونکێ بێچەندوچۆن دەبێت ببێت. تا ئەو ڕادەیە چ مەجالێک بۆ بژاردە نییە. تەنێ بوار بۆ باشڕەفتارکردووی گوێ لەمستی قەدەر هەیە. ئەمڕۆ. سبەی. هەتاهەتایە.

بۆ وێنە، هەمەپۆشاندن شتێکی حەتمییە. چ تشتێکی وەها لەمەڕ ئەمە نایەتە کردن. ئەمە هەر دەبێت ڕووبدات چونکێ چارەنووس وەها ڕازئامێزانە هاتۆتە ڕێکخستن. بۆیە، دەبێت ڕەزا بین بەوەی ئەوەی لە کرۆکدایە تەنیا دەستەبژێرە ورد و بەهێزەکانن کە کۆنترۆڵ بەهێز دەکەن و هێزی دەرکنارکراوان وردوخاش دەکەن، تەنانەت زۆر نەتوانیشیان دەکەن.

---

410 داگیرکار = Colonizer

411 داگیرکراو = Colonized

412 فرەبەرهەمی = Mass production

413 بەرەواژبەدەر = Irreversible

414 ئەمری واقیع = کاری کراو Faits accomplis

415 دۆماندنی = درێژەپێدانی Perpetuation

یەخسیرانی قەدەر. چ شتێکی وەها نەماوە بیکەین تەنێ خاکەڕایانە سەری خۆمان کەچ کەین و سپاسی خوا بکەین کە هێشتاش زیندووین! سوپاس خودایە. هەروەها لەوەیە سوپاسی هەمەپۆشاندنیش بکەین!
هەمیشە قەدەرایەتیم ڕەت کردۆتەوە. بەڵکە پتر ئارەزۆی یاخیکاری دەکەم چون دۆخی من وەکوو کەسێک دەچەسپێنێ کە هەرگیز بەو جڵەوگیری و ستراتیژیانەی داڕێژراون تا مرۆڤ بۆ هیچ تێ ببەن، ڕازا نەبووە. جارڕدانی مەرگی ئەمدواییانەی مێژوو، کە مەرگی یۆتۆپیا، مافی خەون بینینی مە هێمارێژ[416] دەکا، بیئەملاولا ئەو پێداگریانە ڕاهێز دەکا کە دیلی ئازادی مەیە. ئەمە تەقلای مە بۆ نۆژەنکردنەوەی یۆتۆپیا چەندێکی زووە دەکات. کاروباری فێرکاریی خۆی، وەک ئەزموونێک لە مرۆڤاندندا، دەبێت بەم ئایدیاڵە/نموونایەتییە ئاوس[417] بکرێت.
چەندی پتر ڕێ بە خۆم بدەم بە بیردۆزەی «مەرگی مێژوو» قایل بم، پتر دان بە بەرشیانی ئەوە دادەنێم کە سبەینێ بێشک ڕێک وەک ئەمرۆ دەبێت. وە هەروەها ئەو پرۆژە نیولیبرالەی بەسەر دونیادا زاڵ دەبێت هەنووکە گۆڕانبەدەر[418] دەبێت. بە هەمیشەکاتی ئەمە، کە ئەمرۆ هیوای من دەکوژێت، سبەینێ توانستی من بۆ خەون بینین لە گۆڕ دەنێت.
وەختێک کات لە ڕەوتی بوونی بەرباس دەوەستێت کە پێویستە بەسەریدا بیر بدەمەوە، بە زانینی ئەوەی دکارم تێیدا هەڵ بدەمێ، مەرگی مێژوو بەقووڵی نایاندنی بنجی مرۆڤایەتیم ڕادەنوێنێت. بێپەروایی لە ساختاری بنگەیی فێرکارانەی مرۆڤ و بیری ساکارانەتی[419] تەنیا باس لە ڕاهێنانی ئەو کارامەییانەیە کە هەڵسوکەوتی سالارپەرستی قسەکردنی هیرارەکیانە[420] ڕاهێز دەکات. لە دۆخی وەهادا، قسە «لەگەڵ» کردن، کە ئادگاری بنەڕەتی هەر دیدێکی دیمۆکراتی دونیایە، هەمیشە پەنامە و، زیادتر بە شێوەی سالارپەرستانە شوێنی پێ لەق کراوە: قسە «بۆ» کردن. ئەم جۆری قسەکردنە هیرارەکیە لەخۆیدا خستنەڕوویەکی ڕوونی پەنامی بیری دیمۆکراتاندنە، پەنامی نیازی قسە «لەگەڵ» کردنە. نیشانەیەکی ئەم مەیلە بریتییە لە پێداگۆگیی هەڵسەنگاندنی مامۆستا و فێرخوازان کە زۆر بەڕوونی لەلایەن شێوە «هیرارەکیەکانی» گوتارەوە دێتە بەرزاڵ بوون کە تواى ئەوەیەتی خۆیان وەک دیمۆکرات دەرخەن.
هەر لەبەر ئەمەیە دەڵێم هەر کەسێک کە وا هەست دەکات شتێکی هەیە بیڵێت دەبێت وەک ئەرکێک پێویستە ئەنگیزە و بەرۆکگیری گوێگران بکا تا قسە بکەن و بەرسقیان هەبێت. ناهەموارە ببینی مامۆستایان ئەو مافە بە خۆیان دەدەن وەها ڕەفتار بکەن هەر وەک ئەوەی ئەمان خاوەنی ڕاستین و هەموو کاتەکە بە دوان لەمەڕ ئەمە بەهەدەر دەدەن. دیدی وەها سالارپەرستانە شیمانەی ئەوە دەکا کە کاتی گوێگر لە هەمانکاتیشدا کاتی ئاخێوەریشە. ژبەرهێندێ، ئاخێوەر لە شوێنێکی چۆڵوهۆڵ و بێدەنگ قسان دەکا نەک لە شوێنێک گوێگری لێ بێت. بە پێچەوانە، پێگەی ئەو مامۆستا بیر-دیمۆکراتەی بە گوێگرتن فێر دەبێت بئاخفێت، بە بێدەنگی تاوتاوی توانستی بۆ ژنەوتن پچڕێندراوە، چاوەنۆڕی ئەو دەنگەیە کە ڕەنگە ئارەزۆی قسەکردنی لە قووڵایی گوێڕادێرانی بێدەنگی خۆیدا هەبێت.
گرینگایەتی بێدەنگی لە بەستێنی ڕاگەیشتن زۆر بنەڕەتییە. لە لایەک، بواری ئەوەم دەداتێ گوێ لە ڕاگەیشتنی بێژەکی کەسێکی دی بگرم و ڕێشم دەدات بچمە ناوەخنی ڕیتمی بیر و ئەزموونی ئاخێوەر کە وەک ڕیتمی ئاخافتنە. لە لایەکی دی، بێدەنگی ئەوە بۆ ئاخێوەر بەرشیان دەکا کە بەڕاستی پابەندی ئەزموونی ڕاگەیشتن بێت نەک بارگۆزینی سادەی

---

[416] هێمارێژ = Symbolize
[417] ئاوس = Impregnate
[418] گۆڕانبەدەر = Inalterable
[419] ساکارانەتی = کورتگەرا Reductionist
[420] هیرارەکی = هەرەم؛ قۆچەک Top down, hierarchy

ئاگادار[421] بۆ گوێبیستی پرسیار، گومان و، ئافرێنەری ئەو کەسە بێ کە گوێ دەگرێت. بەبێ ئەمە، ڕاگەیشتن پەژمردە[422] دەبێت.

یەکێک لە ئادگارەکانی ئەزموونی هەبوونی مرۆڤایەتیمان بە شێوەکانی دی ژیانی سەر هەسارەکەمان بەراورد کراوە کە بریتییە لە توانستی مە لە تێگەین لە دونیا کە ئێمە تێداین و تێیدا هەڵسوکەوت دەکەین. ئەم پێڤاژۆیە بە هەماندەمی هارمۆنیانە دەگەڵ ژیری خۆماکی ئۆبژەی دەرککردنمان نمایان دەبێت. تشتێکی وەسا نییە وەکوو دەرککردنی ڕاستینە بەبێ «داکەوت» کە لە هەمان دەمدا ڕاگەیەنبارە.[423]

ئەو پرسەی جەختی لە ئێمەیە وەکی مامۆستا و فێرخوازان کە فراژووتنمان بە هەڤبەندییەکی ڕەخنەکاری خۆشەویستانەی دەگەڵ ئازادی داوە، ئەوە نییە ببێتە هەڤدژی هەڵسەنگاندنەکان هەرخۆی (کە بەڕوونی ناچارەکین) بەڵکە مکوڕبوونی جۆرێکی ڕێبازبەندییە کە ئارمانجی کپکردنی هەڵبەستنی فرەجۆر، ڕەخنایەتی هەڵبەستن و، لە کۆتاشدا ئازادییە. ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە بیکەین کۆشنامانە بۆ سەرەدەری بیردۆزەکی و کردەکی دەرەنجامەکانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە. پێویستە بنۆڕین تا چ ئاستێک ڕەنگە ئەمانە وەکوو ئامرازێک ڕاژە بە شیای مامۆستایان بکەن ئەوانەی ڕەخنەکارن لەوەی خۆیان بخەنە خزمەتی ئازادی نەک دەستەمۆکردن. ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە دنەی قسە «*بۆ*» کردن دەکا بۆ شێوازی قسە «*لەگەڵ*» کردن.

لە پێڤاژۆی دوان و گوێڕادێران، ڕشتەی گوێگرتن، کە دەبێت دەگەڵ ئارەزۆی جیددی لەلایەن ئەو کەسانەی قسە دەکەن و گوێ دەگرن بێتە فراژووتن، ئەمەش پێشمەرجی[424] ڕاگەیاندنی دیالۆگانەیە. ئەو کەسەی دەزانێت چۆن بژنەوێت ئەمە دەخاتە ڕوو، لە تەرزی ئاشکرادا، بتوانێ بەسەر سەوداسەری قسەکردندا زاڵ بێت «کە مافە»، هەروەها بەسەر ئارەزۆی کەسەکیشدا «شتێک شایەنی ڕێز بێت». هەر کەسێک شتێکی بەسوودی هەبێت بیڵێت هەروەها ئەو ماف و ئەرکەشی هەیە بیڵێت. بە پێچەوانە، ئەمە دەبێت ڕوون بێت ئەو کەسانەی شتێک هەیە دەیانەوێت بیڵێن دەشبێت ئەوە بزانن ئەوە تەنیا ئەوان نیین کە ئەو بیرۆکە و بۆچوونانەیان هەیە تا دەرییبڕن. تەنانەت زۆر لەمەش زیادتر، دەبێت بەئاگاش بن، گرینگ نییە ئەو تەوەرە چەند گرینگە، بۆچوونی ئەمان ڕەنگە ئەو تاکە ڕاستییە نەبێت کە خەڵکی ڕەمەک دەمێکە دڕدۆنگانە چاوەنۆڕی بوونە. وێڕای ئەمەش، دەبێت وریاش بن ئەو کەسەی گوێ دەگرێت ئەمیش شتێکی هەیە بیڵێت و گەر ئەمەش بەهێند نەگیرێت، ئاخاوتنی ئەمان گرینگ نییە چەند دروست و جێی ئاوەرە، بە گوێی وەرگراندا ناچن.

پاپەندی فێرخواز، کە جەربەزەی بەر هونەری فێربوونە بۆ پێڤاژۆی داهێنان، لەلایەن مامۆستاوە هاتۆتە خرۆشاندن،[425] چ فڕی بەسەر بارگۆزی نێوەڕۆکەوە نییە. ئەمە دەبێت دەگەڵ ئاڵەنگاری و جوانی فێرکردن و فێربووندا بکرێت.

هێندە دژوار نییە ببینی کە شائەرکی من وەکوو مامۆستایەکی بیر-واڵا «پێشڕەوت» بریتییە لە ئەنگیزەدانی فێرخواز تا بەسەر دژواری خۆی لە دەرککردنی ئۆبژەی بن پەیدۆزییدا زاڵ بێت. بنجی ئەم ئەرکەش چەسپاندنی کونجکۆڵی فێرخوازانە لەلایەن مامۆستاوە، کە لە بەرانبەردا هەستی ڕەزامەندی و پاداشت[426] لە فێرخوازان لە ڕەوتی مووئەنگێوی ئارمانجەکانیان، دادەڕێژێت. هەموو ئەمانە دڵنیایی بەردەوامی پێڤاژۆی دۆزینەوە دەدەن، کە ساختاری تەکی زانینە.

---

421 ئاگادار = Information
422 پەژمردە = سیس و ژاکاو Wither
423 ڕاگەیەنبار = Communicable
424 پێشمەرج = Sine qua non
425 خرۆشاندن = Instigate
426 پاداشت = Reward

هیودارم خوێنەر لە پێداگری ئەز ببوورێت، بەڵام پێویستە هەمدیس بیڵێمەوە: فێرکردن بریتی نییە لە بارگۆزی دەرکی ئۆبژە بۆ فێرخوازان بەڵکە بریتییە لە خرۆشاندنی فێرخواز، کە سۆبژەیەکی زانینە، تا بکارێ دەرک و دانوستانی ئەوەی دەرک کراوە، بکات. ئەمە ئەو هەستەیە کە ناچارکراوم تا گوێ ڕادێرم. گوێ لە گومان، ترس و، نەتوانی فێرخوازان بگرم کە پاری پێڤاژۆی فێربوونن. ئەمە لە گوێڕادێرانی فێرخوازاندایە فێر دەبم لەگەڵیان بئاخفم.

یەکێک لەو سەختیانەی بەردەوام تووشمان دەبێت بریتییە لەوەی چۆن کار لەتەک ئاخافتنی بێژەکی یا نووسینەکی بکەین کە لەوەیە یا لەوەشنییە بە هێزی وێنەکەوە واتاکێش[427] کرابێت. ئەم دژوارییە بەو پرسەوە پەیوەست کراوە چلۆن ڕاگەیشتنی ئەوەی دەکەوێتە نێو جەرگەی دەرک و تێگەیینمان لە دونیا بەگەڕ بخات. ڕاگەیەنباری ئەوەی پەی پێبردراوە ئەو شیمانەیەیە کە دەبێتە خودانی ڕاگەیەندراو. بەڵان ئەمە هێشتاش ڕاگەیاندن نییە.

هەربۆیە چەندێکی چووستتر بکارم فێرخوازان بۆ پەیدۆزی و هانەهانەی پێشڤەبردنی کونجکۆڵیەکەیان بدەم، وەک مامۆستا باشترێکم. بەڕوونی، فێرخوازەکە لەتەک یارمەتی مندا کار دەکا تا دەرکی خۆی لەمەڕ ئۆبژەی بەرپرسیار وەیا نێوەڕۆکی ڕاگەیشتنی ئەزدا بەرهەم بهێنێت. لە ڕاستیدا، ڕۆڵی من وەکوو مامۆستا لە هەرچ شتێکی ڕەنگە خەریکی گوتنەوەی بم بە سادەیی واتای ئەوە نییە بکۆشم چەندی بشێ بەڕوونی ڕاڤەی «چییەتی» هەندێ لەو نێوەڕۆکە بکەم تا فێرخوازان بەهرەوەری بن. پێچەوانەی ئەمە، ڕۆڵی من لە بنەڕەتدا بۆ ناڤتێدانی[428] فێرخوازە تا دەرکی خۆی لە ئۆبژەکە بە دەکار هێنانی ئەو مەترياڵانەی پێشکەشم کردوون، بەرهەم بهێنێت. لەسەر فێرخواز پێویستە سەرەدەری کرۆکی نێوەڕۆک بکا تا هەڤبەندی ڕاستینەی ڕاگەیاندن لەنێوان ئەم وەک فێرخواز و ئەز وەک مامۆستا دابمەزرێت. هەر لەبەر ئەمەیە، ئەوە پاتە دەکەمەوە، فێرکردن بریتی نییە لە بارگۆزینی نێوەڕۆک بۆ هیچ کەسێک، هەر وەک چۆن فێربوون بۆ ئەزبەرکردنی سەرباسی ئەو نێوەڕۆکە نییە کە لەلایەن مامۆستاوە هاتۆتە بارگۆزاندن. فێرکردن و فێربوون دەبێت لەتەک کاری ڕێبازدۆزانەی ڕەخنەکاری مامۆستا بکرێت لە خرۆشاندنی دەرکی تشتێک و دەگەڵ ڕەخنەکاری یەکسانی دوودڵی فێرخوازان هاواهەنگ بێت.

ژنەفتن چالاکییەکە بەڕوونی دەچێتە ئەودیوی کەمبیستی. بە ژنەڤتن لە بەستێنی مشتوماڵی مەی ئێرە، بریتییە لە دیدی هەمیشەکات لەلایەن ئەو سۆبژەیەی دەژنەوێ تا بەڕووی وشەی ئەوانی دی، ژێستی ئەوانی دی، جوداوازی ئەوانی دی والا بێت. ئەمە بەڕوونی واتای ئەوە نییە کە ژنەفتن داخوازی ئەوە دەکا گوێگر بۆ ئەوی دی، ئاخێوەر «تێ ببردرێت». ئەمە نابێتە ژنەفتن. بەڵکە دەبێتە خۆڕماندن[429]. ژنەفتنی ڕاستینە لە مندا ڕاهێنانی مافی خۆم بە ڕازینەبوون، بەگژدا چون، پێگە وەربگرم کەم ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەمە لە زانینی چۆنەتیی باش ژنەفتنە کە باشتر خۆم بۆ قسەکردن تەیار بکەم یانژی خۆم پەیوەست بکەم بەرانبەر ئەو بیرۆکانەی وەکوو سۆبژەیەکی شەنوکەوکراو بکارێ ئامادە، گرێدراوانە بژنەوێ، بەبێ پێشداوەری[430] ئەوەی کە ئەوی دی چ دەڵێت. لە نۆرەی خۆیاندا، ئەوانەی باش دەژنەون دکارن دڵبەستە و تامەزرۆیانە سەرتاپای بیرۆکە و دۆخەکانیان باس بکەن چونکێ ئەمان دەتوانن بژنەون. هەرچییەک بڵێن، تەنانەت لە دەمەقاڵێشدا، هەرگیز سالارپەرستانە نییە. ئەوەی ڕاستی بێت شێوەیەکە لە چەسپاندن. وێناکردنی فرەجۆرایەتی هێندە دژوار نییە کە ژنەوتنی هۆشمەندانە لێمان داوا دەکات. ئەو جۆرایەتییانەی کە کردەکی ژنەفتنی دیمۆکراتانە بەرز دەکاتەوە.

---

[427] واتاکێش = Associate
[428] ناڤتێدان = هانەدان؛ ئەنگێزەدان؛ دنەدان؛ پاڵنەر Inciting
[429] خۆڕماندن = Self-annihilation
[430] پێشداوەری = Prejudice

گەر ساختاری بیرکردنەوەم تاکە ڕاستی بێت، ڕەخنایەتی قەبوڵ نەبێت، ناتوانم گوێ لە کەس بگرم ئەوانەی بیر وەیا وردەکاری بەو بیرۆکانە دەدەن کە لە من جوداوازن. نکارم نە گوێ لەو کەسە بگرم کە قسە دەکا وەیا لە دەرەوەی نۆرمەکانی زمانی ستانداردی پەسندکراودا دەنووسێت. هەروەها ئەوجا ئەمە چۆن بە ئاواڵەیی بە ڕووی شێوازەکانی بوون، بیرکردنەوە و، هەڵسەنگاندن کە ئێمە بە باڵکێشی ڕیزپەڕی[431] فەرهەنگی ئەوانی دی ڕەچاو دەکەین، بەرشیان دەبێت؟ دکارین ئەوە بەدی بکەین کە ڕێزگرتن لە جوداوازی و ئەوانەی لە ئێمە جودان هەردەم داوای خاکەڕاییەکی زۆرمان لێ دەکات کە لە پڕکێشی فرەنرخاندنی ناسنامەی/هەبوونایەتی خۆمان وریامان دەکاتەوە، کە لە لایەک سەر بۆ شێوەی لووتبەرزی دەکێشێت، لە لایەکی دیش کەمبەهاکردنی مرۆڤەکانی دی پێشدەخات. ئەمە تاکە شتە بۆ بەهادان بەوەی ئێمە کێین. وە هەروەها مامەڵەتکردن لەتەک ئەوانەی لووتبەرزی بێڕێزن تەواو باسێکی جوایەزە. هەروەها پێویستە بشگوترێ کەس ناتوانێ لە شێوازی فەرمی ڕووتدا خاکینە بێت. خاکەڕایی لە دابی بیرۆکراتی ساز نەکراوە. بە پێچەوانە، خاکەڕایی گوزارە لە یەکێک لەو دڵنیاییانە دەکا کە لێی دڵنیام، ئەویش بەتایبەتی کەس فرووەدەستی کەس نییە. کەماسی لە خاکەڕایی، بە هەڵە گوزارەی لە لووتبەرزی باڵادەستانەی یەکێک بەسەر یەکێکی دیدا، ڕەگەزێک بەسەر ئەوی دیدا، زایەندێک بەسەر ئەوی دیدا، چینێک بەسەر ئەوی دیدا وەیا فەرهەنگێک بەسەر ئەوی دیدا کردووە، کە ئەمەش بریتییە لە بەزاندنی پیشەی ئێمەی مرۆ ڕووەو فراژووتن.[20]

ئەمە دەبێت ساختاری سەرەکی نێو تەیارکاری مامۆستایەتیمان بێت بۆ مشتوماڵی ئەو جۆرایەتییانەی پێشمەرجی کاروباری فێرکارییمانە، ویڕای ئەوەی کە دەشزانین ئەم جۆرایەتیانە بە کردەکی خۆی هاتونە بوون. ئەمە لە پرسی زانیندایە داخۆ بژاردەی پێداگۆگ-سیاسیمان دیمۆکراتی و پێشڕەوتە یا نا یاخۆ داخۆ ئێمە بەوە تەرییین یا نا. بۆ مە بنەڕەتییە بزانین بەبێ جۆرایەتییە دڵنیا یان ڕەندییەکان، وەکی خۆشەویستی کانگای دڵ، ڕێزگرتن لە ئەوانی دی، چاوپۆشی، خاکەڕای، ئارەزۆی شادی، خۆشویستنی ژیان، ئاواڵەیی ڕووەو ئەوەی نووە، ویستی خۆشهاتن لە گۆڕانکاری، سووربوون لە کۆشان، ڕەتکردنەوەی ناچارەتی، گیانی هیوا و، ئاواڵەیی بە ڕووی دادپەروەریدا، کردەی پێداگۆگیی پێشڕەوت بەرشیان نییە. ئەمە شتێکە کە ئاوەزی زانستی، تەکنیکاری ناتوانێ بەهرەگیری بێت.

پەسەندکردن و ڕێزگرتنی ئەوەی جودایە یەکێک لەو ڕەندییانەیە کە بەبێ ژنەوتن ناکرێ شوێن بگرێت. گەر من پێشداوەریم دژی زارۆکێکی هەژار، ڕەش یا هیندی، زەنگین، یانژی دژی ژنێک کە سەپانە یا لە چینی کارەکەرە بکەم، وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە نکارم گوێیان لێ بگرم و قسەیان *دەگەڵ* بکەم، تەنێ دکارم قسەیان *بۆ* بکەم وەیا بەسەریاندا بقیژێنم، ئەمەش لە ئاستی هیرارەکییەوەیە. تەنانەت زۆر پتر لەمەش، خۆم بەدوور دەگرم لەوەی لێیان تێبگەم. گەر وەک باڵادەستانە جەخت بکەمە سەر خۆم بەوەی جودایە، جا گرینگ نییە چ بێت، ڕەتی دەکەمەوە بژنەوم. جواداوازییەکە دەبێتە ئەوەی کەس شایەنی ڕێز نییە بەڵکە «ئەم» یا «ئەو» ببنە جێی ڕق لێبوونەوە و چارەنەویستن. ئەمە چەوساندنەوەیە. بڕیاردان بە کۆمەکی چەوساندنەوە. چۆن دەتوانم سەرەڕای ئەم دۆخانە، جا هەرچییەک بێت، کە لاشە و ئاوەزی ژن و پیاوان بوونەتە ئۆبژەیەکی پەتی کوشتن و دڕی، بێلایەن بم؟

بەهەمەحاڵ، خاکەڕایی ناتوانێ وەهام لێ بکا گوێ لەمستی لووتبەرزی و گەمژەیی ئەوانە بم کە ڕێزم لێ ناگرن. ئەوەی خاکەڕایی لێم داوا دەکا وەختێک ناتوانم بەدروستی تەکم بۆ خراپەکارییەک هەبێت بریتییە لەوەی بە شکۆوە ڕووبەڕووی ببمەوە. شکۆی کرێ، ڕوانینم. ئەوە بارگۆز دەکا لەو دەمەدا نارەزایی هەرچییەک بێت، بەرشیانە.

ڕونوڕەوان، من بۆ ئەوە نیم جەستەییانە لەگەڵ لاوێک تێوەبگلێم. یاری بۆکسێن ڕێک ئەوە نییە کە ناسراوە. بەڵان مانای ئەوەش نییە لە بەردەم بێڕێزییەکەی یان بەدڕەفتارییەکەی ڕێز بنوێنم، بەبێ هیچ گازندەیەک قورسایی هەموو ماڵەکەی

[431] ڕیزپەڕی = شاز، Eccentricity

لەسەر خۆم و شانم هەڵگرم. ئەوەی ناچارەکییە بریتییە لەوەی ئەم ترسەنۆک ڕەفتارییە بە شکۆمەندی خۆم بگرم هەر وەکوو چۆن گریمانەی بێهێزی فیزیکی خۆم هەڤبەند بە هێزی فیزیکی باڵادەستانەی ئەو دەکەم. ناچارانە ئەم دەبێت بزانی من زۆرباش دەزنم کەماسی بەهای ئاکارەکی ئەم فرووەدستی دەڕاسێنێت و وە ترسی هێزی فیزیکی بەڕاستی بەس نییە تا خۆم گوێ لەمستی ویستی ڕکەبەری ئەم بم.

بێگومان، مامۆستا دکارێ بەبێ لێدانی فیزیکی فێرخوازان بێزار بکات. بۆ میناک، بە چەند ستراتیژییەک لە ڕەوتی پێڤاژۆی فێربووندا گورز[432] لە فێرخوازان بدات، وەکی ڕەتکردنەوەی ئەو دونیابینییەی فێرخواز دەیهێنێتە نێوپۆل، دونیابینییەک بەڕوونی بە وانە و فەرهەنگی مامۆستا مەرجدار کراون و لە ئاخافتنی مامۆستاکەدا خویا بوونە و، هەر لەبەر ئەمەشە دەبنە بەربەست لە بەردەم شیمانەکانی فێربوونی مامۆستا.

هێشتاش شتێکی گرینگی ڕاستینە هەیە دەبێت لە بەستێنی پەسند یا ڕەتکردنەوەی مامۆستا لە دونیابینی فێرخواز کنە بکرێت. دونیابینییەک بێپێچوپەنا بەرفامینی[433] دونیایەک نمایان دەکا کە بەرەبەرە لە چێبوون، فەرهەنگزادە و جڤاکیدایە. هەروەها خەبتینی سۆبژەی هەر تاکێک پەیوەست بە پێڤاژۆی ئەسمیلەبوونی بەرفامینی ئەو دونیایە نمایان دەکات.

مامۆستای بیر-دیمۆکرات، لە شیانبەدەری بێلایەنەتی شیارە، پێویستی بە چاندنی[434] جۆرێکی زانیاری تایبەتە بشێ هەرگیز لەبیر نەکرێت تا دۆماندن بە تەقەلای خۆی بدات. ئەوە ئەمەیە: گەر فێرکاری نەتوانێت هەموو شتێک بکا، لێ شتێکی بنەڕەتی هەیە دەتوانێت بیکات. بە مانایەکی دی، گەر فێرکاری کلیلی بارگۆزاندنی جڤاکی نەبێت، وە بە سادەیش واتای ئەوە نییە ئایدۆلۆژیای زاڵ بەرهەم بهێنێتەوە.

ئەوەی دەیڵێم بریتییە لەوەی ناتوانم فێرکاری بکەمە ئامرازێکی بەرایی بارگۆزاندنی جڤاکی هەر لەبەر ئەوەی ئەز شایەنی ئەوەم، وە ناشبێتە ئامرازێک بۆ درێژەدانی ئەمری واقیع هەر لەبەر ئەوەی هێزەکان فرە فەرماندارانە دەبن.

ئەو مامۆستایەی ڕەخنەکارانە بیر دەکاتەوە ناتوانێت خەیاڵی ئەوە بکا کە ئەو خولەی یا سەمینارەی ئەم ئەنجامی دەدات دەبێتە هۆی بارگۆزی گشت وەڵات. لە لایەکی دی، دەتوانێت ئەو بخاتە ڕوو گۆڕینی شتەکان بەرشیانە، کە ئاوەری گرینگایەتی ئەرکی سیاس-پێداگۆگیی ڕاهێز دەکات.

مامۆستای بەتوان و هاوتەریب بە دیمۆکراتی ئەوەی تژی لە ژیان و هیوایە بۆ دونیایەکی باشتر، ئەوەی توانستی سەلمێنەری بۆ خەبتین و ڕێزگرتن لەوەی جوێیە هەس، دەزانێ کە باشترین شێواز بۆ گونجاندنی ئەو دۆخی دونیایە لە یەکبینیدایە وەل ئەوەی ئەم پاپەندی ئامادەگی خۆی لە دونیادا دەڕاستێنێت، دەزانێت ئەم ئامادەگییەی لە فێرگە، گەرچی ساتێکی گرینگ و تایبەتە کە پێویستە بە ڕەسەنایەتی بژییەت، لێ ئەمە تەنێ ساتێکە لە چەند ساتێک.

لە گفتوگۆیەکی دۆستانەی ئەمدواییە، لە پرۆفیسۆر ئۆلگایر گارسیام Professor Olgair Garcia ژنەوت دەڵێت لە ئەزموونی وانەگوتنەوەی خۆم دەگەڵ منداڵ، هەرزەکار و، ڕاهێنانی مامۆستایان، بێئەنداز لەمەڕ گرینگی ژنەوتن بیردانەوەی هەبووە. گەر لە ڕاستیدا ئەو خەونەی سرووشمان پێ دەدات دیمۆکرات و لە هاودەنگیدا ڕەگاژۆ بێت، ئەمە بە ئاخاوتنی هیرارەکییانە بۆ ئەوانی دی نابێت وەکی بلێی ئێمە سازێنەری ڕاستی بووینە کە فێر دەبین لەگەڵیان بدوێین. تەنێ ئەو کەسەی بە پشوودرێژی و گرینگیەوە دەژنەوێ دکارێ قسە *دەگەڵ* ئەوانی دی بکا، تەنانەت گەر لەو دەمانەش ناچارانە بێ تا قسە *بۆ* ئەم بکرێت. تەنانەت وەختێک ناچارەکیش بێت، ئەم دەبێت قسە دژی بیرۆکە و ئاوەری ئەوانی

---

[432] گورز = زیان؛ فشار Prejudicial

[433] بەرفامین = ئاسان پەی پێ دەبردرێت Intelligibility

[434] چاندن = Cultivate

دی بکات، هێشتاش بەرشیانە قسە بکرێت وەک ئەوەی ئەوی دی سۆبژەیەک بێت و بانگهێشتکرابێت تا ڕەخنەکارانە بژنەوێ نەک وەک ئۆبژەیەکی بنکەوتووی هەرەسی بێهەستی، وشە دەرهەستەکان[435].
یەکێک لە نیشانەی ئەو دەمانەی دەمتۆقێنێت، ئەمەیە: پێداگری لەژێر ناوی دیمۆکراسی، ئازادیی و، چاپوکی، لەسەر خنکاندنی ئازادیی خۆی و، بە فرەواندن، ئافرێنەری و ئەزموونی جەربەزەی ئەم گیانە. ئەوە ئازادییە دەمانخاتە بزاوتن، وامان لێ دەکات سەرکێشی بکەین و، کەوتۆتە ژێرڕکێفی پێڤاژۆی ستانداردکردنی هەڤبەند بەو هاوکێشە و مۆدێلانەی ئێمە تیاندا هاتووینە هەڵسەنگاندن.
لێرەدا، هەر وەک ئەوەی پێشتر ئاماژەم پێدا، ئێمە لێرە باس لەو جۆرە خنکاندنە درە ناکەین کە لەلایەن پادشایەکی زۆردار بەسەر بەردەستەکانی، ئاغایەکی فیۆداڵ بەسەر مسکێنەکانیدا، داگیرکارێک بەسەر داگیرکراون، خاوەن کارخانەیەک بەسەر کرێکارەکانیدا، یانژی دەوڵەتێکی سالارپەرست بەسەر وەڵاتییەکانیدا ئەنجامدراوە. باس لەو هێزە پەنهانەی نامۆیاندنی دەستەمۆکردن دەکەین، کە بە ئاستێکی چووستی فرەنائاسایی ئەوەی من بە بیرۆکراتاندنی ئاوەز ناوی دەبەم، دەگات.
یەکێک لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی فێرگە لە ڕۆڵی خۆی وەک ناوەندی بەرهەمهێنانی سیستەمبەندی[436] زانیار بریتییە لە کارکردنی شێوازی ڕەخنەکارانەی لە بەرفامی و ڕاگەیەنباری شتەکان. هەربۆیە شتێکی بنەڕەتییە فێرگە لەبری نەرماندن[437] وەیا دەستەمۆکردنی فێرخوازان دەبێت یەکبینانە کونجکۆڵیی هەناوی فێرخوازان بخرۆشێنێت. فێرگە ناچارە ئەوە بۆ فێرخوازان خویا بکات کە تەنێ پراکتیکی کونجکۆڵی سافیلکە کار لە توانایان بۆ «دۆزینەوە» دەکات و دەبێتە بەربەستێک بۆ ئاروێناندنی[438] وردپێوانەی ئەوەی «دۆزراوەتەوە». ئەمە هێشتاش گرینگە کە فێرخوازان ڕۆڵی «سۆبژە» لە پێڤاژۆی بەرهەمهێناندا دەگرن کە بەهۆی بەرکەوتنیان بە دونیا داڕێژراوە تا بەدوور بن لەوەی ببنە دەفری[439] ئەوەی مامۆستا بۆیان بارگۆز دەکات. هەر چەسپاندنێک وەکی سۆبژەی لێهاتوویی زانین هەڵوێستی یەکێک وەکوو هەم سۆبژە هەم زانەریش ڕاهێز دەکات.
لە پێڤاژۆی زانینم کەس نابێتە جێگرەوەم، هەر وەک چۆن منیش ناتوانم ببمە جێگرەوەی فێرخواز. ئەوەی لە بەستێنی نەرینی بیر-والا ڕووەو فێرکاری دکارم و دەبێت بیکەم، بریتییە لە بەرملەدانی فێرخوازان تا لە ئەزموونی فێربوونیاندا دەرکی ئەزموونی بوونە سۆبژەی لێهاتوویی زانین بکەن. ڕۆڵی من وەک مامۆستایەکی «پێشڕەوت» تەنێ فێرکردنی ماتەماتیک وەیا بایۆلۆجی/زیندەناسی نییە بەڵکە یارمەتیدانی فێرخوازانە خۆیان وەک سازێنەری پێڤاژۆی زاناندن[440] بپەژرێنن.
فێرکردنی نیوەرۆک داوا لە فێرخوازان دەکا خۆیان گریمانەی نووسەرایەتی[441] زانیاری ئۆبژەی زانراو بکەن. مامۆستای سالارپەرست ئەوەی خۆی بە ڕووی فێرخوازاندا کەڕ دەکا بێچەندوچۆن خۆشی لە جەربەزەی ئافرێنەری، بەشداری ئەو ساتە بێهامتا جوانەش کەڕ دەکا کە چەسپاندنی لانی فێرخوازانە وەک سۆبژەی پێڤاژۆی زانین. هەر لەبەر ئەمەیە کە فێرکردنی نیوەرۆک، ڕەخنەکارانە ئەنجامدراوە، پابەندی تەواوەتی مامۆستا بۆ هەوڵی ڕەوایەتی لەلایەن فێرخواز لەخۆ

[435] دەرهەست = Abstract، پێچەوانەکەی بەرهەست = concrete
[436] سیستەمبەندی = Systematic
[437] نەرماندن = Softening
[438] ئاروێناندنی = Examination
[439] دەفر = Receptacle، فێرخواز نابێ بەس وەرگر بێت
[440] زاناندن = Cognition، مەعریفە
[441] نووسەرایەتی = Authorship

دەگرێت تا بەرپرسایەتی بوونە سۆبژەیەکی زانین لە ئەستۆ بگرێت. تەنانەت زۆر پتر لەمەش، دەستپێشخەری[442] ماموستای پاپەند بە جەربەزەی هێنانە کایەی کەسێکی ئەهوەن لەنێو فێرخواز دەگرێت تا بتوانێ گووزارە لە خۆیەکی خۆی بکات.

ئەمە لەو ڕووەوەیە هەمدیس مکوڕم لەوەی جوێکردنەوەی کردەکی و بیردۆزە، بیر و تەک، ئاخافتن و ئایدۆلۆژی کارێکی سەهووە. ئەمە هەر وەکوو جوێکردنەوەی فێرکردنی نێوەڕۆک لە بەشداری فێرخواز لە پێڤاژۆی خۆی ڕووەو بوونە سۆبژە لە فێربوونی نێوەڕۆکی وەها نادروستە. لە ڕوانگەی پێشڕەوت و بیر-والا، ئەوەی وەک ماموستا لەسەر شانمە بیکەم بریتییە لەوەی ئەزموونی یەکیەتی دایناميکی نێوان فێرکردنی نێوەڕۆک و پێڤاژۆی زانین بکەم. ئەمە لە فێرکردنی ماتەماتیکدایە کە فێری چۆنەتیی فێربوون و فێرکردن دەکەم بەتایبەتیش چۆن ڕاهێنانی ئەو کونجکۆڵە زانیارناسە پێشەم بۆ بەرهەمهێنانی زانیار بکەم.

فێرکاریی ئایدیۆلۆژیکارە

ئەوەی بەیەکسانی بۆ کاروباری فێرکارانەی ماموستا بنەڕەتییە ئەم پرسی ئایدۆلۆژییە. هەندێکجار ئامادەگی ئەمە زۆر پترە لەچاو ئەوەی پێمان وەهایە. ڕاستەوخۆ بە ویستی پەردەپۆشکردنی ڕاستی فاکتەکانی مەوە بەندە، بە دەکار هێنانی ئاخافتن بۆ دژوار یا تەڵخکردنی ئەوەی هێڤیمانە بیشارینەوە. ئێمە دەبینە کورتبین و نابینا. دەبینە بەندی فێڵبازی. دەستبەستراوین! هێزی ئەو ئایدۆلۆژیایەی وەهام لێ دەکات بیر لە ئاونگی بەیانییان بکەمەوە وەختێک تەم توێژاڵی دارسنەوبەران دەشێوێنێت و دەبنە سێبەری شتێک کە دەزانین لێیەتی لێ بەڕاستی ناتوانین بێژین چییە. ئەو نیگاکورتییەی[443] دەکەوینە بەرتاوی وەهامان لێ دەکات دەرککردنمان دژوار بێت. زۆر لەمە ڕژدتر هێشتا ئەو شێوازەیە کە ئێمە بە سانایی دکارین پەسندی ئەوەی دەیبینین و دەژنەوین بکەین، ئەمەش ئەوەی ڕاستی بێت لە داکەوتدا ئەو شتەیە نەک وەچەی[444] شێواوی ئەوەی هەیە. ئەم ئارەزوەی تەڵخکردنی ڕاستی، ببینە کورتبین، گوێی خۆمان کەڕ بکەین، وای لە زۆرێکمان کردووە بەبێ بەرگوماندانی ڕەخنەکارانە، بە بەدبینی قەدەرایەتی بیری نیولیبراڵ ڕەزا بین، کە جاڕی ئەوە دەدات بێکاری گەلێر شتێکی حەتمی و کۆتاییەکی وەیشوومەی ئەم سەدەیەیە. یانژی خەونەکە لە گۆڕ نرێندراوە و نهوژی سەردەمی پێداگۆگیی پراگماتیزمی ڕاهێنانی تەکنیکۆ-زانستی کەسانە نەک سەرتاپای فێرکارانەی خۆی (کە بەڕوونی بەراییەکەشی لەخۆ دەگرێت). توانستی کەویکردنی[445] هەناوی ئایدۆلۆژی، هەندێکجار بەشێنەیی وەهامان لێ دەکات بە سانایی قەبوڵمان بێت هەمەپۆشاندنی ئابووری داهێنراوی خۆیەتی، جۆرە چارەنووسێکی حەتمییە، ئەغڵەب میتاڤیزیکێکی جیایە نەک ساتی فراژووتنی ئابوورەکی، سۆبژەی بیروڕای سیاسیانەی ئاڕاستەکراو بە دڵبەستەی ئەوانەی خودان دەسەڵاتن ڕێک وەک سەرمایەداری گشتەی بەرهەمهێنانی ئابوورەکی. ئەوەی دەیبییەن بریتییە لەوەی هەمەپۆشاندنی ئابووری شتێکی ناچارەکییە و ناتوانین لێی دەرباز بین. ڕووکاری[446] بەرچاوی سیستەمی سەرمایەداری، هێزی بەرهەمهێنانی دەستبەجێی سەرمایەداریەتی ئەزموونکراو و لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئابوورەکی جیهان ڕۆڵی گێڕاوە، هەمەکییەکی چێکردووە، هەر وەک ئەوەی بەڕازیل Brazil، مەکسیک Mexico و، ئەرجەنتین Argentina دەبێت هاوشێوەی USA، ئەڵمانیا Germany و، جاپان Japan بەشداری لە هەمەپۆشاندنی ئابووریدا بکەن. ئەمە پرسی ڕەگەڵ

---

[442] دەستپێشخەری = Initiative

[443] نیگاکورت = کورتبینی Shortsightedness

[444] وەچە = Version

[445] کەوی = Tame

[446] ڕووکار = Aspect

کەوتنی نیوەی ڕێیە بێ ئەوەی ڕەچاوی دۆخ، فەرهەنگ، یانژی شێوەی بەرهەمهێنانی ئەو دەوڵەتانە بکرێ کە تێیدا سەرقاڵ کراون. وە هەروەها چ قسەیەک نییە لەمەڕ ئەو مەودایەی «ماف»ی بەزەبر و بەهێزیان بۆ لەزەت وەرگرتنیان لە بەرشکەستی لاوازی کۆشانیان بۆ ڕاهێنانی مافەکانیان هاوێر دەکات. لە هەمان دەمیشدا، بەرپرسایەتی و ئەرکەکان بۆ هەمووان هاوئاست کراون. ئەگەر هەمەپۆشاندن دەستاوێژی لەبنهاتنی سنوورەکان و والابوون بێت بەبێ سنوورداری ئازادیی بازرگانی، ئەوانەی نکارن ملانێ بکەن بە سێنایی ون دەبن.

بۆ وێنە، کەس ناپرسێ داخۆ ئێستێ جڤاکەکان لە هێڵی پێشەوەی هەمەپۆشاندن، لە قۆناخی بەرایی سەرمایەداریەتی، ئامادەن و دەیانەوێت قبوڵی کرانەوەی ڕیشەیی سنوورەکانیان بکەن- ئەو جۆرە والابوونەی ئەمان هەنووکە بۆ باقی دونیا بە گرینگی دەزانن. ئەمان هەنووکە بۆ باقی دونیا بە ڕەوای دەبینن کە پێشتر بۆ خۆیان بە ڕەوا نەدەدیت. یەکێک لە فێڵەکانی ئایدۆلۆژیای قەدەرایەتی ئەمان بریتییە لە توانستی ئاوەرهێنانی ئابووری پێملانە (کە لەم پێڤاژۆیەدا دەور دەدرێت) کە دونیای ڕاستینە کتومت بەم شێوازەیە، چ شتێکی وا لەمەڕ ئەمە ناکرێت جگە لە شوێنکەوتنی شیرازەی سروشتکردی فاکتەکان. ئەم ئایدۆلۆژییە وەک سروشتکرد وەیا ئەغڵەب سروشتکردانە ڕوو دەدات. نایەوێت ئێمە لەو دیاردەیە بگەین و وەکی بەرهەمی فراژووتنی مێژووکرد بیدینین.

بیردۆزەی هەمەپۆشاندن، کە باس لە ئاکارناسی دەکا، ئەو فاکتە دەشارێتەوە کە ئاکارناسییەکەی هی بازاڕە نەک ئاکارناسییەکی هەمەکی تاکەکەسان. ئەمە لەبەر ئەو باسانەیە دەبێت بوێرانە بخەبتین ئەویش گەر هەمان بێت، کە لە ڕاستیدا بژاردەی بۆ دونیای مرۆڤکارانە چێکردووە. دونیای تژی لە مرۆی ڕاستەقینە. بیردۆزەی هەمەپۆشاندن زرینگانە[447]، وەشانێکی[448] نووی بەرینکراوی ئەو ترسە ئەهریمەنیە دەشارێتەوە یانژی وێڵی لێڵکردنیەتی کە سەرمایەداریەتی مێژووکردە، تەنانەت گەر وەشانە نوێیەکە تا ڕادەیەکیش هەڤبەند بە وەچە کۆنینەکان، سازێندرابێت. ڕیشەی ئەم ئایدۆلۆژیایە تینوی دەمامککردنی ئەو شتەیە کە بەڕاستی شایەنی مشتومڕە ئەویش بریتییە لە پتربوونی سەرمایەیی کەمینە و هەڵکشانی خێرای نەداری و کولەمەرگی زۆرینەی ڕەهای مرۆڤایەتی. سیستەمی سەرمایەداریی لە هەمەپۆشاندنی نیولیبراڵی دەگا بە کۆشانی چووستی ژوورپەڕی[449] خۆماکی شەڕانگێزی خۆی.

هێڤیمە دونیا بەسەر دڵپەسندی کۆتای کۆمیونیزم و ڕووخانی شوورای[450] بەرلین زاڵ بێت. وە بەمشێوەیە وەها لەخۆی دەکا دیکتاتۆریەتی[451] بازاڕ ڕەت بکاتەوە، کە زادەی بەدئاکاری قازانجە.

پێم وانییە ژن و پیاوانی جیهان، هێشتاش لە پێگەی ڕامیاریدا سەربەخۆ بن و لە شکۆی خۆیان وەک ژن و پیاو بەئاگا بن، ناشیانەوێت بەرتەکی هەستی دڵەخورپە[452] بدەنەوە کە نهوژی لەم سەردەمە بەدەی فەلسەفەی نیولیبراڵ، هەمەکییە. دڵەخورپەیەکی وەها ڕۆژێک دێت سەر بۆ یاخیگەریەکی نوو بکێشێت کە وشەی ڕەخنەکارانە، فەلسەفەی مرۆڤایەتی، پایەندبوونی هاودەنگی، بەربینی[453] سەرکۆنەکردنی نایاندنی ژن و پیاوان و، جاڕدانی دونیایەک شایەن بە ژیواری مرۆ بێت، دەبێتە ئامرازی گۆڕانکاری و بارگۆزاندن.

---

[447] زرینگ = Clever

[448] وەشان = Edition

[449] ژوورپەڕ = Maximum

[450] شوورا = دیوار

[451] دیکتاتۆریەت = Dictatorship

[452] هەستی دڵەخورپە = Sense of foreboding

[453] بەربین = پێشبینی prophetic

سەدەونیوێک لەمەوبەر، مارکس Marx و ئێنگیلس Engels هاواری یەکگرتوویی چینی کرێکارانی دونیایان دژی بەدبەکاربەرییان دەکرد. نها لە دەمی مە، کارێکی بنەڕەتی و تاڵووکەیە خەڵکی یەکبگرن دژی ئەو مەترسییەی بەسەرماندا خویا دەبێت. بەتایبەتی ئەو مەترسییەی یەخەی ناسنامەی ئێمەی مرۆی لە دڕی ئاکارناسی بازاڕ گرتووە. لەم ڕووەوەیە دەڵێم هەرگیز یەکەمین سەوداسەریم فەرامۆش نەکردووە، ئەو خولیایەی هەر لە دەمی ئەزموونی بەرایی بواری فێرکاریمەوە هەمە. بەتایبەتی، سەوداسەریم بە سروشتی مرۆ.21 ئەمە لەو سەوداسەریەمدایە بەردەوامی بە جاڕی دڵسۆزیم دەدەم. تەنانەت پێش ئەوەی مارکسیش بخوێنمەوە و پەیامەکەی بکەمە پەیامی خۆم. هەڵوێستی ڕیشەیی خۆم لەمەڕ بەرگریی ڕەوایەتی دڵبەستەی مرۆ وەرگرتووە. چ بیردۆزەی بارگۆزاندنی جڤاک-سیاسی نییە من بخاتە بزاوتن گەر لە تێگەیینی مرۆدا ڕەگاژۆ نەبێت وەکی چێکەری مێژوو و چێکراوی مێژوو. گەر ڕێز لە ژن و پیاوان وەکی بوویەکی بڕیاردەر، پسێنەر، بژاردە نەگرێت. وەک بوویەکی خودان ئاکارەکی ئەوانەی لە ئاکارەتی خۆیاندا دکارن بێئاکار بن، ڕێسای ئاکاری پێشەمی ژیانی مرۆ تێپەڕێنن. لەبەر ئەمانەیە لەو تێکستەدا پێداگرانە دواوم. ئەو ئاستەم چەسپاندووە و چەساپاندۆتەوە کە لەزەت وەردەگرم لە زانینی ئەوەی بوونەوەرێکی «مەرجدارم»، دکارم بچمە ئەودیوی مەرجداریم. ئەو جێیەی کە یاخیگەرییەکی نووی دەبێت تێدا بنیات بنرێ ئاکارناسی بازاڕ نییە بە بێهەستی نەفامانەی بەرانبەر دەنگی ڕاستەقینەی مرۆ بەڵکە ئاکارناسی سرووشی هەمەکی مرۆڤ خۆیەتی. ئەمە ئاکارناسی هاودەنگی مرۆیە.

دەخوازم وەک ئایدیالیست و خەیاڵپڵاو بەرڕەخنە بدرێم چونکی درێژە بە باوەڕم بە مرۆ دەدەم، درێژە بە خەبتینم لەپێناو یاسادانان[454] دەکەم کە خەڵکی بپارێزێ لە نادادیی و تاوی دڕی ئەوانەی چ ڕێزیان بۆ ڕێسای ئاکارەکی باوی هەمووومان نییە (ئەوەی هەمووومان پێی ئاشناین). ئازادیی بازرگانی ناکرێ ئاکارانە لە ئازادیی بوونە مرۆڤانە باڵاتر بێت. ئازادیی بازرگانی بێ سنوور لە مۆڵەتی خستنەسەری قازانج بەسەر هەموو شتێکدا زێدەتر نییە. ئەمەش تەنیا دەبێتە بەرژەوەندی کەمینەیەک، ئەوانەی لە دۆخی بۆ لوانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر نرخی لانی مرۆڤایەتی زیاد دەکەن، تەنانەت بۆ ئارمانجی زیندەمانیش خۆی. کارخانەیەکی چنین گوشاری لێکراوە دایبخات چونکێ لە ئاسیا دەرووەستی هەقدەستی کرێکاران نایەت، بۆ وێنە، هەر تەنێ خاوەن کارخانەکە مایەپووچ ناکا «ئەوەی ڕەنگە یانژی لەوەش نییە تێپەڕێنەری ئەو ڕەفتارە ئاکارە هەمەکییە بێت ئەوەی لێی دوام» بەڵکە پەیامی دەرکردنی سەدان کرێکاری پێڤاژۆی بەرهەمهێنانیش ڕادەگەیەنێت. ئەی ماڵباتەکانیان چی؟ ڕەتی دەکەمەوە، بە هەموو ئاوەری خۆمەوە زاتی ئەوە بکەم قەبوڵم بێت کە ئامادەگی مە لە مێژوودا بشێ بۆ سازەندەی ناچارەتی دۆخی جڤاک-مێژووکردمان تێ ببردرێت. هەر وەک چۆن لەپێشدا گوتم، بێکاری جیهانی شتێکی حەتمی قەدەرایەتی نییە. بەڵکە ڕەنگدانەوەی هەمەپۆشاندنی ئابوورەکی و زانستی و پێشکەوتنی تەکنیککارە کە کەماسی لە ئاکارناسی هەیە و ڕاژە بە بەرژەوەندیی هەموو ئادەمزادان دەکات نەک تەنێ بە هێزی چاوچنۆکی کەمینەیەک ئەوانەی ئیرۆ دونیایان بەدەستە. کارنامەی پێشکەوتنی تەکنیککاری کە داوای قوربانی هەزاران کەس دەکا، میناکی مەیە تا چەند دەتوانین ببینە تێپەڕێنەری ئاکاری هەمەکی مرۆڤانەی سەرناوی بازاڕ، قازانجی پەتی.

یەکێک لەو تێپەڕێندنە ئاکارە هەمەکیە مرۆڤانەیەی دەبێت وەک تاوانکاری جەخت بکرێتەوە بە بێکاری گەلێر بەرنامەڕێژ کراوە، کە دەبێتە هۆی ناهومێدیەکی فرە و جۆرە ژیانێکە نەمرنەژییە. بەو شێوەیە، کەڵکەڵە دەگەڵ فێرکاریی تەکنۆ-پیشەوەرانە بۆ ڕاهێنانەوەی ئەوانەی بێکار بوونە دەبێت لە ڕادەبەدەر زیاد بکرێتەوە بۆ دەراوی ڕاستکردنەوەی هاوسەنگییەکە.

[454] یاسادانان = Legislation

دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە زۆر باش دەزانم چەند سەختە ڕێسای فراژووتن بە کردەکی بکەی کە ژن و پیاوان لەپێش قازانج دادەنێت. بەهەمەحاڵ، پێم وەهایە ئەگەر بەسەر ئەو ساختانگانەی[455] نووکە هورووژمیان بۆ هێناوین زاڵ بین، دەبێت بۆ ئاکارناسی بادەینەوە. چ جێگرەوەیەکی دی بەدی ناکەم. گەر فراژووتن بەبێ قازانج شیانبەدەر بێت، ئەوجا قازانج هەر بە مەیلی خۆی نابێتە تاکە ئۆبژەی فراژووتن لە شێوازێکی وەها کە پاساو بە بەرژەوەندی بێڕەوشتی وەبەرهێنەر دەدات و دەیپیرۆزێنێت. ئەمە وەها پێدەچێت یۆتۆپیای کەمینەیەک بێت «کە وەک گیا وشک دەبن» بیانەوێت جڤاکێک بە باڵاترین ئامێری هۆشمەند چێ بکەن تا ببنە کۆتەڵ[456] بۆ ئەوەی بە ڕێژەیەکی بەرین جێی چالاکی ژن و پیاوان بگرنەوە، ملیۆنان لە پیتەر و ماری Peters and Mary's ساز بکا بێ ئەوەی هیچ بکات! بەڵان یۆتۆپیای وەها بێنرخە.[22]

هەروەها پێشم وانییە ئاکارێکی هەمەکی مرۆیانە لە چێوەی بەرتەسکی دیکتاتۆریەت بپەستێونرێت، جا هی ڕاستڕەوان یانژی چەپڕەوان بێت. ڕێی سالارپەرستایەتی هەرخۆی نکووڵیکاری بێوەچان، گومانکاری، ماکی گەڕانی مەیە، کە نەما، تەواو واتای نەمانی سەربەستی[457] خۆیەتی.

بە تەواوی لەبەر ئەمە ئەز، وەکی مامۆستا دەبێت لەمەڕ هێزی گوتاری ئایدیۆلۆژی شیار بم، بە سەرشاری ئەو گوتارەی جاڕی مەرگی هەموو ئایدۆلۆژیایەک دەدات. ئەوەی ڕاستی بێت، تەنێ دکارم بە جاڕدانی ئایدۆلۆژیایەکی نوو کۆتای بە هەموو ئایدۆلۆژیەکان بێنم، تەنانەت گەر لەمەڕ ماکی ئایدۆلۆژیی جاڕدانەکەشم وریا نەبم. ئەمە پرسێکی هەستیارە چونکی هەمی گوتارە ئایدۆلۆژییەکان هێزێکی سەلمێنەری بەرفرەوانیان هەس. ئەمە ئاوەز بەنج[458] دەکا، کونجکۆڵی سەرەگێژە دەکا، دەرک لێڵ دەکات!

ئەم دەربڕینانەی خوارێ نێوەڕۆکی نێوتۆژ و پاتەوپاتی ئایدۆلۆژیی نمایان دەکەن. ئەمانە بەزۆری ڕەخنەکارانەبەدەر[459] گوتراون. هەرچۆنێک بێت، شایەنی ئاگایی ژێرپەڕی[460] ڕەخنەکارانەن.

«ڕەشپێست جینەتیکانە فروودەستی سپی پێستانن. جێی شەرمە لێ ئەمە فاکتێکە زانست دایمەزراندووە»

«ژنەکەی بەناوی ڕەوایەتی بەرگری لە شەرەف، کوشت!»

«بەهەرحاڵ دەکرێ چ لەمانە چاوەنۆڕ بکەیت؟ تەنێ تاقمی گێرەشێوێنان خاک داگیر دەکەن»

«ئەم خەڵکانە هەردەم وەهان. ئینجێکیان بدەیە، میلێک دەبڕن»

«هەر زوو دەمانزانی ئەو خەڵکە پێویستیان بە چییە و چیان دەوێت. لێ پرسینیان کات بەفیرۆدانە»

[455] ساختانگ = قەیران، Crisis
[456] کۆتەڵ = ڕۆبۆت robot، بۆ کۆتەڵ بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازی پێوانە»، www.mamosta.net
[457] سەربەستی = Liberty
[458] بەنج = Anesthetize
[459] ڕەخنەکارانەبەدەر = Uncritically، لە ڕەخنە بەدەرە
[460] ژێرپەڕ = کەمترین، Minimum

«ئەم خەڵکی باکووریخۆرەڵاتی برازیلە. لێ کەسێکی چاکە. ڕژد و یارمەتیدەرە»

«ئەرێ دەزانی قسە بۆ کێ دەکەیت؟»

«بیهێنە پێشچاوی خۆت، پیاو پیاو مارە بکات! وە ژنیش ژن مارە بکات!»

«گەر ڕەشپێستێک ئەو جێیەی لێی وەژوور دەکەوێ پیس نەکا، ئەوا ڕێی وەدەر کەوتن پۆخەڵ دەکات»

«حکوومەت دەبێت لەو شوێنانەی ماڵییەتدەرانی[461] لێ دەژین سەرمایەگوزاری بکات!»

«چ پێویست ناکا تۆ بیر بکەیتەوە. هەموو ئەوەی لەسەر تۆیە تەنێ دەنگ بەم کاندیدە بدەیت و ئەم لەبری تۆش بیر دەکاتەوە»

«تەنانەت گەر داشنەمەزراویت، ناشکور مەبە. کاندیدێک هەیە تا ئالیکاریت بکا. دەنگ بەم بدە»

« کابرال Cabral برازیلی دۆزیەوە»

لە ڕەوتی ڕاهێنانی ڕەخنەکاری بەرخۆدانم دژی هێزی جڵەوگری ئایدۆلۆژی، ئەو جۆرەکیە دیارانە دێنمە ئاراوە کە دەبنە چاوگی ژیری، دەراوی کردەکی وانەگوتنەوەم. لە لایەکی دی، ناچارەکی ئەم بەرخۆدانە ڕەخنەکارییە لەنێو مندا هەڵوێستی هەمیشەکات ڕووەو ئەوانی دی، ڕووەو دونیا واڵا دەکات، لە لایەکی دی، لە مندا ڕێبازبەندی بەدگومانی[462] دادەڕێژێت کە ڕێبەستم دەکا ببمە دڵنیای ڕەهای ڕاست بوون. بۆ ئەوەی خۆم لە دژی گرفتی ئایدۆلۆژی بپارێزم، نکارم و نابێت خۆم بەڕووی ئەوانی دی بەدوور بگرم وەیا خۆم لە کوێرەڕێیەک گاڵە بدەم کە تەنێ ڕاستی من ڕەوایە[463]. بە پێچەوانە، باشترین شێواز بۆ پاراستنی هۆشیاری و ئاگای توانستی دروست بیرکردنەوە، تیژکردنی دەرکم و، بە ڕێزەوە بژنەوم (وە هەروەها بە شێوازێکی جڵەوکراوانە) بریتییە لەوەی ڕێ بە خۆم بدەم بەڕووی جوداوازییەکاندا واڵا بم و وشکەباوەڕیەتی ڕیشاژۆ ڕەت بکەمەوە کە وەهام لێ دەکات فێری هیچ شتێکی نوو نەبم. لە کرۆکدا، نەرینی ڕاستبوونی کەسێک کە وەها جەخت ناکاتە سەر خۆی تاکە خودانی ڕاستی وەیا ئۆبژەی سستی ئایدۆلۆژی یا قسەڵۆک[464] بێت بریتییە لە هەڵوێستی واڵایی هەمیشەکات. واڵایی ڕووەو نەرین و بەرنەرینبوون، بەرگوماندان و بەرگومانبوون، بۆ کۆکبوون و ناکۆکبوون. ئەمە واڵاییە بەڕووی ژیان خۆی و هەورازونشێوییەکەی[465]. واڵایی بەڕووی ئەوانەی گازمان دەکەن و بۆ ئەو نیشانە فرەجۆر و زەوەندانەی سەرنجی مە بەخۆیان ڕادەکێشن، لە جریوەی مەلانەوە تا باران بارین یانژی ئەو بارانەی خەریکە لە ئاسمانی تارەوە داباریێت، بۆ نەرمەبزەی دەموچاوی بێگوناه و ڕووگرژی ناساز، بۆ سینەفرەوانی وەرگرتن و ئێشی جەستە لە ترس و

---

[461] ماڵییەتدەران = باجدەران، Tax payers

[462] بەدگومانی = Mistrust

[463] ڕەوا = Valid

[464] قسەڵۆک = Gossip

[465] هەورازونشێوی = Vicissitudes

ڕەتکردنەوە. ئەمە ئاوالّەیی هەمیشەکاتی منە بۆ ژیان کە بەتەواوی خۆم، بیری ڕەخنەکارم، هەستم، کونجکۆلّیم، ئارەزووم، هەموو ئەوەی ئەزم ڕادەستی دەکەم. بەو شێوەیە ئەم ڕێیە تەی دەکەم، بە زانینی ئەوەی فێر دەبم ببم بەوەی کێم بە خۆهەڤبەندکردنم بە دژبەری خۆم.
هەروەها چەندی پتر خۆم ڕادەستی ئەزموونی تێژین دەکەم لەو شتەی جوایەزە بێ ئەوەی بترسم و پێشداوەری بکەم، پتر دەگەم بە ناسینی ئەو خودەی چێوەی دەکەم و لە دەمی تەیکردنم لە ژیان دێتە چێوەبوون.

ئاوالّەیی بەڕووی دایەلۆگدا

لە هەڤبەندیم بە وانی دی، ئەوانەی لەوەیە هەمان سیاسەت، ئاکارەکی، جوانیناسی، وەیا هەمان بژاردەی پێداگۆگیی وەک منیان چێنەکردبێت، ناتوانم لەو گۆشەنیگایەی لەسەرمە دەستپێبکەم جا بە هەر نرخێک بێ جلّەوکێشیان بکەم وەیا لەو ترسەی ڕەنگە ئەمان من جلّەو بکەن. بە پێچەوانە، بنجی بەریەککەوتنمان دەبێت ڕێز لە جوداوازییەکانی نێوان ئێمە و سەلماندنی هاوتەریبی نێوان ئەوەی دەیلّێم و دەیکەم، بێت. ئەمە لە ئاوالّەیی بەڕووی دونیایە کە ئامانی نێوەوەی خۆم بنیات دەنێم کە پێشەمی ئەم ئاوالّەییەیە. بەبێ ئامانی شیانبەدەرە ئاوالانە بەڕووی دونیادا بژی، هەر وەک چۆن شیانبەدەرە ئەم ئامانییەت هەبێ بێ ئەوەی سەرکێشی والابوون بکەیت.
پێشتر چەندین جار ئەمەم گوتووە و پێم وایە گرینگە پاتەی بکەمەوە: وەکی مامۆستا، نابێ هیچ دەرفەتێک بە ڕێدانی فێرخوازەکانم تا ئەم ئامانییە بەدی بکەن لەدەست بدەم کە شەنوکەوی مژارێکی دیاریکراو یانژی فاکتێکی دیار دەکەم هەڤبەند، بۆ میناک بە بڕیاری حکوومی. ئامانی من پشت بەو گریمانە سەهووە نابەستێ کە من هەموو شتێک دەزانم یانژی ئەز «مەزنترینم». بە پێچەوانە، پشتئەستوور بەو ئاوەرەیە کە هەندێک شت هەیە دەیزانم و هەندێک شتیش هەیە نایزانم. بەم ئاوەرە پتر وەها پێدەچێت باشتر ئەوەی دەمێکە دەیزانم بزانم و باشتر ئەوەی تا نهوژی نایزانم فێری بم. ئامانی من لەو زانیارەدا ڕەگاژۆیە، کە ئەزموونەکی خۆی ئەوە دەچەسپێنی ئەز بێبڕانەوەم. لە لایەکی دی، ئەم زانیارە نەزانیم بۆ نمایان دەکا، بەلاّن لە لایەکی دی، ئەوەشم بۆ نمایان دەکا زۆر لەوە زێدەتر هەیە ڕەنگە بگەم بەوەی بیزانم. هەست بە ئامانی دەکەم چونکێ چ هۆیەک نییە تا شەرمەزار بم بەوەی ڕەنگە تشتێک هەبێت و نەیزانم. بە تێژینی ئاوالّەیی ڕووەو ئەوانی دی و کونجکۆلّی–سنووروالا[466] هەم ڕووەو ژیان خۆی هەم بەرۆکگیرییەکەی بۆ کاروباری فێرکارانە بنەڕەتییە. بە تێژینی ئاوالّەیی لەڕوو ڕووەو ئەوانی دی و، گاگاش وەختێک لەبارە، بیردانەوەی ڕەخنەکارانە سەبارەت بەم ئاوالّەییە دەبێت بنجی جەربەزەی ئەم فێرکردنە بێت. بنەمای ئاکارەکی، سیاسی و، پێداگۆگیی ئەم ئاوالّەییە بەبڕشتی بێهاوتا و جوانی بە دایالۆگ دەدا کە بەمەش بەرشیانی دەکات. ئەزموونی ئەم ئاوالّەییە وەکی ساتی دۆزەوەی بێبڕانەوەبەدەریمان ڕووەو زانیار و هۆشیاری ئەم بێبڕانەوەبەدەرییە پالّمان پێوە دەنێت. شیانبەدەرە خۆمان وەک بێبڕانەوە بزانین و خۆمان بەڕووی دونیا و ئەوانی دی لە گەڕانی ڕوونکردنەوە یانژی بەرسڤی پرسی دوولایەنە والا نەکەین.
گالّەدانی خۆمان بەڕووی دونیا و ئەوانی دی بەزاندنی دۆخی سروشتکردی ناکاملّییە. ئەو کەسەی بەڕووی دونیا وەیا ئەوانی دی ئاوالّەیە، هەڤبەندی دایالۆگکاری دەناسێنێ کە بێوچان، کونجکۆلّی و، بێبڕانەوەبەدەری وەک ساتی ڕێچارە دەگەلّ مێژووی بەردەوامی هەوێلّ چەسپێندراوە.
جارێک، لە فێرگەیەکی شارەوانی[467] São Paulo، لە ماوەی جەبیرەی چوار ڕۆژی دەگەلّ مامۆستایانی دە فێرگەی خۆجێ، کە مەبەست لێی دانانی پلانی چالاکییەکانی سالّ بوو، چوومە نێو پۆلێک کە نمایشی وێنەی دیمەنەکانی نێزیک

466 کونجکۆلّی-سنووروالا = Open-ended curiosity
467 شارەوانی = Municipal

فێرگە نیشاندرابوون. شەقامەکان قوڕاویی و پاکژ و جوان بوون. گۆشە دزێوەکان تژی لە دژواری و قەهر بوون. خەڵکەکە بە قورسی لەنێو قوڕەکە دەیانتوانی هەنگاو هەڵێنن، دەچەمانەوە و شەکەت دەبوون، بە ناڕوونی دەڕوانن ڕووخاون و چ سۆزێکیان نییە (بە نادیاری دیارە هیچ لە هەگبەیاندا نییە).

لە پشت منەوە دوو مامۆستا لەسەر ئەو شتەی ئەمان زۆر بەری کەوتوون دەدوان. یەکێکیان لەپڕ گوتی، «دە ساڵ لێرە وانەم گوتۆتەوە بەڵان چ لەمەڕ دۆرمادۆری[468] نووکەی فێرگە ئاگادار نیم. نووکە بە ڕوانین لەو فۆتۆگرافانە[23] و دیتنی ڕەوشی خۆجێی کە من تێیدا سەرگەرمی وانە گوتنەوەم، ئەوە دەراستێنم ئەو فێرکارییەی من فەراهەمی دەکەم دەبێت چەند خراو بێت لە کاتێکدا تەنانەت ئەو دۆخە جڤاک-جیۆگرافییەی ئەم فێرگەی تێدا هەڵکەوتووە نازانم!».

فێرکاریی مامۆستایان دەبێت مکوڕی ئەم جۆرە زانیارە ناچارەکییە بێت، ئەویش زانینی گرینگی ڕوونی ژینگەناسی[469]، جڤاک و، دۆخی ئابوورەکی ئەو شوێنەی مامۆستایان تێیدا دەژین و خەریکی وانە گوتنەوەن. لەم دۆخەدا تەنێ هەبوونی زانیاری بیردۆزەکی بەس نییە. هەروەها دەبێت زانیاری بەرهەستی داکەوتیش زیاد بکەین کە مامۆستایان کار دەکەن. لە ئاوەزی خۆمدا چ شکێکم نییە کە ئەو دۆخە مەتریاڵیانەی فێرخوازان تێیدا دەژین، دەستاوێژی هەم دەرککردنی ژینگەکەی خۆیان دەداتێ هەم توانستی فێربوون و ڕووبەڕووبوونەوەی بەرۆکگیریشیان دەداتێ. بەڵان، ئەز وەک مامۆستا، دەبێت خۆم بەڕووی دونیای ئەم فێرخوازانەی جەربەزەی پێداگۆگیی خۆمیان دەگەڵ پارڤە دەکەم، واڵا بکەم. دەبێت خۆم بە شێوازی بوونیان لە دونیا بەڵەد بکەم، گەر لە نێزیکەوە خۆم لێیان بەڵەد نەکەم ئەوجا بەلایەنی کەم دەبێت کەمتر پێیان نامۆ بم. وە ئەم کەمبوونەوەی مەودای نێوان نەیارەکی داکەوت کە فێرخوازەکانم تێیدا دەژین و غەوارەیی من بەوە تەنێ پرسێکی سادەی جیۆگرافی نییە. ئاواڵەیم بەڕووی دونیا کە نکووڵی ژیانی فێرخوازەکانمە بۆم دەبێتە ملەیەک تا خۆم بخەمە بەرەی ئەمان لە پاڵپشتیکردن لە مافی بوونیان. هەروەها بە ژینم لە گیتۆ ghetto نابێتە سەلمێنەی ئەوەی من لە بەرەی تەقەلای ئەمانم. تەنانەت ڕەنگە بشبێتە هۆی داهێزانی توانستی من تا بەڕاستی بۆ ئەمان کاریگەر بم.

کرۆکی بژاردەی ئاکار-ڕامیاریم بریتییە لەوەی کە بە ئاگاییانە ئەو بژاردەیەم بۆ دەستتێوەردان لە دونیا وەرگرتووە. ئەمە ئەو شتەیە Amilcar Cabral بە «خۆکوژی چین»[470] ناودێری دەکرد و ئەزیش لە *پێداگۆگیی چەوساوان* *Pedagogy of the Oppressed* ئاماژەم پێ کردووە وەکی هەڵبەستنەوەی دەمی ئیستەر Easter. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمن تەنێ مەودای نێوان خۆم و ئەوانەی بەدبەکاربراون بەو نادادییەی بەسەریاندا سەپێنراوە کەم دەکەمەوە، وەختێکیش، ئاوەریان پێ هێناون کە دونیای تژی لە دادپەروەری خەونە هەربۆیە شایەنی خەبتینە، ئەز بۆ گۆڕانی ڕیشەیی دەکۆشم لەو شێوازەی شتەکان زیادتر ساکارانە چاوەنۆڕی گەیشتنین چونکێ کەسێک گوتوویەتی ڕۆژێک دێت بگات.

مەودای نێوان خۆم و کولەمەرگی بەدبەکاربراون بە شێتی، گوتاری سێکتاریان کەم ناکەمەوە چونکێ هەر تەنێ ناکاریگەر[471] نییە بەڵکە هەوڵەکانی ڕاگەینم بە چەوساوان زێدەتر سەخت دەکات. لە هەڤبەندیم بە فێرخوازان، ئەو مەودایەی من لە ڕەوشی ناهەمواری ژیانی فێرخوازان هاوێر دەکات تا ئەو ڕادەیەی یارمەتیان دەدەم فێر بن، کەم دەکەمەوە. گرینگ نییە داخۆ ئەم فێربوونە دەبێتە میکانیکی وەیا نەشتەرکار[472]، بەڵکە فێربوونێکی ڕەخنەکار بێت کە گۆڕانکاری ڕاستینەی دونیا لە ئاوەزدایە، بەتایبەت گۆڕانکاری لە ساختاری نادادی. ئەوەی نابێت ببێت بە سادەیی بریتییە

---

[468] دۆرمادۆر = دەوروبەر؛ دەوروپشت؛ چواردەور؛ دەور Surrounding

[469] ژینگەناسی = Ecological

[470] خۆکوژی چین = Class suicide

[471] ناکاریگەر = بێتاو؛ نەزۆک؛ بێهوودە Ineffectual

[472] نەشتەرکار = Surgeon

لەوەی فێربوون ببێتە هەم ناکارا هەم چەقبەستوو ژی. ئەو زانیارەی دەبێتە بنجی «دەرباز»[473] داوای کەمکردنەوەی مەودای نێوان خۆم و داکەوتی بەدی بەدبەکاربراونی لێ دەکردم و ئەم زانیارە لە ڕەفتاری ئاکارەکیدا ڕەگاژۆیە و ڕێ بە بەدبەکاربردنی ژن و پیاوان لەلایەن ژن و پیاوانی دیکەوە نادات.
بەڵان زانیاری وەها بەس نییە. پێویستی بە شتێکی زیادترە. ئەمە دەبێت ببێتە شەوقوتاسە[474]. پەرۆشی شادی بێت.
وێڕای ئەمەش، پێویستە ببێتە پارێک لە لاشەی گشتی جۆرەکانی دی داکەوتی بەرهەست و هێزی ئایدۆلۆژی. پانتایی گشتی ڕاگەیشتن یەکسەر دیتە ئاوەزەوە. زانیاری چۆنەتیی هەڵدانەوەی ڕاستی شاراوە و چۆنەتیی ساناکردنی ئایدۆلۆژیای گەپچارەکان، ئەو تەپکە دڵکێشانەی بە سانایی پێیانەوە دەبین. زانیاری چۆنەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی بەرفرەوانی مێدیا، زمانی تەلەڤیزیۆن، کە ڕابردوو و ئێستا بۆ هەمان سات تێ دەبات، ئەوەمان بۆ نمایان دەکا ئەوەی تا نهوژی ڕووینەداوە دەمێکە ڕوویداوە. تەنانەت پتر لەمەش، هێزەکەی بۆ داڕشتنی مژاری فرەڕەنگ لە بولتەنی هەواڵەکانی بێ ئەوەی ڕێ بە کاتی ژێرپەڕ بۆ بیردانەوە لە کۆمەڵە بابەتی وەها بدات. لە هەواڵەکانی پێشبڕکێی شاجوانی برازیلەوە بە بومەلەرزەیەک لە چین China ڕاچڵەکین؛ لە سکاندالی ئیفلاسبوونی[475] بانکێکەوە بەهۆی نادڵسۆزی بانکەوانەکان، خێرا سەرنجمان بۆ تێکشکانی جەلووێک[476] لە زوریخ Zurich ڕاکێشراوە.
جیهان چەشنی گوندێکی لێ هاتووە. کات تیژڕۆ بووە. دوێنێ دەبێتە ئیرۆ. سبەینێ دەمێکە هاتووە. هەموو شتێک زۆر بەخێرایی دەکرێت. بە دیدی من، چەندی زووە هێز و تاوی مێدیا دەبێ وتوویژی جیددی لەسەر بکرێت. وەک فێرکارانی بیر-والا، نکارین تەلەڤیزیۆن ئافەرۆز بکەین. ئەوەی ڕاستی بێت، لەسەرمانە دەکاری بهێنین و لەسەروی هەموو ئەمەش دەبێت مشتومالّی ئەوەی داخۆ چ دەگوزەرێت، دەگوترێت و، پێشان دەدرێت، بکەین.
ناترسم لەوەی ساکار دەربکەوم بە پێشنیازی ئەوەی هێنانەکایەی پرسی تەلەڤیزیۆن بەبێ هێنانەکایەی پرسی ئاگایی ڕەخنەکارانە شیانبەدەرە. چونکێ هێنانەکایەی ئەم پرسە یا پرسی مێدیا لە دیوە گشتییەکەیدا بۆ هێنانەکایەی پرسی ڕاگەیشتن و کەماسی سرشتی[477] بێلایەنەتیە. ئەوەی ڕاستی بێت، هەموو ڕاگەیشتنێک بریتییە لە ڕاگەیشتنی شتێک یان ئەوەتا نێوتۆژە وەیا پاتەوپاتە یانژی بۆ دژی شتێک یا کەسێکە، تەنانەت وەختێک چ ژێدەرێکی ڕوون بۆ ئەمان نییە. لەم لایەنەوە، ئەوە بەدی دەکەین ئایدۆلۆژیا چۆن ڕۆڵی خۆی بە داپۆشین وەیا شێواندنی فاکت و دۆخەکان و دەمامککردنی سروشتی ئایدۆلۆژیی ڕاگەیشتن خۆی، دەگێڕێت.
بۆ میناک، گەر کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی بەهێز لەمەڕ مانگرتنی کرێکارانی پۆلا هەواڵمان پێ دەدات، بێ ئەملاولا باسی ناخی خواستەکانی میللەت دەکات. ئەمە لەڕادەبەدەر سادەیی ئێمە دەبێ ئەگەر وەها خەیاڵ بکەین کە ئەمە خۆی وا ڕادەگەیەنێ دەبێت لانی بەڕێوبەران بێت. ناتوانین خۆمان ڕادەستی تەلەڤیزیۆن بکەین تا هەرچییەک بێت پەسەندی بکەین. چەندی پتر لە بەردەمیدا دابنیشین (جگە لە ڕۆژە پشووەکان وەختێک تەنها دەمانەوێت بیکوژێنینەوە)، پتر سەرکێشی ئەوە دەکەین لەمەڕ ماکی ڕاستی فاکتەکان سەرەگێژە بین. ناتوانین لە پشت ئاگایی ڕەخنەکاریمان جێی بهێڵین. دەبێت هەمیشە لەژێر ڕکێفی خۆماندا بێت، بەتایبەت لە ساتە گرینگەکاندا. ئەو هێزەی دونیا بەڕێوە دەبات هێشتاش بەرژەوەندییەکی دی بەسەرمانەوە هەس. داوامان لێ دەکات هەمیشەکات وریا بین، دەگەڵ جۆرە ئاگاییەکی زانیارناسانەمان هەبێت.

---

[473] دەرباز = تێپەڕین Crossing over
[474] شەوقوتاسە = مەراق؛ ئارەزۆ Passion
[475] ئیفلاسبوون = مایەپووچبوون collapse
[476] جەلوو = قیتار؛ شەمەندەفەر؛ ترێن Train، بڕوانە: جەلیزادە، «زاراوەسازی پێوانە»، www.mamosta.net
[477] سرشت = Intrinsic

وە ئەم وریابوونەش سانا نییە. بەڵان ئەگەر بەرشیان نەبوو کاتبەدەرانە[478] زیتەڵ بین، کەوایە بەرشیانە هۆشیار بین کە تەلەڤیزیۆن نە ڕمووزنە[479] وە نە فریادڕەسیش[480]. ڕەنگە وەها باشتر بێت لە یەکەوە تا دە بژمێرین بەر لەوەی پلەبەندانە ڕابنوێنین، هەر وەکی C. Wright Mills کردی: «ئەمە ڕاستە؛ لە هەواڵەکانی کاتژمێر هەشت بیستم!».[24]

بەتەنگەوەبوونی فێرخوازان[481]

دەبێت چ هیوا و نیازێک لەسەر من وەکی مامۆستا هەڵچنرابێت گەر من تژی لەو جۆری زانینە نەبم کە داوام لێ دەکا بەڕووی بەتەنگ باشبوونی[482] فێرخوازەکانم و ئەزموونی فێرکارانەی ئەز تێیدا بەشدارم واڵا نەبم؟ ئاواڵەیی بەڕووی بەتەنگ باشبوونی فێرخوازان واتای ئەوە نییە بێ چەندوچۆن وەکی مامۆستا ناچارم بە یەک شێواز بەتەنگ هەموو فێرخوازەکانمەوە بم. ئەوەی مەبەستە ئەوەیە لە هەستەکانم ناترسێم و دەزانم چۆن چاپووکانە لە شێوازی لەبارانەو و سەلمێنەرانەدا گوزارە لە خۆم بکەم. هەروەها واتای ئەوەشە دەزانم چۆن دروستانە پاپەندیم بە فێرخوازەکانم لە بەستێنی تەرزی[483] تەکی تایبەتکاری مرۆییانە وەدی بهێنم. خۆی لە ڕاستیدا، وەها هەست دەکەم ناچارین بەسەر هاوێری سەهووی نێوان وانەگوتنەوەی بەبڕشت و دەربڕینی هەستدا زاڵ بین. ئەمە دەرەنجامێکی حەتمی نییە، بەتایبەتی لە گۆشەنیگای دیمۆکراتییەوە، لە هەڤبەندیم بە فێرخوازان لە ڕەوتی وانەگوتنەوەم پێیان چەندی توند، سارد، نەمرچ[484] و، ڕەنگبزرکاو بم، وەک مامۆستا باشتر دەبم. سۆزداری[485] ناچارانە دشمنی زانیاری وەیا پێڤاژۆی زانین نییە. هەرچۆنێک بێت، هەستەکانم لە بەجێگەیاندنی کاری مامۆستا یا ڕاهێنانی سالارەتیم نابێ ببنە تەگەرە. ناتوانم کاری فێرخوازێک هەڵبسەنگێنم لەسەر بنەمای ئەوەی داخۆ هەستێکی باشم بە دیاریکراوی بۆ ئەو فێرخوازە هەیە یان نا.

ئاواڵەییم بەڕووی بەتەنگ باشبوونی فێرخوازەکانم دەبێ هاوشانی ئاواڵەییم بەڕووی هەم ژیان خۆی هەم شادی ژیان ژی بێت. شادی، لە لایەک، کە پارسەنگ کراوە و کاتێک بەتەواوی پێکەڵ کراوە ڕێم نادات خۆم بارگۆزی نێو ڕووخۆشی و بەڕێزی یانژی، لە لایەکی دی، بۆ نێو هەڵچوون و داوەریکردنی نائاسایی بکەم. فێرکردن لە فێربووندا هاوێربەدەرە و ماکی ئەزموونی شادیهێنە. هەروەها سەهووە جیددیەت و شادی وەها جەخت بکرێنەوە ببنە دژکار، گەر وەک ئەوەی شادی دشمنی ڕێبازدۆزەکی وردپێوانە بێت. بە پێچەوانە، چەندی پتر لە گومانکار و کردەی فێرکردنمدا دەبمە ڕێبازدۆزەکی وردپێو، لە بەرانبەردا شادتر و هیوادارتر دەبم. شادی تەنێ لە ساتی دۆزینەوەی ئەوەی هەڵوەدای بووین پێی ناگەین. بەڵکە لە گەڕانی خۆشیدا پێی دەگەین. وە فێربوون و فێرکردن بەبێ گەڕان، جوانی و، شادی بەرشیان نین. بێڕێزی بە فێرکاریی، فێرخواز و، مامۆستایان هەستیاری و ئاواڵەییمان بەڕووی بەتەنگ باشبوونی کاروباری فێرکارانە دەڕمێنێ. هەروەها شادی نێو ڕاهێنانی کردەکی فێرکردنیشمان دەڕمێنێت. جێی سەرنجە ئەزموونی پێداگۆگیی تا چەند دکارێ تامی بەتەنگەوەبوون و شادی لە مەدا بەئاگا بهێنێ، دنەی بدات و، بێتە فراژووتن، دەنا بەبێ ئەمە کردەکی فێرکارانە چ مانایەکی نییە.

---

[478] کاتبەدەر = Eternal

[479] ڕمووزن = دێوەزمە Demon

[480] فریادڕەس = Savior

[481] بەتەنگەوەبوونی فێرخوازان = Caring for the students

[482] باشبوون = Well-being

[483] تەرز = بار Mode

[484] نەمرچ = مڕومۆچ distant

[485] سۆزداری = Affectivity

تشتێکی ڕازئامێز هەیە، ئەویش بە «پیشەم» ناودێر کراوە، ئەوە ڕوون دەکاتەوە بۆ زۆرێک لە مامۆستایان هێند پەرۆشانە بەردەوامن سەرەڕای ئەو مووچە کەمەی وەریدەگرن. هەر تەنێ بەردەوام نابن، بگرە چەندی بتوانن بەهرەمەندانە پابەندی خۆیان بەجێ دێنن. وە بە خۆشەویستییەوە کاری خۆیان دەیکەن.

بەڵان دەمەوێت جەخت لەوەش بکەمەوە تەنانەت پابەندی خۆشەویستانە بە ئەرکی یەکێک، بۆ خەباتی سیاسی پاڵپشت بە مافەکانی یەکێکی وەک مامۆستا، شکۆی پیشەکەی و، بەتەنگەوەبوونی شیاو بە فێرخوازان و پانتایی فێرکردن کە هەرتک مامۆستا و فێرخواز پارڤەی دەکەن، دەست نادات.

هەمیشە گوتوومە، ناچارەکییە هەمدیس پێداگری بکەین کە کاروباری فێرکارانە بە هەست و شادی ئەنجامدراوە جیددی، فێرکاریی زانستیانە و ئاگایی سیاسی نیگاڕوونی[486] لانی مامۆستایان دەرهامێز ناکات. کاروباری فێرکارانە بریتییە لەمانە: سۆزداری، شادی، جیددیەتی زانستیانە، لێزانی تەکنیککاری لە خزمەتی گۆڕانکاری و، جەخار، هێشتنەوەی ئەمری واقیع! ئەمە بە تەواوی ئەو نەبزۆکییە، ئایدۆلۆژیا نیولیبراڵەیە کە پێشنیازی وەکی «مێژوو دەمرێنێت» دەکا، کە سبەینێ بۆ ئیرۆ بەرەواژ دەکات بە پێداگرتنی ئەوەی هەموو شتێک لەژێر کۆنترۆڵە، هەموو شتێک دەمێکە ئەنجامدراوە و سەرنجدراوە داخۆ بێهیوای، ئادگاری قەدەرایەتی دەژەیۆتۆپیای ئەم ئایدۆلۆژیایە لەکوێدایە، کە پێشنیازی جۆرە تەکنیککارییەکی پەتی فێرکاریی دەکات کە مامۆستایەک تەنێ بە ئارەزۆی گۆڕنکاری لە دونیا خۆی هاوێر ناکات بەڵکە بە قەبوڵکردنی بەو جۆرەی کە هەیە. مامۆستای وەها توانستێکی کەمی بۆ فێرکاریی ڕەخنەکارانە هەیە بەڵان لەڕادەبەدەر توانستی بۆ «ڕاهێنان»، بارگۆزی نێوەڕۆک هەیە. لە «چۆنەتیی-زانین» وەستایە. ئەو جۆرە زانیارەی ئەم «مامۆستا پراگماتیکە» بۆ کارەکەی پێویستیەتی ئەو جۆرە نییە کە لەم کتێبەدا باسم کردووە. من بۆم نییە سەبارەت بە بەهای ئەو جۆرە زانیارە بڕیار بدەم، بەڵان ئەوە ئەرکی سەرشانی منە سەرکۆنەی ئادگاری دژەمرۆیی[487] ئەم نیولیبراڵە پراگماتیزمە بکەم.

مامۆستای بیر-وەڵا پێویستە جۆرێکی دی زانیار بچێنێت و لە ئاکامەکانی هۆشیار بێت: ئەو زانیارەی جەخت لە ماکی هونەری فێرکردنی تایبەتکاری مرۆڤ دەکات. پێشتر دیتمان کە پایەی جەربەزەی فێرکارانە بەتەواوی بریتییە لە ماکی بێبڕانەوەی ئامادەگی مێژووکردانەی مە لە دونیا و ئاگاییمان لەو بێبڕانەوەبەدەرییە. مامۆستای بیر-والا ناتوانێت هەر چ شتێکی پەیوەست بە مرۆڤ بێت ئافەرۆزی بکات. جا توانستی یەکێک بۆ کامڵبوونی جەستەیی یا ڕەوشت، گەشەندی بیرمەندی، زاڵبوون بەسەر بەربەستەکاندا، بۆ ئارایشتکردن و پەرەپێدانی دونیا هەروەها بۆ کرێتکردنی ژی، بە ئایدۆلۆژییە زاڵەکان بێنە چەوساندن، یانژی بۆ کۆشانی ئازادی بۆ هەموو شتێک، ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمە دەبێت دەگەڵ ڕەوتی ڕووەو بوونە بەنی ئادەمی بێت لە دونیا. وە هەروەها گرینگ نییە داخوا مامۆستا دەگەڵ چ گرووپێکی تەمەندا کار دەکات. کاری مە دەگەڵ خەڵکە، جا ئەمان سادە، لاو یا هەرزەکار بن. خەڵک وەکی ئەوانەی لەسەر ڕێی گەڕانی هەمیشەکاتدان. خەڵکی نێو شێوڕێژبوون، گۆڕانکاری، گەشەکردن، ئاڕاستەکردنی ژیانیان، باشتر بن، لەبەر ئەوەی ئەوان مرۆڤن، دەرووەستی نایاندنی بەها بنجییەکان، شێواندنی ژیان، بەرەوپاش گەڕانەوە، تێپەڕاندن بکەن. لەبەر ئەوەی پیشەی من نە باڵادەست نە فرووەدستی ئەوانی دی نییە، هەربۆیە داوای باڵاترین ئاستی ئاکاری بەرپرسایەتیم لێ دەکات، کە ئەرکی تەیاربوونی پیشەوەرانەم لە هەموو ڕووکارێکی پیشەکەم لەخۆ دەگرێت. پیشەیەک کە مامەڵەت دەگەڵ ئەو کەسانە دەکا کە هەندێکجار خەون و هیواکانیان بێزاتن و هەندێ جاری دیش بەزاتن و ئەو کەسانە دەبێت فرە ڕێزیان لێ بگرم چونکێ خەون و هیوای ئەمان بە یەکبینی لەلایەن ئایدۆلۆژیای ئەوانەی ئارمانجیان ڕماندنی ڕەسەنایەتی خەون و یۆتۆپیای مرۆڤایەتییە قەسف/بۆمباران کراوە.

---

[486] نیگاڕوون = Clear-sight

[487] دژەمرۆیی = Antihumanist

ئەگەر بۆم نەبێت بە سادەیی هانەی خەونە شیانبەدەرەکان بدەم، کەوایە بۆشم نییە نکووڵی لە مافی خەونبینی یەکێک بە خەون بدەم. ئەمن مامەڵەت دەگەڵ مرۆڤدا دەکەم نەک تشت. وە لەبەر ئەوەی مامەڵەت دەگەڵ خەڵکیدا دەکەم، ناتوانم سەرنجی خۆشەویستانە و ناخیدڵم ڕەت بکەمەوە، تەنانەت لە باسە کەسەکیەکانیشدا، کە ئەوە بەدی دەکەم فێرخوازێک پێویستی بە سەرنجدانی وەهایە. وە پێدانی ئەم سەرنجە بنەڕەتییە، تەنانەت زۆر ساکارتر و شادیهێنەرترە بۆ ڕێدانی لە بیردانەوەی بیردۆزانە و ڕەخنەکاری لەمەڕ بابەتی فێرکردن و فێربوون. بێگومان، ئەمە پرسی بە سادەگرتنی کاتی فێرکردن نییە. وە ئەو فاکتەی ئەز ڕەنگە چارەسەرکار[488] وەیا ڕێنماییکاری جڤاکی[489] نەبم و ئەمانە بێنوم نادەنێ ئەو تلانەوە یا دڵەڕاوکێیەی فێرخوازێکم پێیدا تێدەپەڕێت ئافەرۆز بکەم. هەرچۆنێک بێت، ناتوانم ئاکارانە وەیا پیشەوەرانە وا دانێم چارەسەرکارم تەنانەت گەر بەپێی مرۆڤایەتی و توانستم بۆ هاوسۆزی[490] و هاودەنگی کە بێئەنداز مرۆڤکارانەیە لەخۆیدا سارێژکارییە.

هەر لە هەرەتی لاویمەوە ئەو ئاوەرم هەبووە. هەر لەبەر ئەمە، هەردەم ماڵێم بە مەبەستی دیتنی فێرخوازان جێ هێشتووە ئەوانەی جەربەزەی فێرکارانەیان دەگەڵدا پارڤە دەکەم. بۆ من ئەو جەربەزەییە هەردەم شتێکە بەقووڵی بە خەڵکییەوە گرێدراوە. ئەو کەسانەی هێشتاش بێبڕانەوە، پرستیژ، هۆشمەند و، بەرزانینن. بتوانن ڕەفتارێکی ئاکارەکی بشکێنن لەبەر ئەوەی ئەمانە مرۆڤانە دەشتوانن بێئاکار بن. هەربۆیە هەرگیز کردەکی فێرکارییم ئایدیاڵ نەکردووە تایبەت بە وەلییان بێت، بەڵکە هەردەم ئاوەری تەواویم بە کۆشانی دژی ئەو بنەچەک[491] و پێشداوەریانە کردووە کە ئێمە ڕێبەست دەکەن لەوەی شتێکی پتر لەوەی لە هەر ساتێکدا هەین، هەبین. بەڕاشکاوی، ئەوەی یارمەتیدام ئەو دڵنیاییەتیەم هەبێ تێگەیشتنێک بوو کە ڕۆڵی خۆیەکی و توانستەکەی بۆ بەراوردکاری، شرۆڤە، هەڵسەنگاندن، بڕیاردان و، تێپەڕاندنی ڕابردوو، هەموو ئەوانەشی وا لە مێژوو دەکەن هەرتک ئاکارەکی و سیاسی بێت، ڕەپێش دەخات.

ئەمە دەرککردنی ژن و پیاوانە وەکی خەڵکی «بەرنامەکراو» بۆ فێربوون و فێرکردن، زانین و، دەستتێوەردان کە وەهام لێ دەکات لە کردەکی فێرکارانە بگەم وەکی ڕاهێنانی هەمیشەکاتی پشتیوان لە بەرهەمهێنانی بیری بیرمەندانە و فراژووتنی سەرخۆبوونی هەرتک مامۆستا و فێرخوازان. وەک مرۆڤێکی تەواو ئازموودە، هەرگیز بۆم نییە وەک شتێکی سارد، هۆشەکی، تەکنیکی و بێگیان مامەڵەت دەگەڵ فێرکارییدا بکەم، کە هەست، هەستیاری، ئارەزوو و، خەون چ جێیەکیان نەبێت، هەر وەکی ئەوەی لەلایەن هەندێک دیکتاتۆری کۆنەپەرستەوە کپکراون. ویڕای ئەمەش، ببڕای ببڕ کردەکی فێرکارانەم وەک ئەزموونێک نەدیووە کە بشێ وەک برەودار جەخت بکرێتەوە گەر کەماسی لە بێگەردی و ڕشتەی بیرمەندیدا هەبێت.

بەهەرحاڵ ئاوەرم هێناوە کە بێگەردی، ڕشتەی ڕژدی بیرمەندی و، ڕاهێنانی کونجکۆڵی زانیارناس ناچارانە وەهام لێ ناکەن کەسێکی خۆشنەویستراو، لووتبەرز، وەیا تژی لە خۆم بم. ئەمە بخە لایەک، وەختێک باس لە بێگەردی زانست دەکەم، وەها ناکەم چونکێ ناچارانە لووتبەرزم، هەربۆیە هەندێکجار لووتبەرزی بۆ کارامەیی ڕەنگە سەهوو بێت، تەنانەت گەر توانا بەسەختی بشێ بە هۆکاری لووتبەرزی جەخت بکرێتەوە. هێشتاش نکووڵی لەوە ناکەم خەڵکی لووتبەرزی دیار ڕەنگە فرە بەتوان بن. گریانوزاریمە لەبەر ئەو فاکتەی ئەمان کەماسیان لە خاکەڕایی هەیە، گەر خاکەڕا بان، تەنێ یارمەتی فرەواندنی زانیاری ئەمان نادات، بەڵکە وەهایان لێ دەکات باشتر بن و لە لای خەڵکی پتر لەڕوو بن.

«...»

---

[488] چارەسەرکار = سارێژکار، Therapist

[489] ڕێنماییکاری جڤاکی = Social worker

[490] هاوسۆزی = Empathy

[491] بنەچەک = Derivation

Chapter One

[1] Regina L. Garcia and Victor V. Valla, "The Voice of the Excludeds" in Cadernos Cede, 38.

Chapter Two

[2] François Jacob, "Nous sommes programmes, mais pour apprendre," Le Courrier UNESCO (February 1991).
[3] Paulo Freire, À Sombra desta Mangueira (São Paulo: Olho d'água, 1995).
[4] Paulo Freire, Pedagogia do Oprimido (Rio de Janeiro: Paz e Terra, 1975).
[5] For this purpose, see Vieira Pinto Álvaro, Ciência e Existência (Rio de Janeiro: Paz e Terra, 1969).
[6] One talks too much, with insistence, of the researcher teacher. In my opinion, research is not a quality in a teacher nor a way of teaching or acting that can be added to the one of simply teaching. To question, to search, and to research are parts of the nature of teaching practice. What is necessary is that, in their ongoing education, teachers consider themselves researchers because they are teachers.
[7] For this purpose, see Neil Postman, Technology: The Surrender of Culture to Technology (New York: Alfred A. Knopf, 1992).
[8] See Paulo Freire, Cartas à Cristina (Rio de Janeiro: Paz e Terra, 1995), Décima Sexta Carta, p. 207.
[9] Paulo Freire, Pedagogia da Esperança (Rio de Janeiro: Paz e Terra, 1994).
[10] Paulo Freire, Education in the City (São Paulo: Cortez Editora, 1991).
[11] This is a fundamental preocupation of Prof. Miguel Arroio and his team in Belo Horizonte, where they have reinvented the school in a way that should serve as a model for the rest of the country. But none of the media seem interested in making known this experience or similar experiences in Uberaba, Porto Alegre, Recife, and so many other places throughout Brazil. It's a great pity that such creative practices promoted by people willing to take risks, whether in private or public schools, are so marginalized when they could be the subject of a television program of considerable impact.

Chapter Three

[12] See Freire, Pedagogia da Esperança, and Freire, A Sombra desta Mangueira.
[13] Jacob, "Nous sommes programmés."
[14] See Freire, Cartas à Cristina.
[15] See Paulo Freire, "Cartas a quem ousa ensinar" (Letters to whom dare teaching) in Professora Sim, Tia, Não (Teacher yes, aunt, no) (São Paulo: Olho d'agua, 1995).
[16] I insist on the reading of Professora Sim, Tia, Não.
[17] See Paulo Freire, Teachers as Cultural Workers: Letters to Those Who Dare Teach (translation of Professora Sim, Tia, Não) (Boulder, Colo.: Westview Press, 1997).
[18] See Freire, Pedagogia do Oprimido, and Freire, Pedagogia da Esperança.

Chapter Four

[19] See Freire, Pedagogia da Esperança.
[20] See Freire, Pedagogia do Oprimido.
[21] See Freire, Pedagogia da Esperança, Cartas à Cristina, and Pedagogia do Oprimido.

[22] Joseph Moermann, "La globalization de l'economie provoquera-t-elle un mai 68 mondial?: La marmite mondiale sous pression," Le Courier 8 (August 1996), Swiss edition.
[23] The photos that were on display were taken by a team of teachers of the area.
[24] C. Wright Mills, The Power Elite (A elite do poder) (New York: Oxford University Press, 1956).

«...»